چاودێر

THE OBSERVER Aweekly Political, Educational & Social Press

رۆژنامەیەکی سیاسی روناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانەیە

ژمارە (١٠) دوو شەممە – ٢٠٠٤/١٢/١٣

بڕیارێکی کۆنی بەعس بۆ ئەفسەرە کۆنەکان دەسەپێندرێ !

بەعس، پێش ئەوەی بڕوخێندرێ، بڕیارێکی دەرکردبوو کە ئەرزە بیەخشێتە زۆربەی ئەفسەرو پلە جیاوازەکانی سوپای عێراق. ئەم بڕیارە، لەگەڵ روخاندنی رژێم راگیرا. لەم ماوەیەدا، پارێزگاری دیالە، بۆ ئەوەی خۆی لەناو پاشمارەی پەرشو بڵاوی سوپای عێراق، بەتایبەتی لەپارێزگای دیالەدا خۆشناو بکا، هەوڵێکی زۆری داوە ئەو بڕیارە زیندوو بکاتەوە. وەزارەتی بەرگری عێراق بڕیارەکەیان داوە بەوەزارەتی دادی عێراقو ئەم وەزارەتەش، شەرعیەتی بڕیارەکەی پەسەند کردووە.

بەزووترین کات پارێزگاری دیالە، پێش پارێزگاکانی دیکەی کەوتۆتە جێبەجێ کردنیشی.

ئەفسەرەکان نوێنەریان ناردۆتە سەر قایمقامیەتی خانەقین، هەتا لەناحیەی (سعدیە)دا بڕیاری وەزارەتی دادی عێراق جێبەجێ بکا، قایمقامیەتیش، کەدڵنیابووە لەبڕیاری وەزارەتەکانی دادو بەرگری، ناچاربووە بیسەلمێنێ. بەڵام قایمقامیەتی خانەقین مەرجێکی گرنگی داناوە بۆیان، ئەویش ئەوەیە: یەکەم ئەفسەری ئەعریب نەبێ، دووەم: بەهۆی ئەرزە وەرگرتنەکەوە ئەعریبی تازە نەهێنرێنەوە شارەکە، بەڵکو دەبێ ئەرزەکان دوای وەرگرتنیا بیانفرۆشن.

ئێران و سوریا..

دەستێوەردانی مەترسیدار لە عێراقدا

دەستێوەردان و تەقاندنەوەی کێشەکان

لەم هەفتەیەدا، لێدوانی جیاوازی کاربەدەستە هەرەگەورەکانی عێراق، بەشێکی جەختکردن بوو لەسەر دەستێوەردانی ئیقلیمی، ئێران و سوریاش لەم دەستێوەردانە تاوانبارکراوون. ئەمەش، دەرخستنی، دیوی هەتائێستا شاردراوی، گەورەترین کێشەی ناو عێراقە، کە ئەویش، کێشەی تیرۆرو، دەسیسەی تیرۆریستان، و خوڵقاندنی نائارامییەکی ترسناکە، لەم وڵاتەدا، کە قوربانییەکانی ئەم دەستێوەردانە، هەزاران هاووڵاتی و پۆلیس و هێزەکانی هاوپەیمانانە. ئەمە جگەلەو زیانە ئابوری و مادییەی کە لەژماردن نایەت.

دەستێوەردان.. تاوانی دەوڵەتی و تیرۆری دەوڵەتی و پێشێلکارییەکی سەرسەختی یاسای نێونەتەوەیی و نیشتمانیشە. بۆیە، بەهەمووشێوەو رێگایەک، حکومەتی عێراق هەقی خۆیەتی دەوڵەتی دەستێوەردەر، مەحکوم بکا. داوای لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی و سزادانی تاوانبارانیش بکا. سەرەنجامیش، داوای قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو زیانانەش بکا. کە ناکامی دەستێوەردان، پێش روخاندنی رژێمی عێراق و پاش ئەوەش، لەعێراق و کوردستان و خەڵکەکەی کەوتون.

مەترسیی هەرەگەورەی ئەم جۆرە دەستێوەردانە، تەنها لەوەدا نییە کە زیانی مادی و قوربانی زۆری لێدەکەوێتەوە. بەڵکو مەترسی هەرەگەورە لەوەدایە کە ئەو لایەنانەی نەخشەی دەستێوەردان دەکێشن، لەرێگەی سێ بەشی گرنگی پێکهاتەی عێراق و کوردستان، ئەو نەخشانە جێبەجێدەکەن: هێزە ئیسلامییەکان، هێزە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، بەشێکی هێزە ئیسلامگەراکانی کوردیش، لەناو کوردو ئیسلامییەکاندا بەشێکی بەرچاوی سونیگەراکان، کە خەتەرناکترین دەستکێشی دەستێوەردەرانن. ئەم جۆرە ئەخانەش، کە کار لەناو پێکهاتەی بنچینەیی دەوڵەتێک دەکا، کە دەیەوێ دەوڵەتێکی فیدراڵی سەقامگیر دروست بکاتەوە، نەخشەی زۆر کاریگەرن. چونکە، جێنیەوەی سەرلەنوێی ریس وڵاتەکە، ئەگەر تێکوپێک ئەدا، وای دەهاڵۆزێنێ، بەئاسایی ئەتوانێ زۆرینەی پێکهاتەی وڵاتەکە بخاتە ناو پرۆسەی دیموکراسی و دامەزراندنەوەی دەزگاکان و نوسینی دەستوری ئەگۆڕ، لەرێگەی راپرسی گشتیەوە. دەستێوەردان لەرێگەی جۆرەها دەسیسەی تیرۆرەوە، لەناو لایەنەکانی پێکهاتەی عێراق و کوردستاندا، مەترسی هەرەگەورەی لێرەدایە، کاتێک پێکهاتەکانی عێراق و کوردستان تێک بەربن، ئیتر چۆن عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵ پێکدێتەوە؟بۆیە دەستێوەردان، کە ئاراستەیەکی ناوای خەتەرناک لەرێگەی تیرۆرەوە دەگرتەبەرو دەیانەوێ شەڕی ئەهلی نێوان عەرەب و کوردو تورکمان و مەزهەبەکان دروست بکەن و دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵ دانەمەزرێتەوە، بێگومان لەم حاڵەتەدا، کوردستان دوورەپەرێز نامێنێ لەشەڕی ئەهلی و تێکوپێک چوون. بەڵکو بەو ئاراستەیەدا ئەگەر شەڕی ئەهلی بقەومێ، مەترسییەکی گەورەتر دێتە ئاراوە کەئەویش ئەوەیە، دەستێوەردان لەنەخشەی نهێنییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەخشەی ئاشکرا، ئەوکاتە، کوردستان دەبێتە مەیدانی سەرەکی عەسکەری شەڕوشۆڕ. ئەم راستییە کاتێ باشتر بەرجەستەدەبێ، ئەگەر پێشوەخت بزانرێ کە لەسیاسەتی هاوپەیمانانا، بەرنامەو بڕیارێکی ئەوتۆ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەبێ، کە بڕیارێکی وا لەئارادا نەبێ و دەستێوەردەرانیش گەر بتوانن پرۆسەی دیموکراتی فیدراڵ هەڵبدێرن، دەوڵەتانی ئیقلیمیش لەسەر تێکدانی دامەزراندنەوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵ، هاونەخشە دابەزانە مەیدانەکەوە، ئیدی ئاژاوەیەکی بێسەروبەری ئەوتۆ دەخوڵقێ، نەبێتەوە. باشترین چارەسەریش ئەوەیە، لەرێگەی عێراقەوە، چارەسەرێکی نێونەتەوەیی بۆ دەستێوەردانی ئیقلیمی بدۆزرێتەوە، کوردیش بەگەرمی لەگەڵ ئەم چارەسەرەدا بێ. دەنا، نەخشەکان بێدەچێ زۆریان بەبەرەوە مابێ !!

بزووتنەوەی ئیسلامی، کۆنگرەی قەیران

تایبەت/ چاودێر

بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان/ عێراق (باسک) لەناو گێژاوی قەیرانێکی سیاسی و متمانەی بەرپرسەکانی بەبزووتنەوە، لەپەراوێزی رووداوە سیاسییەکاندا، خۆیان دەخۆنەوە. بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانە، بڕیاریان داوە هەشتەمین کۆنگرە لەم مانگەدا لەگەرەکی ئاشتی سلێمانی (لەناو بارەگای مەڵبەندەکەیان) ببەستن. بۆئەوەی بشتوانن دیمەنێکی باش لەم کۆنگرەیەدا ببەخشنە بزووتنەوە، پەیوەندییەکی فراوانیان بەکۆنە کادرو ئەندامانیان کردووە، بەڵام زۆر کەمیان بەدەنگیانەوە چوون.

بزووتنەوە.. بیروبۆچوونی جیاوازو ریفۆرمخوازو کێشەی قوڵ قوڵیان هەیە. رابەری بزووتنەوە (مەلا عەلی عەبدولعەزیز) کاریگەری کەم بۆتەوە. گرەکانی لەبەرچاو بەشێکی زۆری کادرانی بزووتنەوە کەوتون. بۆیە، وا چاوەروان دەکرێ کۆنگرەکە تەنها روالەتێک بێت بۆ ئەوەی لەمەیدانی سیاسەتدا بایەخێکی باشتر بەبزووتنەوەو لەناو بزووتنەوەشدا، بەرابەرەکەیان بدرێت.

کۆمەڵی ئیسلامی؛ هەڵبژاردن و نائومێدی وکۆنگرە و دەستووری ئیسلامی

تایبەت/ چاودێر

کۆمەڵی ئیسلامی لەکوردستان/ عێراق (کۆمەڵ) نائومێد بوون لەئازادبوونی میری کۆمەڵ (عەلی باپیر) بۆیە، ناکۆکی و کێشەی ناو کۆمەڵەی زیاتر بووە. هیچ سەرکردەیەکی تریش نەیتوانیوە دوای میرەکەیان، کاریگەر بێ. ئەمەش مەیدانی چۆڵکردووە کەباڵی (راپەرینی ئیسلامی) گەرمتر بکەوێتەکار بۆ کۆنگرە بەستن و میرێکی تازەو پەیرەوو پرۆگرامێکی نوێ دیاری بکەن.

کۆمەڵە.. دەنگو باسیان وا دەکەیەنێ کەوا، ئەوپەری هەوڵ دەدەن خۆیان وەکو هێزێکی سیاسی، مەدەنیبنوێنن. رێنماییان ئەوەیە ئەندامو کادرەکانیان دوور بکەونەوە لە (پشتیوانانی سونەو قاعدە الجهاد فی وادی الرافدین) دوای ئەوەی لەناو لیستی هێزە کوردستانیەکاندا قبوڵ نەکراون، لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنیان داناوەو بەگەرمی خەریکن بۆ بەشداری کردن، بەتەماشن لیستێکی ئیسلامی کەڵاڵە بکەن و سەریشی بخەن. پێیشیان وایە ئەگەر لەهەڵبژاردنەکاندا ئیسلامییەکان سەر بکەون، عێراق دەبێتە خاوەنی دەستووری ئیسلامی و ئیسلام لەسەرانسەری عێراقدا دەچەسپێ. ئەمانیش دۆخیان باشتر دەبێ.

P.K.K سنووری ئێرانی پاراستووە!

تایبەت/ چاودێر

P.K.K، جگەلە کێشەی جۆراوجۆری ناریانو درێژەدان بەدادگایی کردنی بێ رەحمانەی ئەوانەی لێیان جیابوونەتەوە، یان نارازیین لەناویانداو پاکسازییان دەکەن. جگەلەمە، گەورەترین کێشەیان لەماوێندا ئەوە بوو کەئەو باڵەی بەناوی (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان/ ئێران) دروستیان کردبوو، هاوینی ئەمساڵ چەند چالاکییەکی سەربازییان دژی ئێران ئەنجامدا، ئەمەش ئێرانی نیگەران کردو فشاری خستەسەر P.K.K، ناچار P.K.K ش ئەو حیزبە سەربزێوەی گێراوەتەوە ناو قەندیل و خستونیەتەوە ناو حیزبەکەی و هێزی چەکداری خۆی. بەمەش، سیناریۆی دروستکردنی حیزبی سەربەخۆ، لەرۆژهەڵاتی کوردستان دووچاری بێ بەست هاتووە. هەمووشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە P.K.K سەرەنجامی شکستی ستراتیژەکەی، دووچاری قەیرانی گەورە گەورە هاتووەو چارەسەرەکانیشی کاتین، نەک ریشەیی. زۆربەی چارەسەرەکانیشیان عەسکەرین، لایەنی کەمی لەسەر دیموکراتی و ئازادی لەمامەڵەی ناو ریزەکانیان، رەچاو ناکەن. بچوکترین رەخنەی کادرەکانیان، دەکەونەبەر ئەفرەتو تورە بوونی پاکسازیو گرتن و ئەشکەنجە. ئەمەش، ناکامی سروشتی هەموو حیزبێکی توتالیتارییە. لەسەر حوکم بێت یان لەسەنگەری بەرەنگاری.

ئەم حیزبە پێویستی بەپیاچوونەوەی ئازایانەی سەراپای ئایدۆلۆژیەتو پێکهاتەو ئەقلیەت هەیە. ئەگینا کێشەی قوڵتریان دووچار دەبێ.

تەقینەوەیەک لەهەولێر

تیرۆریستان لەپیلانگێڕانی شێواندنی ئارامی هەرێمی کوردستان ناوەستن، بەیانی دوێنێ ٢٠٠٤/١٢/١٢ ئوتومبیلێکی مینڕێژکراو لەسەر شەقامی سەد مەتریو لەنزیک قوتابخانەی ئال سەرەتایی بەمەبەستی کوشتن و بریندارکردنی سەدان منداڵی بێتاوان، تەقیەوە، (چاودێر) لە سەرچاوەیەکی مەڵبەندی رێکخستنی (ی.ن.ک)ەوە زانیویەتی: ئوتومبیلە تەقێنراوەکە بەرازیلیەکی ژمارە ئەینەوا بووە، جگە لەزەرەرو زیانی ماددی بەو ناوچەیەی تەقینەوەکەی تیاروویدا، هیچ زیانێکی گیانی لەکارەساتەکە نەکەوتۆتەوە.

چاودێران پێیان وایە ئاتەوەی پشێوی و نائارامی لە کوردستاندا شتێکی تازەنیە، بەڵکو هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی تونددو تیژیەکان لەعێراقدا، هەوڵی بەردەوام بۆ تێکدانی ئاسایشی کوردستان هەبووە.. تەقینەوەکە گرنگیەکی سیاسی گەورەی نیە، بەڵکو لەبەرامبەر هەوڵی کورد بۆ سازدانی هەڵبژاردنەکان لەرادەی خۆیداو کاریگەری بەکرێزی کورد لەپرۆسەی هەڵبژاردنی عێراقدا، تیرۆریستانی هاتر کردووە، بەتایبەتی دوای تێکشانیان لەفەلوجە.

دەستێوەردانی ئیقلیمی و ئەگەرەکانی لەمەودوا

(١)

دەوڵەتانی ئیقلیمی، لەهەموو ئیقلیمەکانی جیهاندا، پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان هەیە. روداوی هەریەکەیان کار لەوی دیکەیان دەکا، باش یان خراپ. لەقاچاخچیتییەوە هەتا مەسەلە سیاسییە ستراتیژییەکان، ئەو پەیوەندییانە، لەناو دەوڵەتانی ئیقلیمدا، لەهەموو جیهاندا، لەکاریگەری هاوبەشدان. ئەمەش چارەنووسی هەموو ئیقلیمەکانی جیهان بووە، ئێستاش هەروایە. بێگومان، لەم پەیوەندییە ئیقلیمیەدا، زۆرتر، کێشەی سیاسی، پێویستی ئابوری، باری ئاسایش، کاریگەری ئاینی و کارلێکی کولتوری رۆڵ دەگێڕن...

د. بەرهەم..
گومانی دەستێوەردان ناهێڵێ

(٢)

لەمیوانداریێتی د. بەرهەم ساڵحدا، لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقەوە، لەسەر دۆخی عێراق، هەڵبژاردن، تیرۆرو خزمەتگوزاریەکان، د. بەرهەم قسەوباسێکی رۆشنی دەربارەی کێشەو هەوڵەکان کردووە. سەرنجراکێشترین قسەی ئەوەبووە کە گوتوویەتی: بەڵگەی بەڵگەنەویست هەیە کە دامودەزگای دەوڵەتانی دراوسێ، رۆڵێکی راستەوخۆیان لەکوشتنی رۆڵە بێگوناحەکانی گەلی عێراقدا هەیە. ناشبێ وەکو حکومەتو مەجلسی نیشتمانی ئەمە قبوڵ بکەین.

ئەم ئاخاوتنەی د. بەرهەم ساڵح، جێگری سەرەکو وەزیرانی عێراق، گومان لەنەخشەو پیلانی دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێدا، لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا ناهێڵێ. ئەمەش، درێژەی ئەو بۆچونانەیە کە رۆژی (٢٠٠٤/١٢/٣٠) لەبریتانیادا، د. بەرهەم گوتی: پشومان لەسەر پشتیوانیکردنی تیرۆرو قوڵکردنی کێشەکانی عێراق، خەریکە دەگاتە کۆتایی...

بۆ لێکدانەوەی هەواڵی (١)و (٢) بڕوانە ل (٢)

بیری نەتەوایەتی کورد (٢ – ٢)
جەهانگیر غەفاری (ئاگرین)
کوردستان سەرانسەر ل (٣)

لیستی پێچەوانەی لیستی هاوبەش
دیالۆگ لەگەڵ (قادر عەزیز)
رەخنەو دیالۆگ ل (٨ – ٩)

سیماکانی تەعریب لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەوی
د. عەلی ئەحمەد
هەڵوەشاندنەوەی تەعریب ل (١٢)

کاریگەری پەرەسەندنی تەلەفزیۆن لەسەر چالاکیەکانی هۆلیۆد
ئا/ عومەر سەرکەتی
هەڵسەنگاندنی میدیای کوردی ل (١٣)

بەرەی تورکمانی: شکست لەکەرکوک و کێشە لەناو خۆیانداو هەڵگەڕانەوەی بەیاتەکان

تایبەت/ چاودێر

بەرەی تورکمانی، دوای ئەوەی ئەو بەرنامەیەی پێش رووخاندنی رژێمی عێراق، بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرکوکو هەندێ ناوچەی دەوروبەری خانەقین دایڕشتبوو، وەکو گڵقتیان بەتورکیا دابوو، شکستیان خواردو لەکەرکوکدا، جگەلە ئازارەو ژوە ژاو، هیچی دیکەیان پێنەکراوە.

ئێستا لەناو خۆیاندا دووچاری کێشەبوونو دەستەیەک لەسەرانی (الحرکة القومیة الترکمانیة)و گروپی جیاوازی تری ناو خۆیان، کۆبونەتەوەو بڕیاریان داوە، هەوڵ بدەن سەرۆکی بەرەی تورکمانی ، لەبەر ئەوەی سەرنەکەوتووە لەبەرنامەو بڕیارەکانی بەرە لەبەرامبەر حیزبە کوردستانیەکاندا، لابەرن.

بەرەی تورکمانی .. لەناو خۆیا ئاستەنگو کێشەکانی خۆی پێ چارەسەر ناکرێ، کەچی دەیەوێ بەدۆستایەتی کردنی تەعریب و قوڵکردنی ناکۆکی و رقەبەرایەتی لەگەڵ کورد، ئەو کێشانەی خۆی داپۆشێ و رێی تەقینەوەی گیروگرفتە ناوخۆییەکانی بگرێ. لەلایەکی ترەوە، شکستی بەرەی تورکمانی نائومێدی لەناو هەندێ لەهۆزو تیرە تورکمانەکان دروست کردووە، بەناچاری خۆیان بەعەرەب ناونوس کردووە بۆ ئەم هەڵبژاردنە. لەوانە هــــــۆزی (بەیات) کەگەورەترین هۆزی تورکمانە.

بەرەی تورکمانیش بەدەم چەورکردنو پارە هەڵرشتن کەوتۆتە ناویان پاشگەزیان بکاتەوە. ئەو کێشانەی بەرەی تورکمانی، لەناو بەشێکی بەرچاوی تورکمانەکان رەنگی داوەتەوەو لەناو توێژی لاوانو خەڵکی دیکەشدا، گیانی شیعەگەری بوژاندۆتەوە.

لەناو ئەمانەدا قینی تائیفەگەری و شۆفێنیەتی تورکمانچێتی تێکەڵاو بووەو هەمووشی بەدەسیسە دژی کوردو کوردستانیەتی کەرکوک ئاراستە دەکرێ.

بەخشنامەی (العروة الوثقی) کە بەخشنامەیەکی شیعەیە، بەشێکی بۆ تەشەنەسەندنی ئەو قینەبەرایەتییەی شیعەو تورکمان دژ کورد، تەرخان کراوە.

دەستێوەردانی ئیقلیمیو ئەگەرەکانی لەمەودوا

مەلابەختیار

هەتائێستاش، هاوکات، دەستێوەردانی هاوپەیمانان بەرەسمیو دەستێوەردانی ئیقلیمی بەناڕەسمی لەعێراقدا، بەردەوامە. دەستێوەردانە جیهانییەکە، رەسمیو ئاشکرایە. ئەرکی بۆدیاریکراوە. رێکەوتنامەی لەسەرە. بەستراویشە بەبڕیاری حکومەتی عێراقەوە. بەڵام دەستێوەردانی ئیقلیمی" یاسایی نییە. کاتی نییە. ئەرکی نییە. رزامەندی لەسەر نییە..

کاتێکیش جەنگ لەوڵات یان لەنێوان دوو دەوڵەتدا بەرپادەبێ، ئیقلیمێك دەکەوێتەخۆیو، وریایی عەسکەری دەدا. بەڵکو زۆرجار، دەوڵەتانی جیهانیش دەکەونە خۆیانو دەچنە ناو روداوەکانەوە. ئەوەتەی دەوڵەتو قەڵمڕەوەکان دروستبوون، ئەمە حاڵیان بووە. هێشتا ئەم حاڵەتە هەر کاریگەرە. هەر ئێستا لەئەفریقیاو ئاسیاو شێوەقارەی هیندیدا، حاڵەتی ئیقلیمی دردۆنگ، یان تێکچوو، دەبینرێ. وڵاتانیان راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، تێوەگلاوونەتە ناو روداوە ئیقلیمیەکان.

ئەگەر هەتا کۆتایی هەزارەی سێهەم، سنووربەندییەکی سفت لەتخوبی دەوڵەتان، یان ئیقلیمە رێکەوتوەکاندا هەبوبێو بەپێی یاسای نێونەتەوەیی، زلهێزەکان، یان دەزگا ئاشتیپارێزو مرۆییەکان، یاسای نێونەتەوەیی رێی نەدابن دەستوەربدەنە ناو کاروباری دەوڵەتانو سنوورەکان ببەزێنن. ئەوا لەکۆتایی جەنگی ساردەوە، ئەو رێسایە هەڵتەکێندراوەو دەستێوەردان بۆتە پێویستیەکی سیاسیو یاسایی سەردەمەکە. بەڵکو چەسپێنراویشە. لەتەقینەوەی روداوە ناوخۆییەکانی رۆژهەڵاتی ئۆروپاو ئەفریقیاو رۆژهەڵاتی گەورەدا (لەئەفغانستانەوە بۆ عێراقو لوبنانو سودانو مەغریبو بیابانی رۆژئاوا.. تاد) تێکڕا بەڵگەن کە سنوورەکان خوسێنراوون. بڕیاری دەستێوەرنەدانی یاسایی جێگەی بۆ دەستێوەردانی یاسایی، بەهێزی عەسکەری وڵاتو بگرە چەنج وڵاتێکیش، چۆڵ کردووە. بۆیە، دەشێ بگوترێ، لەهەزارەی سێهەمدا، یەکێ، لەدیاردە هەرە کاریگەرەکانی سیاسەتی جیهانی، بەیاساییکردنی دەستێوەردانە لەسەر ئاستی جیهانو ئیقلیمەکاندا. ئەمیش تەنها لەرێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی جیهانییەوە دەکرێ. بەڵام ئەمە ئەوەناگەیەنێ، هەموو دەستێوەردانێك یاساییو رەوایە. هێشتا دەستێوەردانی خراپو نایاساییش، هەروەکو رابوردوو ماوە. بەڵکو جارجار، دەستێوەردانی یاسایی جیهانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییو ئیقلیمیەکان، لەگەڵ دەستێوەردانە نایاساییە ئیقلیمییەکاندا، لێك هەڵدەپڕژێنو مەترسی گەورەش دروست دەکەن. نمونەکانی لەئەفریقیا، لوبنان، عێراقو کوردستان، ئەم راستییە دەسەلمێنن.

لەکوردستاندا.. پێش روخاندنی رژێمی عێراق، بەحوکمی شەڕی ناوخۆی کوردستانەوە، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، دەستێوەردانی ئیقلیمی، بەتایبەتی لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە، هەبووە. ئەمە لەکاتێکدا، باشووری کوردستان بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشەوە، لەساڵی (١٩٩١)وە ناوچەیەکی ئارامی پارێزراو بووە. سەرهەڵدانی چەند لایەنێکی ئیسلامگەرای چەکداری کۆنەپەرست لەکوردستانداو پشتیوانیلێکردنیان لەسەر سنوور، هەتاڕادەی ئەنجامدانی تاوانی گەورە گەورە، باشترین بەڵگەی نەخشەی دەستێوەردانی ئیقلیمییە کە هەتائێستاش، سەرەڕای تێکشکاندنی عەسکەری ئەو تیرۆریستانە، نەبڕاوەتەوە.

لەدوای روخاندنی رژێمی عێراقیشەوە، هاوپەیمانان بەراسپاردەی ئەنجوومەنی ئاساییش، بەزەبری لەشکرکێشییەکی کەموێنە، هاتنە ناو عێراقو سوپای یەك ملیۆنی عروبەی عێراق، کەیەك ملیۆن فیشەکی کاریگەری نەتەقاند، مانگێکی نەخایاند هەرەسی هێنا.. سەدام خۆیشی لەکونی ترسنۆکیدا بەبێئەوەی دەست بۆ دەمانجەکەشیبەرێ، بەکڵاو گیرا. ئیدی عێراق کەوتە ژێردەستی هاوپەیمانان. دوایساڵێك حکومەت درایە دەستی عێراقیەکان. کەچی..

لەو ساڵو نیوەدا، هەتائێستاش، هاوکات، دەستێوەردانی هاوپەیمانان بەرەسمیو دەستێوەردانی پێشێلکاری ئیقلیمی بەناڕەسمی لەعێراقدا، بەردەوامە. دەستێوەردانە جیهانییەکە، رەسمیو ئاشکرایە. ئەرکی بۆدیاریکراوە. رێکەوتنامەی لەسەرە. بەستراویشە بەبڕیاری حکومەتی عێراقەوە. بەڵام دەستێوەردانی ئیقلیمی" یاسایی نییە. کاتی نییە. ئەرکی نییە. رەزامەندی لەسەر نییە. دژی خەڵکی عێراقو کوردستانو پەیوەندی دراوسێیەتیشە. تاوانی گەورە گەورەشی رۆژانە لێدەکەوێتەوە.

ئەم دەستێوەردانە، سەرەتا حکومەتی عێراق، بەئاستەم قسەیلەسەردەکرد. وردەوردە گەیاندیە ئاستی باسکردنی رەسمی لەکۆبونەوە دووقۆڵیەکانی عێراقو سوریا، عێراقو ئێران. هەڕەشەشی لەتورکیا دەکرد کە رێی دەستێوەردانی لەکاروباری ناوخۆی عێراقی، نادا. هەفتەی رابوردوو، ئاشکرا باسی ئەو دەستێوەردانە لەلایەن سەرۆك کۆماری عێراقو سەرەك وەزیرانو جێگرەکەیەوە، دەکرێ، ئەمەش دەیسەلمێنێ کە چیکە لەمەودوا، حکومەتی عێراق ژێربەژێر باسی مەترسییەکانی دەستێوەردان ناکەن. بەڵکو زەقو رەق دەیخەنەڕوو. ئەم قسانەش لەخۆڕا ناکرێن. بەڵکو بەڵگە لەبەردەستن. ئەمەش، بێگومان، سەرەتای کردنەوەی دەرگای بارێکی خراپی ئیقلیمییە کە هەموو جۆرە ئەگەرێکی سیاسیو دیپلۆماسیو عەسکەری، دەخاتەئارای سیاسەتی ئیقلیمیەوە.

پاشان جیهانیش هیچ ئەگەرێکیش لەو ئەگەرانە، کوردستانی لێبەدەرنابێ. ناشکرێ کوردستان بێلایەن بێ. کەوابێ: روداوەکان وادەخوازن کە لەبەرامبەر هەڕەشەکانی ئیقلیمیدا، راچڵەکینێکی سیاسی باش لەناوەندە سیاسییەکاندا بخولقێو بەرنامە بۆ هەموو ئەگەرێك لەو ئەگەرانەی لەدۆخێکی ئاوای ئیقلیمیدا دێنەئاراوە، دابنرێ.

ئەگەر لەرابوردوودا، بەرنامە بۆ دەستێوەردانە ئیقلیمیەکان، بەهەرهۆیەکەوە بوبێ، دانەنرابێ، ئەوا لەمەودوا، مادام حاڵ گەیشتە سەر بەڵگەی سەلماندنی نەخشەی دەستێوەردانی ئیقلیمی، ئیدی کەمتەرخەی لەبەرامبەر مەترسیەکانی ئیقلیمیدا، زیانی زۆری دەبێ. زیاتریش لەوەی هەتائێستا ئەو کەمتەرخەمییە، زیانی گەیاندووە. ئەمیش لەبەرئەوەی دەستێوەردانی ئیقلیمی، کارێکی رێکەوت نییە. سیاسەتێکیش نییە دەرزگایەکی دەوڵەتانی ئیقلیمی بەبێ رەزامەندی سەرووی دەوڵەتەکەیان، جێبەجێیان کردبێ. ئەم نەخشەیەی لەلایەن دەوڵەتانی ئیقلیمیەوە لەناو عێراقدا جێبەجێدەکرێ، نەخشەیەکە پەیوەندی بەستراتیژێکەوە هەیە، کە ئەمڕۆ تەواوی رۆژهەڵاتی هەژاندووە. هەر وڵاتێك لەوڵاتانی رۆژهەڵات، بەجۆرێك کاردانەوەیان بەرامبەر ستراتیژەکە هەیە، کە ستراتیژی دیموکراتیزەکرنی رۆژهەڵاتی گەورەیە. ئا لەم پێودانگەوە دەبێ سەیری دۆخی عێراقو کوردستانو ئەو نەخشانەش بکرێ کە بەدەسیسەی دەستێوەردان جێبەجێدەکرێ.

قابیلە.. ئێرانو سوریا نەزانن، ئاڵوگۆڕی ناو عێراق چ کایگەری هەرەکاریگەری لەسەر دۆخی وڵاتەکەیان هەیە. ئەم دوو دەوڵەتەو تەواوی دەوڵەتانی دراوسێی یەکدی لەناوچەکەدا، هەمیشە دەرەکی وردی کاریگەرییەکانی رووداوەکانی ناوچەکەیان کردووە. هەربۆیە، لەسەردەمی ئیمبراتۆریەتەکانی سەفەویو عوسمانیەوە، بۆ دواترو هەتا ئێستاش زۆر بەوریاییو گەلێجاریش، بەکاردانەوە هەتاڕادەی بڕیاری جەنگ دژی یەکدی، مامەڵەیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئیقلیمو ناوخۆدا کردووە. دەیان جەنگو شەڕوشۆڕ، دەیان رێکەوتننامەو پەیمان بەستنی سیاسیو پاشان عەسکەریو ئەمنی، لەنێوانیاندا روویداوە. دواجەنگی گەورەش، جەنگی عێراق – ئێرانو پاشان جەنگی عێراق - کوێیت، کە ملیۆنەها قوربانی بوونە خۆراکی مەترسییە ئیقلیمیەکانو بەرژەوەندی حکومەتەکان، باشترین بەڵگەن کە هەناوی کێشە ئیقلیمیەکان هەردەم ئاوساوە. هەمیشەش قابیلی تەقینەوەیە. جا تەقینەوەی گەورە یان بچوك. راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ. لەشکرکێشی، یان دەستێوەردانی لەم جۆرەی ئێستای عێراقو کوردستان. ئەم راستیگەلەش تێکڕا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە رۆژهەڵات، لەجیهانێکی پڕ لەئاڵوگۆڕی جیهانیدا، هێشتا چەندین وڵاتی ئامادەنین گۆڕانکاری بنچینەیی قبوڵ بکەن. ئەم سیاسەتەش، ئەگەر لەهەزارەی دووەمدا لە پەنای یاساکانی ئەو دەمەدا بۆ دەوڵەتانو ئیقلیمەکان چوبێتەسەر، ئێستا، لەسەردەمی جیهانگیریدا، کە سەردەمی شۆڕشی زانیاریو خێرایی کاریگەری سیاسەتی نێونەتەوەییە، چیکە بۆ هیچ دەوڵەتێك، یان بۆ چەند وڵاتێك لەئیقلیمێکدا ناچێتەسەر. کاتێ: لەدەورانێکی پڕ لە ئاڵوگۆڕی سیاسیو پێکهاتەیی ئاواشدا، فشاری گۆڕانکاریەکان قوڵتر دەبنو کاریگەرییەکان سنوورەکان دەبەزێنن، ئیتر ئەو حکومەتانەی گۆڕانکاری قبوڵ ناکەن، بێگومان، سووردەبن لەسەر سیاسەتی کلاسیکی پاراستنی دەوڵەتو قەڵمڕەوەکانیان. بۆ ئەوەی دەستەبەری دەسەڵاتیشیان بکەن، لەبەرئەوەی لەتوانایاندا نییە راستەوخۆ دابەزنە مەیدانی جەنگی رووبەڕووبوونەوە، بۆیە ناڕاستەوخۆ دەستوەردانە کاروباری ناوخۆی ئەو دراوسێیانەی مەترسییان لێدەکەن. بۆ دەستێوەردانیش، عێراق ئێستا باشترین مەیدانە" حکومەتەکەی، جارێ وڵاتەکەی کۆنترۆڵ نەکردووە" سوپای بەهێزی پێکنەهێناوەتەوە" داوودەزگای ئاسایشی کاریگەری نییە" لەناوخۆدا کێشەی جۆراوجۆری ئاڵۆزاوە" سنوورەکانی ئاوەڵانو هێزەکانی یەك نەگرتوون. هەموو ئەو فاکتەرانە هاندەرن بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی دەستێوەردانی ئیقلیمی.

ئێستا.. کە حکومەتی عێراق، خەریکە دەیگەیەنێتە دوائاستی باسکردنی دەستێوەردانی ئیقلیمی، سوریاو ئێرانیش دەخاتە ژێر فشار، هەڵبەتە، لەمەودوا هاوکێشەکە لەلایەن ئەو دوو دەوڵەتەوە دەگۆڕێو هەوڵی پینەوپەڕۆی پەیوەندییەکان دەدەن، بۆ رەواندنەوەی هەوری تاوانبارکردنییان، بەتاوانەکانی دەستێوەردان. دەشترسن حکومەتی عێراق لەنەتەوە یەکگرتوەکاندا شکاتیان لێبکا. بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا، ئەم کێشەیە، ئەگەر چارەسەری ریشەیی بۆ نەدۆزرێتەوە، تەنهاوتەنها بەرەخنەو فشاری دیپلۆماسی چارەسەرناکرێ. چونکە، سوریاو ئێران، زۆر لەوەزیاتر تاقیکردنەوەیان هەیە بتوانن لەبەرامبەر قەیرانێکی وادا، خۆیان دەربازبکەن. مادام بەڵگەکانیش حاشاهەڵنەگرن، هەتازووە بخرێنە بەردەم رای گشتی باشترە. هیچ نەبێ بەشێوەیەکی کاتیش بێ، نەخشەی دەستێوەردان سڕ دەکا. ئەو ماوەیەش بۆ هەڵبژاردنو چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی سیاسی، پێویستە. بەڵام لەدواسەرەنجامدا، چارەسەری ریشەیی ئەم کێشەیە، تاقە چارەسەرە.

گرنگتر لەئەنجامدانی هەڵبژاردن.. گۆڕینی عەقڵیەتی هێزەکانە

"خراپترین ئیدارەی کورد چاکترە لەباشترین ئیدارەی بێگانە بۆیان" بێشکچی

سەلام عەبدولکەریم

دیارە هەموو قسەکردنو سەرنجو تێبینیو تەنانەت رەخنەکانیش لەم باسە تایبەتە بەهەڵبژاردنی کوردستانو دورو نزیك پەیوەندی بەهەڵبژادرنی گشتی عێراقەوە نیە، چونکە بەش بەحاڵی خۆم هێندەی بەتەنگی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستانو گۆڕینی عەقڵی هێزە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی کوردیم، لەبەردەم رەوشی سیاسی دژوارو هەستیاردا خوازیاری هەڵبژاردنێکم کەبەرژەوەندییە باڵاکانی کورد بەرەو دەستەبەربوون بڕوات، ئەوا هێندە بەدوای هەڵبژاردنی عێراقو گۆڕینی عەقڵی هێزە باڵە سیاسیە جیاوزەکانیەوە نیم، چونکە هەرچەندە عێراق ببێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو بەڵام من بۆ خۆم هێشتا لەهیچ هێزێکی عەرەبی بەگشتی دڵنیا نیم و لێیان رانابینم دانی خێر بەئێمەو کێشە رەواکەماندا بنێن، چونکە ئەو عەقڵە شۆڤێنیزمە ناسیۆنالیزمە عەرەبیەی تێکەڵی مۆخو خوێنی ئەوان بووە، ئەوا لەهەموو حاڵەتێکداو لەبەرامبەر هەر هەوڵێکدا بۆ چارەسەری کێشەی کوردو داخوازییەکانی کورد، رەنگە تائێستاش لای ئەوان دیارە بەگشتی (ماست هێشتا هەر رەش بێت) و ئێمە هێشتا بۆ ئەوان (ئیسرائیلی دووەم بین).

بەهەرحاڵ، هەرچەندە لیستی ئیئتلافی لەنێوان یەکێتیو پارتی پێکهات لەهەڵبژاردنەکانی کوردستانداو قسەی جیاوازو دیدو تێڕوانینی بنکە فراوان لەخۆ دەگرێتو بابەتێکی جیاوازە بۆ خۆی. بەڵام گرنگتر لەمەسەلەی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لەکوردستاندا، (کەلای هەندێك پاساوی دواخستنو ئەنجام نەدانی نەماوە)، ئەوا بریتیە لەقسەکردن لەگۆڕینی عەقڵی هێزە سیاسیەکانی کوردو گۆڕینی عەقڵیەتی ئەم هێزانە لەگەورەوە بۆ بچوك، لەنیشتمان پەروەرو نەتەوەییەوە بۆ ئەحزابو هێزی ئاینو دیسان لەسۆسیال دیموکراتەکانەوە بۆ چەپو هێزە راستڕەوەکان، واتە پێش ئەوەی ئێمە هەڵبژاردن ئەنجام بدەین. پێویستە کام عەقڵیەت بگۆڕین؟ پێویستە ئامانجی هێزەکانی لەهەڵبژاردنی کوردستاندا چی بێت؟ دیسان عەقڵیەتو بەرژەوەندی حیزبی یان بەرژەوەندی نەتەوەیی لەم کاتە هەستیارەدا؟ ئایا گرنگ هەر ئەوەیە ئێمە هەڵبژاردن ئەنجام بدەین بۆئەوەی هێزەکان وەك هێزی دیموکراتخواز لەقەڵەم بدرێن یاخود دەشێو پێویستە هەڵبژاردن پێش وەخت ئەجێندایەکی تایبەت بەخۆی هەبێت لەڕووی گۆڕینی ئاراستەی عەقڵی هێزە سیاسیەکان لەمەرامی سیاسی خۆیانەوە بۆ مەرامی گەورەی کورد؟ —ئەمانەو چەنیدن پرسیاری تر، کرۆکی ئەم بابەتە رۆژنامەنوسیەنو دواجار گرنگی عەقڵیەتی قبوڵ کردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش.

(ئیسماعیل بێشکچی) گەروە بیرمەندی بەرەگەز تورکو دڵسۆزی کوردو کێشە رەواکەی دەبێژێ: "خراپترین ئیدارەی کورد باشترە لەچاکترین ئیدارەی بێگانە بۆیان"، بێگومان پەیامی سیاسیو باکگراوندی ئەم قسەیەی بێشکچی زۆر شت هەڵدەگرێ لەسەروی هەموویەوە، پێش چاو خستنی بەرژەوەندی نەتەوەیەو قبوڵ کردنی یەکترییە، لەلایەکی ترەوە گەورەترین پەیام بریتیە لەپەیامی گۆڕینی عەقڵی هێزە سیاسیەکان بەو ئاراستەیەی کەبەهەوڵو کۆششی هەموو لایەك پرۆسەیەك ئەنجام بدرێت، کەچاوەڕوانی ململانێی دیموکراسی لێ بکرێت واتە ململانێیەك لەپێناوی زیاتر پێشکەش کردنی پرۆژەی سیاسی و کۆمەڵایەتیو ئابوری نەك پێشکەش کردنی موزایەدەی سیاسی لەنێوان هێزەکاندا.

بەبڕوای من دروست کردنی لیستی هاوبەشو ئیئتلافی تر لەدەرەوەی لیستی یەکێتیو پارتی. دەشێ کار لەسەر گۆڕینی عەقڵیەتی هێزەکان بکات، لەلایەکی تریشەوە دەکرێ دروست کردنی لیستیتر عەقڵیەتی هێزە سیاسیەکانمان بخاتە سەر بیرۆکەی ململانێی دیموکراسی، راستە ئێستاو دوای پێکهاتنی لیستی هاوبەشی یەکێتیو پارتی، ساردییەك رووی لەهێزە سیاسیەکان کردووە، بەڵام بێگومان بەدیلی دیکەش هەیە.

گرنگتر لەمە باشتر وایە هێزەکان عەقڵەکانیان بگۆڕن پێشئەوەی بچنە نێو هەڵبژاردنی کوردستانەوە، عەقڵیەتێك کەبردنەوەو دۆڕاندنو سەرکەوتنو ژێرکەوتن، بەمانا دیموکراسیەکەی قبوڵ بکاتو دواجار بیکاتە نەریتێکی دیموکراسیو مەدەنییانە بۆ هەر پرۆسەیەکی دیکەی لەم شێوەیەیە.

بڕوام وایە دەتوانین هەڵبژاردن ئەنجام بدەین، بەڵام ئەگەر هێزە سیاسیەکانمان بەهەمان عەقڵی کۆمەڵایەتییەوە مامەڵە بکەن، ئەوکات نەپرۆسەیەکی دیموکراسی ئەنجام دەدرێت، نە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش دیموکراسی دەبن. کەوابوو هەنگاوی یەکەم لەگۆڕینی عەقڵی هێزە سیاسیەکاندا، بریتیە لەپێشخستنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەو هەنگاوەکانی دواتریش بریتیە لەگۆڕینی عەقڵی ئەو هێزانەو دەرهێنانیان لەچوارچێوە حزبیو کۆمەڵایەتیەکان ئاڕاستەکردنی برەو عەقڵێکی دیموکراسی زیاتر.

ئەوەی لەم نێوەندەدا دەکەوێتە سەر هێزی یەکێتیو پارتی وەکو دوو هێزی سیاسی گەورە لەکوردستاندا گۆڕینی عەقڵیەتەکانە بەرەو بەردەوامی لەهەڵبژاردنی عێراقداو لەلایەکی تریشەوە پێشێل نەکردنی بنەمای دیموکراسیەت کەنابێت ئەگەر هاتوو زۆرینە لەهەڵبژاردندا دەرچوو، مافی کەمینە پێشێل بکات. چونکە جەوهەری لایەنێك لەدیموکراسی پاراستنی مافی کەمینە لەلایەن زۆرینەوە.

لەعەقڵیەتی هێزە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا بەدرێژایی ئەم ماوەیەی پێشوو، ترسێکی گەورە ئامادەیی هەیە تیایدا، ترسێك کەبەشێکی زۆری جموجوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو هێزانەی داپۆشیوەو هەموو جوڵەیەك لەنێو کایەی سیاسیدا بۆ خۆی بەشێك لەترسی لەگەڵدایە، ئەم ترسە ئەوەندەی رەگوڕیشەی لەعەقڵی کۆمەلایەتیدا هەیە، ئەوەندەی لەعەقڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێمەوە سەرچاوەی گرتووە، هاوڕێك گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەهیچ هێزێك دۆڕان قبوڵ نەکات، واتە دۆڕانی هەر هێزێکی سیاسی لەم پرۆسە دیموکراسیەدا، دواجار بەدۆڕانێکی کۆمەڵایەتیش لێکدەدرێتەوە، بۆیە ئەم حاڵەتە جارێکیتر ترسی دروست کردووە لەسەر پرۆسەی گۆڕان.

بۆ ل(١٥)

د. بەرهەم.. گومانی دەستێوەردان ناهێڵێ

سەرکەوت عەبدوڵڵا

لەمیوانداریتی د. بەرهەم سالحدا، لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقەوە، لەسەر دۆخی عێراق، هەڵبژاردن، تیرۆرو خزمەتگوزاریەکان، د. بەرهەم قسەوباسێکی رۆشنی دەربارەی کێشەو هەوڵەکان کردووە. سەرنجراکێشترین قسەی ئەوەبووە کە گوتوویەتی: بەڵگەی بەڵگەنەویست هەیە کە داوودەزگای دەوڵەتانی دراوسێ، رۆڵێکی راستەوخۆیان لەکوشتنی رۆڵە بێگوناحەکانی گەلی عێراقدا هەیە. ناشبێ وەکو حکومەتو مەجلسی نیشتمانی ئەمە قبوڵ بکەین.

ئەم ئاخاوتنەی د. بەرهەم سالح، جێگری سەرەك وەزیرانی عێراق، گومان لەنەخشەو پیلانو دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا ناهێڵێ. ئەمەش، درێژەی ئەو بۆچونانەیە کە رۆژی (٢٠٠٤/١٢/٣٠) لەبریتانیادا، د. بەرهەم گوتی: پشومان لەسەر پشتیوانیکردنی تیرۆرو قوڵکردنی کێشەکانی عێراق، خەریکە دەگاتە کۆتایی. تەنها هەفتەیەك بەسەر ئەو قسانەدا تێپەڕی، جێگری سەرەك وەزیرانی عێراق توندتر دەدوێو گومان ناهێڵێ.

بەم قسانەدا، پێدەچێ پشوو گەیشتبێتە کۆتایی، هەر ئەوە ماوە بەڵگەکان ئاشکرا بکرێن. جێیخۆیەتی بپرسین: ئایە بەڵگەکان بەم نزیکانە ئاشکرادەکرێن؟ هەروا، ئاخۆ ئەو حکومەتانەی دەستیان لەگەڵ تیرۆردا تێکەڵاوکردووە، چیدەکەن؟

لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا، پێمان وایە بەم نزیکانە, رەنگە بەڵگەکان ئاشکرنەکرێن. بەڵام حاڵ وابڕوا، زۆریش دورناکەوێتەوە چەند نهێنیەك بدرکێندرێ، ئەویش، ئەگەر دەوڵەتانی دراوسێ گفتی باشتر نەدەن کە سنورەکانیان کۆنترۆڵ بکەن. پێشمان وایە، ئەو حکومەتانەی دەستیان هەیە لەقوڵکردنەوەی کێشەکاندا، لەژێر فشاری ئاشکراکردنی بەڵگەکان، ناچاری گرتنەبەری رێوشوێنی دیکە دەبن. مانۆڕی تازە بەکاردێنن. گفتی نهێنی دەدەن بۆ قایمکردنی سنوور. بەڵام، ئەم گفتە، یان مانۆرە، ستراتیژی ئەو دەوڵەتانە ناگۆڕێ. دەستپێدەکەنەوەو دەسیسەکانیان دەخەنەوە کۆڕی پیلانگێڕان، بەڵام بەشێوەو شێوازی دیکە.

حکومەتی عێراق، پێویستی بەوە هەیە هەتا هەڵبژاردنەکانی عێراقو کوردستان تەواودەبێ، دان بەخۆیدا بگرێ، بەڵام ئاماژەکان وادەگەیەنن دوای هەڵبژاردنو هەڵبژاردنی حکومەتی عێراقی، ئەو دانبەخۆداگرتنە کۆتاییدێت. بەتایبەتی ئەگەر ئەیادعەلاوی بکرێتەوە سەرەك وەزیران. ناشکرێ حکومەتێك، بەڵگەی بەڵگەنەویستی لەسەر عێراق هەبێ، تیرۆر لەوڵاتەکەیدا بەردەوام بێ، پشتیوانی تیرۆریش لەلایەن دراوسێکانیەوە، ئاشکرا هەبێ، کەچی هەر بێدەنگەی لێبکا.

دەرکەوت.. سیاسەتی بێدەنگیو تکای سیاسی کۆتایی بەپشتیوانیکردنی تیرۆر ناهێنێ. بەڵکو زیاتریشی کردووە. کەواتە: سنووری سیاسەتی بێدەنگی کۆتاییهاتووە، هەرماوە سنوورەکە ببەزێندرێ. ئەوەی لەژێربەرەی دیپلۆماسیەتو دەزگای ئیستخباراتە، بخرێتە سەر بەرەی شکات لەئەنجومەنی ئاساییشدا. لەوەش دەچێ، دەوروبەری نەورۆزی (٢٠٠٥) گەرمترین شەڕی دیپلۆماسیو راگەیاندن بکەوێتە نێوان حکومەتی عێراقو (دوو! !) دەوڵەتی دراوسێی عێراق، کە زۆرترین بەڵگەکان لەسەرئەوانە دەستوەردەدەنە ناو عێراقو پشتیوانی تیرۆریستان دەکەن" ئەگەر ئەم شەڕە دیپلۆماسیو راگەیاندنەش بکەوێتە ئاراوە، چیدەبێ؟ هەڵبەتە، مەترسی قەومانی جەنگ، لەنێوان هیچ وڵاتێکی ئیقلیمیو عێراق نییە. عێراق سوپایەکی ئەوتۆی نییە بتوانێ بەجەنگ مەترسیەکانی دەستێوەردان دووربخاتەوە. دەوڵەتانی دراوسێش سوپایان هەیە، بەڵام ناتوانن جەنگ هەڵبگیرسێننو پەلاماری عێراق بدەن. چونکە دۆخی نێونەتەوەیی هەرگیز رێگەی جەنگیان نادا. بەتایبەتی کە هاوپەیمانان لەئارادان. بەڵکو ئەمریکاش بەبیانووە لەو دەوڵەتانە.

بۆ ل(١٥)

بیری نەتەوایەتی کورد

(٢ — ٢)

تاران ـ جیهانگیر غەفاری "ئاگرین"

"هەرکەسێک ئێژێت غەریبی خاسە

ئەوە لەجوملەی خودا نەناسە"

٤-بیری نەتەوایەتی کورد

نەتەوەی کورد لە: ١-زمان ٢-مێژوو ٣-کەلتوور ٤-خاك ٥- هەست پێهاتووە.

واتە کورد، کۆمەڵە مرۆڤێکی هاوزمان، هاوخاك، هاو مێژوو.. تاد کە خاوەن جیهانێك خەون و ئارەزووی هاوبەشن. حسەین مەدەنی دەربارەی پێکهاتنی نەتەوەی کورد، دەنووسێت: "نەتەوەی کورد بەرهەمی کۆمەڵە خەڵکێکە لەپرۆسەیەکی مێژوویی و لەنێو وڵاتی (خاکی دابەشکراو) لەبارتەقای ئیدەیکی هاوبەش دا شکڵی گرتووەو.."

سەبارەت بەسەرهەڵدانی نەتەوایەتی کورد گەلێك دیدوبۆچوون هەیە. د. رەفیق سابیر، دامەزراندنی شاری سلێمانی وەك پایتەختی بابانەکان کەبووە هۆی دەرکەوتنی "من" و "ئەویدی" بەسەرەتای نەتەوایەتی کورد یان یەکەم تروسکەی شکڵ گرتنی فەلسەفەی نەتەوایەتی کوردی ناودەبات و ئەمجار دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨ز) لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان و هاورێیانیەوە وەك چالاکی و تێکۆشانێکی دیکی ئەم بوارە دەزانێت.. تاد لەواقیع دا رەفیق سابیر هۆشیاری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی پێکەوە گرێ داوە.

لەبەرامبەر رەفیق سابیردا، حسەین مەدەنی مێژوویزمی دیدەکەی زەقترو بەرچاوترە، ئەو دەنووسێت: . شیعری شاعیری ناودار شاوەیس ولی (١٣٩٠ز) یەکەم نیشانەکانی نەتەوایەتی کوردی تۆمار کردووە:

"ئەسڵمەن جەکورد، ئەسڵمەن جەکورد
با بۆم کوردەنان، ئەسڵمەن جەکورد
من ئەو شیرەنان چەنی دەستەی کورد
سلسلەی سوپای زوخاك کەردم ورد"

پاشان شیعری شاعیرانی سەدەی پازدەهەم فەقێ تەیران و مەلای جەزیری — وەك دووەم ئاستی دەرکەوتنی نەتەوایەتی دەزانێت و دواتر دێتە سەر مەم و زینی ئەحمەدخانی لەسەدەی هەڤدەهەم دا.

"گەردێ هەبوویا مەپادشا هەك
لایەق بدی یا خودی کولاهەك
تەعیین ببویاژ بۆ وێ تەختەك
زاهیر ڤەدەبوو مەبەختەك
حاسڵ بیویاژ بۆ وی تاجەك
ئەڵبەتە دەبو مەژی رەواجەك
غەم خواری دکر، لەمەیەتیمان
تینانە دەرێ ژ دەست لەئیمان".

د. عەبدوڵلا پەشێو دەڵێت: "ئالای بیری نەتەوایەتی لەسەدەی هەڤدەهەم دا حەزرەتی ئەحمەدی خانی هەڵیگرت و پاش ٢٠٠ ساڵ لەسەدەی نۆزدەهەم دا حاجی قادری کۆیی تۆزی لێ تەکاندو منیش لەسەدەی بیستەم دا، بەتەواوەتی خۆمم تەرخان کرد، بۆ ئەو بیرە نەتەوایەتیە. پەشێو لەدرێژەدا دەڵێت: "هەڵبەت گەلێك لەشاعیران، نووسەران و.. تاد، شوێن پەنجەی هەڵوێست گرتنی نەتەوەیی لەسەر شیعرو هونەرو نووسراوەکەیان دا دیارە.

لێرە پرس ئەوەیە، بۆچی وێرای مەودایەکی نزیك ٢٠٠ ساڵەی دەرکەوتنی نەتەوایەتی کوردو رۆژئاوا، ناسیۆنالیزمی کورد ناتوانێ بەئارەزووی خۆی نەگەیشتووە؟

بێگومان ئەو ئازارانەی هەڕەشەی لەنەتەوایەتی کورد کردووە، رۆژئاوایی هەرگیز بەخۆیەوە نەیبینیوەو کۆمەڵێك پەتاو ئازاری دیکەش کەبەوردی باسی لێ دەکەم نەتەوایەتی کورد بەرهەمی ستەمی دەسەڵاتە سەرەڕۆو ستەمکارەکانە کەبەهەموو شێوەیەك لەکەلتورساید تاجینۆساید پاکتاوی رەگەزی یان سڕینەوەی نەتەوەی کوردی هێناوەتە مەیدان و بێ شەرمانە بەهەموو شێوەیەك لەپێناو نەفی کردنەوەی نەتەوەی کورددا جوڵاونەتەوە، گەرچی فاکتەرە بەهێزەکانی پێکهێنەرانی نەتەوە لەکوردستان دا ، پیلان و پلانە دژی ئینسانیەکانی نەیارانی بێ ناوەڕۆك کردووە. پان تۆرکیزم، پان عەرەبیزم پان فارسیزمی رەزاخانی لەڕۆژهەڵاتی ناوین دا شکۆی خۆیان لەمەیدانەکانی سڕینەوەی کولتوری ئینسانی کورد دا پیشان داوە کەچی لەبەرامبەری بێدادو ستەمی ئەواندا، شۆڕش و خەبات و خەباتکار سەریان هەڵداو..

نەتەوایەتی کورد بەرهەمی راستەوخۆی ستەمی داگیرکەران و تاڵانکەران و ئینسانیەت نەناسەکانی رۆژهەڵاتی ناونە، وەڵامێکە لەبەرامبەری بێدادو ستەمی ئەواندا، شۆڕش و خەبات و خەباتکار سەریان هەڵداو..

نەتەوایەتی کورد بەرەمی راستەوخۆی ستەمی داگیرکەران و تاڵانکەران و ئینسانیەت نەناسەکانی رۆژهەڵاتی ناوینە وڵامێکە لەبەرامبەری شەڕی دوو ئیمپراتۆریای ئایینی سەفەوی و عوسمانی کە خاکی کوردو مرۆڤی کوردیان تووشی گەلێك خەسارەت و زیان کرد، بۆیە شاکاری مەم و زین لەجەنگەی بێدادی ستەم پەرەستاندا وەك دژکردەوەیەك سەرهەڵ ئەدات و دواتر وەك مانیفستێك لەکۆڕو کۆمەڵە نەتەوەییەکاندا دەدرەوشێتەوە. بەوردبونەوەو رامان لەسەر هۆکارانی دەرکەوتنی نەتەوایەتی کوردی دەتوانین کۆمەڵێك تایبەتمەندی بۆی دەستنیشان بکەین.

١-ئازادیخوازی ٢- ئاشتی خوازی ٣-دیموکراسی خوازی ٤- رێزدانان بۆ جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ ٥- خۆشەویستی و کەرامەتی ئینسان ٦-حەز لەگەشەکردن و سەربەستی دیکە نەتەوەکان ٧-تووڕەبوون لەداگیرکەری ٨-ئەخلاق گەرایی و عاتیفی بوون ٩-دژی جینۆساید، کەلتوورساید ١٠- دژی تیرۆر ١١-دژی فاندامانتالیزم و بنەڕەتخوازی ١٢-حورمەت دانەری بیروباوەڕی تاکە کەسی ١٣-ئیمان بە بەرامبەری مافی ژن و پیاو ١٤-رێزی تایبەت بۆ بنەماڵەی خاوێن و جەخت لەسەر کاریگەریەکانی ١٥-نەفی کەرەوەی میلیتاریم و دەسەڵاتی پۆلیسی.

ئەگەر بەدیدێکی ناسیۆنالیستی و بەپێوەرێکی نەتەوایەتیەوە چاو لەبزووتنەوەی کوردی و کوردستانیەکان بکەین، بێگمان زۆربەی هەرەزۆری پارت و.. تاد، زیاتر مۆرك و رەنگ و بۆنی عەشیرەت گەرایی، خێڵایەتی، چینایەتی، شێخایەتی و لەمۆدێرن ترین فۆرمدا، حیزبایەتی یان پێوە دیارە، رێکخراوەیەکی نەتەوایەتی قەت بۆ بەرژەوەندی حیزبایەتی خۆی و گەیشتن بەشێوە دەسەڵاتێکی PARTSTATE هەڕەشە لەبەرژەوەندی نەتەوایەتی و کەرامەتی نەتەوە ناکات! پارتێکی نەتەوەیی هەرگیز چەك بەرامبەر ئەندامانی وڵاتەکەی بخاتە سەر پێ، حیزبێکی نەتەوەیی قەت ئەو ئیزنە بە خوا نادات لەچوارچێوەی بەرژەوەندی خۆیدا گاڵتە بەشکۆی نەتەوەو پشت لەمێژووی خوێنباری نەتەوەکەی بکات.

دەر لەباسەکەمان نیە، ئەگەر وەك خاڵێکی گرنگ پێکەوە، نامەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (١٨٨٠ز) بۆ نوێنەری بەریتانیا بخوێنینەوە:

"نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی سەربەخۆیەو سەرکردەکانی کوردستان، ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی تورك یان فارس دان و دانیشتوانی کوردستان بەفەلەو موسڵمانەوە یەکیان گرتووەو لەسەر ئەوە رێککەوتون کەقبووڵ نەکەن، کارو بارەکان بەشێوەی ئێستا یان لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتەدا بەردەوام بن، ئێمە دەمانەوێت خۆمان حوکمڕانی خۆمان بکەین.".

ئەمە یەکەمجارە سەرکردەو رابەری کورد لەنامەیەکی ئاوەڵا بۆ نوێنەری زلهێزێکی بیانی بەڕاشکاوی داوای پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات و مەشرووعیەتی داوا ویستەکەی لەئیرادەی یەکگرتوویی نەتەوەکەی وەردەگرێت. کورد سەرەڕای هەموو ئازاری ناوخۆیی و دەرەکی، دووجار دەوڵەتی نەتەوەیی دامەزرندووە.

١-دەوڵەتی کوردستانی باشوور — شێخ مەحموودی نەمر — ١٩٢١ز

٢-دەوڵەتی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٥ز

دەربارەی نەتەوایەتی کودو پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، رۆزوێڵت بێ لەبەرچاوگرتنی دەوڵەتەکەی کوردستانی باشوور ١٩٢١ز، دەنووسێت: ئاواتی نەتەوایەتی کورد واتە (پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی) کوردستانێی سەربەخۆ، بەدیسەمبەری ١٩٤٥ تا دیسەمبەری ١٩٤٦ز، لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی بچووك لەکوردستانی رۆژهەڵات داوەدی هات.

لێرە پرسێکی کۆن بەرەو دەستنیشان کردنی، هۆکارانی سەرنەکەوتنی بیری نەتەوایەتی کوردمان ئەبات، بۆچی نەتەوایەتی کورد نەگەشتۆتە ئامانجەکەی؟

٥-هۆکارانی سەرنەکەوتنی نەتەوایەتی کورد

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد دیموکراسیەت، مێژوومەندی، یاساگەرایی و.. تاد جەوهەریەتی نەتەوایەتی کورد پێك دەهێنن، ئەدی بۆچی ئەم فکرە بەرهەمێکی ئەوتۆی لێ رسك نەبوو؟

١-خاکی کورد بێ شك پارچە پارچەکردنی کوردستان و بەخشندەیی و دڵ ئاوایی زلهێزەکان، گەورەترین زەبری لەبیری نەتەوایەتی کورد داوە، زۆربەی هەرە زۆری پەیماننامەکانی دەوڵەتانی ناوچە بەناو خوێن و ئێسکی کوردا تێ دەپەڕێ، وەك پەیماننامەی جەزایر.

٢-گرێدراوی بەرژەوەندی زلهێزەکانی دنیاو داگیرکەران، بۆ وێنە یەکێتی سۆڤیەت و عێراق، ئەمریکاو تورکیا.

٣-غەدری وڵاتە سەرکەوتووەکانی هەردوو شەڕی جیهانی لەکورد، لەلایەکەوە چەند دەوڵەت بۆ عەرەب بەدیاری دێنێ، لەلایەکەوە وڵات و زێدی کورد لەت لەت دەکات.

٤-کۆمۆنیزم و هێزە چەپە توندڕەوەکان.

٥-بنەڕەتخوازی ئایینی.

٦-عەشیرەت گەرایی، ناوچەگەرایی و..

٧-دواکەوتوویی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و..

٨-نەیار باوەڕی لەباتی خۆباوەڕی.

٩-بەرژەوەند پەرستی لایەنەکان.

١٠-کەمتەرخەمی، ترس، خودسانسۆری

١١-تیۆریزە نەبوونی نەتەوایەتی کورد.

١٢-قەیرانی کەسایەتی.

١٣-نادیموکراتی بوونی رۆح و دیسپلینی زۆربەی لایەنە کوردستانی‌یەکان.

١٤-نەبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی.

١٥-بەرجەستەنەبوونی خێوەتێکی جێ متمانەو.. تاد.

هەمیشە وتوومە ئێستاشی لەسەر بێت، قورسایی باری ئازارە کە بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە، بێ شك ئەگەر ئەمڕۆ هۆشیارانە نەجووڵێینەوە، سبەی چارەسەری و هەتوان چیتر بەسانایی دەست ناکەوێت.

٦-سەدەی ٢١ رووناکبیری کوردو بیری نەتەوایەتی

روناکبیر لەهەر کۆمەڵگایەکدا، مرۆڤێکی پێشڕەوە کەسەرەڕای هەموو ئازارو چەرمەسەریەکانیەوە دوور لەهەوارزو نشێوو خەون و بریاکانی نەتەوەکەی ناژیت، بۆیە ئەم تاقمە جیهانی نوێ خولقێن و بێزار لەدیوارو کەلەپچەو زنجیر هەمیشە وەك رابەرانی راستگۆی بزووتنەوەی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و.. تاد دەرکەوتوون. لەکوردستاندا، میقداد بەدرخان و قوتابیانی (عەشیرەت مەکتەب) لەباکوور تا هەمیشەی بەردەوامی رووباری ژین، لەئەستێرەکانی ئاسمان درەوشاوەترن.

بێگومان سەدەی ٢١ ئاسۆیەکی روون و گەش بۆ نەتەوە ماف زەوت کراوەکانی دیاری کردووە، سەدەی ٢١ ژانی بەئازادی نەتەوە بن دەستەکانەوە گرتووە، لەلایەکەوە بەجیهانی بوون چوارچێوە داخراوەکانی خستۆتە بەر پەلاماری تەکنۆلۆژیای خۆیەوە، لەلایەکەوە موعادیلاتی بەرژەوەندی دەوڵەتانی هەڵوەشاندۆتەوە، سەرەڕای دەرکەوتنی کۆمپانیا بان نەتەوەیی فرامليتیەکان — جانتای هاتنە ناوی دنیای نوێ بەپێناسەی نەتەوەیی دەزانێت ئێستاش:

١-گرێدراوی ئاشتی سەقام گرتوو و گەرەنتکراو لەرۆژهەڵاتی ناوین بەکێشەی کوردەوە.

٢-بەرەو کۆتایی چوونی کێشەی فەلەستین

٣-نەفرەتی جیهانی لەبنەڕەتخوازی

٤-نەفرەتی جیهانی لەتیرۆریزم و بیوتیرۆریزم.

٥-هەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی لەکوردستانی باشور.

٦-دەرکەوتنی کورد لەجیهاندا.

٧-تێکچوونی هاو بەرژەوەندی زلهێزەکان و دەوڵەتەکانی ناوچە، کەوایە رووناکبیری نەتەوەیی ئەرکی لەجاران گرانترو لەهەمان کاتدا پڕ بەهرەترە، بەڕای من رووناکبیری نەتەوەیی دەبێت:

١-بۆ تیۆریزەکردنی بیری نەتەوایەتی کورد، وەك تەنیا رێگای ژیانەوەیان ئافراندنی شوناس یان پێناسەی نەتەوەیی هەنگاو هەڵگرێت.

٢-بێ رەحمانە لەبەرامبەری غەدری لایەنە کوردیەکاندا هەڵوێست بگرێت و وێڕای حورمەت دانان بۆ گیانبەختکەران، رەخنە لەپەیڕەوو ئەساسنامەو رەفتاری پارتەکان بگرێت.

٣-بەگژ ئەو پەتاو شێرپەنجە گەلە بچێت کەهەڕەشە لەنەتەوە دەکەن وەك: بۆچوونە رەنگاڵەکان و بنەڕەتخوازی ئایینی و..

٤-بەلێبوردویەوە چاو لەکۆمەڵگا بکات و بۆ بەهێزکردنی لایەن و توێژە جۆبەجۆرەکانی نەتەوە خەبات بکات.

٥-خامەی سەربەخۆ بێت لەکەش و هەوای پایتەختەکان، بۆ وێنە رووناکبیری نەتەوەیی چیتر نابێت چارەنووسی خۆی بەچارەنووسی روناکبیری پان تورکیزمی ئەنکاراو ئەستەموڵ گرێ بدات، چونکە ئەگەر ئەم خاوەن هەڵوێست و دەقی بەهێزی خۆی بێت ئەو ناچار دەبێت بەشێوەیەك هەوڵ بۆ پێکهێنانی رۆچنەی دیالۆگ و پەیڤین بکاتەوە.

٦-"بەجیهانی بوون" وەك دەرفەتێکی نەغەیبی بزانێت بۆ گەیشتن بەبرا ئینسانی‌یەکانی نەتەوە.

٧-باڵوێزی ئاشتی خوازی، دیموکراسیەت و مەدەنیەت بێت.

٨-هەوڵ بدات بەئافراندنی تیۆری بەهێز دیالۆگی گونجاوو حاشا هەڵنەگر بەرەیەکی نوێ لەئاستی نەتەوەدا بخولقێنێ.

٩-ئەمڕۆ بەهەموو هێزو بیرو تواناوە بەرەو هاندان و بێدارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی باشوورو پارتەکان بۆ نزیك بونەوەیان لەدامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خەبات بکەن و.. تاد.

بێ شك روناکبیری نەتەوەیی کەهەموو هەویای نیشتمانەکەیەتی و هەرکام دەکرێت ئەحمەدخانی و حاجی قادرێك بن، نابێت بەهیچ شێوەیەك لەڕێگای راستەقینەی نەتەوایەتی لابدات، ئەگینا سبەی مێژووی بێ بەزییانە لەگەڵیاندا رەفتار دەکات.

سەرچاوە:

١-مەم و زین ئەحمەد خانی، چاپی یەکەم، ورمێ ١٣٦٧ ك ە

٢-کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حسەین مەدەنی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠١.

٣-کەلتوورو ناسیونالیزم، د. رەفیق سابیر، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٣.

٤-ایدئولوژی های سیاسی مدرن، اندرو وینسنت، مرتضی ڤاقب فر، تهران ١٣٧٨.

٥-بنیادهای علم سیاست، عبدالرحمن عالم، تهران ١٣٨٠.

٦-دانشنامە سیاسی، داریوش عاشوری، تهران ١٣٨١.



بەختیار محەمەدیان

هەڵبژاردن و ئاواتەکان!

درەنگ و زوو، لەهەر شوێنێك و کونجێکی ئەم دونیایە، شەپۆلێك گۆڕانکاری بە (لابود) واتە بەزۆرەملێ پێویستە کلتوری کۆمەڵگا جیاجیاکان برێکی زۆر گۆڕانی ریشەیی بەخۆیانەوە ببینن، سەرەتاییترین هەنگاو بەڕووی ئەو شەپۆلە گۆڕانکاریانە بەپلەی یەکەم دەبێتە درك پێکردنی جیاوازیی بەرانبەرو مافدانی جیاوازبوونی بەرامبەر چ لە بیرکردنەوەو چ لەشێوەی ژیان کردندا، ئەمەش بەپلەی یەکەم لەهەر کۆمەڵگایەك کە بەرەو ئاقاری مەدەنی بوون هەنگاو بنێت، دەوەستێتەوە سەر چەندو چۆنی هەستپێکردنی تاکەکانی بەمافی تاکە کەسی خۆیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

لە ئێستادا کوردستان لەباشوریدا دەتنوانین بڵێین قۆناغی قەیراناوی بوونی خۆی تێپەڕاندوەو هەنوکە لەدۆزی وەدەست هێنانی ئیستقراری سیاسی خۆیدا دەبێت، ئەم قۆناغەش بەقۆناغێکی زۆر هەستیاری رەوتی پەرەسەندنی مێژووی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێت.

بۆیە پێویستە زۆر بەوردی مامەڵە لەتەك دەرکەوتە مێژووییەکانی ئەم عەصرەدا بکرێت، دیارترینی ئەم دەرکەوتانەش بەپلەی یەکەم لەهەڵبژاردندا خۆی دەبینێتەوە (Election) دەنگدان کە یەکێکە لەپرۆسە هەرە زیندووەکانی نێو بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگایەك، گرنگی و بەهای خۆی دەبێت، بەمەرجێك سەرکەوتوانەو پڕ بەشداری ئەنجام بدرێت، ئەورۆکە کورد لەباشوردا دووجار دەنگدەدات، کە ئەمەش بۆ خۆی هەنگاونانێکی خێراترو پەرەسەندوتر دەبێت، کورد لەم پارچەیەدا لەقۆزاخەی مت بوون دێتە دەروو لەجیاتی جارێك دووجار هەڵدەستێت بەبەشداریکردن لەهەڵبژاردندا.

لێرەوەو لەئێستادا پێویستە هەموان بزانین، کە سەرەتاییترین مافەکانی هەر تاکێك بریتی دەبێت لەبەشداریکردنێکی تەندروست، لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، بۆیە ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان زۆر بەپەرۆشەوە چاوی دووربینمان لەرۆژهەڵاتەوە بڕیوەتە ئاسۆی گەشی دۆزی پەرەسەندووی باشوور.

خانووەکانی وێستگەی کارەبای دوکان لەنێوان تاپۆو کرێدا

ئامادەکردنی: ئاکۆ دوکانی

وێستگەی کارەبای دوکان کە (١٥) ساڵ دوای دروست کردنی بەنداوەکە لەلایەن کۆمپانیایەکی رووسی‌یەوە دروست کراوە لەساڵی (١٩٧٩) بەدواوە دەستی بە بەرهەمهێنانی کارەبا کردووە.

ئەم کۆمپانیایە کەبەماوەی دوو ساڵ وێستگەکەی دروست کرد پێویستی بەشوێنی حەوانەوە هەبوو بۆ ئەندازیارو فەرمانبەرەکانی.

بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی عێراقی چەند شوێنێکی جیاوازی بۆ تەرخان کردن کە خانووی لێ دروست بکەن لە ئەم بەرو ئەوبەری زێیەکە، دیارترینیان گەڕەکی (صناعە)ی ئێستایە، هەروەها چەند شوقەیەکیش لەدوکانی سەرەوە.

دوای تەواوبونی کارەکانیان ویستیان خانووەکان بڕوخێنن، چونکە مەرجی ئەندازیاریان تێدا نەبوو، بەڵام حکومەت بەوەرگرتنی بڕێك پارە لەکۆمپانیا روسی‌یەکە بۆ تازەکردنەوەی خانووەکان هێشتیەوە، بەمەبەستی دابینکردنی فەرمانبەرانی ئەم وێستگەیە تیایاندا.

ئەم خانووانە تائێستا هەر ماون‌و تەمەنی یاسایی یان بەسەرچووەو کۆن بون، ئەم کۆن بونەیان وای کردووە فەرمانبەرەکان بێزار بکات بەوەی کە حکومەت بەدەم کەموکوڕی خانووەکانەوە نایات.

ئەم خانووانە نەتاپۆ دەکرێن‌و نە تازەش دەکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کرێ یان لەسەرە.

بۆ ئەم گرفتە بەپێویستمان زانی ئەم بەدواداچوونە بکەین‌و روی راستی باسەکە بخەینەڕوو.

ئەحمەد فاتح: یەکێکە لەدانیشتوانی خانووەکانی وێستگەی کارەبای دوکان‌و لێپرسراوی سەنتەری لاوانە لەدوکان.

پێموایە حکومەتی هەرێم تائێستاش وەزارەتێکی پلان دانانی تۆکمەو لێهاتووی نییە کەسەرپەرشتی ئەم کارانە بکات، من ئەمە بەکەم‌و کوڕی ئیدارەی حکومەت دادەنێم ئەوان تائێستا خانووەکانی وێستگەی کارەباو بەربەست لێك جیاناکانەوە.

ئەم خانووانە بەهۆی ئەوەی کە گوایە پاشکۆی وێستگەکەن نابێ تاپۆ بکرێن لەهەمان کاتدا تائێستا لەدەوروبەری ئەم خانووانە چەندین خانوو دروست کراون‌و زەوی‌یەکانیشیان تاپۆکراون، من هیچ گرفتێك لەتاپۆکردنیان نابینم‌و بەمافی فەرمانبەرەکانیشی دەزانم کەتاپۆ بکرێن لەسەریان.

هیوادارم حکومەت ئەم جارە ئەم مەسەلەیە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی نەهێنا بێتە ناوەو وەکو جارەکانی‌تر فەرامۆش نەکرێت‌و مافی فەرمانبەران نەفەوتێت، چونکە هەر ئەوان بوون لەکاتی راپەڕین دا پارێزگاریان لەو وێستگەیە کرد.

ئاشتی سدیق: فەرمانبەر لەبەشی تاقیگەی کیمیایی وێستگەی کارەباکە.

هەوڵی زۆر دراوە بۆ تاپۆکردنی ئەم خانووانە بەڵام رێگرو دەستی شاراوە زۆر بووە کە بۆتە بەربەست بۆ ئەم کارەو بڕوبیانووی زۆری بۆ هێنراوەتەوە، یەکێك لەوانە کەگوایە ئەم خانووانە لەبەنداوەکەوە زۆر نزیکن.

لەگەڵ ئەمانەشدا پێم وایە حکومەت چاوی لە ئەم خانووانە نییە، چونکە خانووەکان ئەوە نین کەجێی تەماح بێت دواتریش حکومەت هەوڵی ئەوە دەدات کەئەزمەی نیشتەجێ بوون نەهێڵێت، دواتریش هەر فەرمانبەرێك مەسرەفێکی بەرچاوی لەو خانووانەدا کردوە کەمافی تاپۆکردنیان پێ بدرێت.

بەڵام زۆرم پێ سەیرە کاتی خۆی کرێیەکی رەمزی مان دەدا بۆ مەسرەفی خانووەکان دابین دەکرا بەڵام ئێستا بڕێ پارەی زۆر بەرێژی ٩٪ ی موچەی فەرمانبەران دەبڕێت بەبێ ئەوەی بزانین ئەم پارەیە بۆچی‌یە، ئێمە وەکو کرێ ئەیدەین، تەنانەت لەلیژنەیەکیشمان پرسیوە ئەم کرێ زۆرە چی بەسەر دێت بەڵام من تائێستا نازانم بۆچی‌یە؟!

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم جارە ئومێدی زۆرم هەیە کەخانووەکان تاپۆ بکرێن‌و بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردەکان نەخرێنە روو خەڵکی پێ چەواشە ناکرێت، چونکە فۆرمی خانووەکانمان پڕکردۆتەوە بۆ تاپۆکردنیان.

هیوا عەبدوڵلا: تێبینەری تەکنیکی لەوێستگی کارەباکە

کاتی خۆی نوسراوێکی رەسمی لەوێستگەی کارەبای دوکانەوە نێردرا بۆ بەغداد بەمەبەستی تازەکردنەوەی خانووەکان، بەڵام حکومەت وتی ئەم خانووانە بەسەرچوون و دەبێ بڕوخێنرێن‌و هی تازەیان لێ دروست بکرێتەوە، بەڵام فەرامۆش کرا.

هەرواشە ئەم خانووانە تەمەنی یاساییان بەسەرچووەو کۆن بوون بەتایبەت خانووە حەسیرو بەردەکانی گەرەکی (صناعە).

بڕیاری حکومەت بۆ تاپۆکردنی هەموو خانووەکانی هەرێم زۆرێك لەخەڵکی ئەم شارۆچکەیە سودیان لێ بینی وەکو مامۆستاو فەرمانبەران. کە لەسەریان تاپۆ کران.

بەڵام خانووەکانی وێستگەی کارەبای دوکان لەبەر هەندێ هۆکاری لێڵ تاپۆ نەکران.

دواتریش ئەو کرێیەی لێمان دەسەنرێت زۆر نادادپەروەرانەو زۆر ستەم کارانەیە چونکە هیچ بەراوردێك نەکراوە بۆ جۆری خانووەکان‌و بۆ بڕی موچەی فەرمانبەرەکانیش لەبەرئەوە سەیر دەکەی خانوو هەیە زۆر وێرانەو شایستەی ئەو بڕە پارەیە نی‌یە کەلێی دەسەنرێت، هەروەها فەرمانبەرە هەیە لەخانووی حەسیری کۆندایەو بیست‌و پێنج ساڵە خزمەتی هەیەو ٩٪ لەموچەکەی دەبڕن وەکو کرێ، هەروەها فەرمانبەر هەیە لەخانووی تازەدایەو تازەش دامەزراوەو هەر ٩٪ لەموچەی دەبڕن، فەرمانبەر هەیە خانووی نییەو لەکابینەدایەو کرێ دەدات. بەڕاستی ئەمە غەدرێکی گەورەیە لەهاوڵاتیان دەکرێت. هەر هیچ نەبووایە بۆ ئەم کرێ‌یە خزمەتی فەرمانبەران‌و چاك‌و خراپی خانووەکان لەبەرچاو بگیرایە، تائێستا بڕی تێچونی خانووەکە کرێمان داوە لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا بەشێوەیەکی رێکوپێك تازە نەکراونەوە، ئەگەر بێت‌و تاپۆ بکرێن خەڵك خۆیان تازەی دەکەنەوە یان لەجێی‌دا خانووی تازەی لێ دروست دەکەنەوە، بەڵام بەم شێوەیەی ئێستا هیچ کەسێك دەستی ناچێتە خانووی حکومەت.

ئیسماعیل عەبدوڵلا محەمەد: سەرپەرشتیاری تەکنیکی خانووەکان

لەساڵی ١٩٩٨ حکومەتی هەرێم بڕیاری (١٢١)ی دەرکرد کە هەرچی خانووەکانی حکومەت هەیە دەبێ لەسەر فەرمانبەران تاپۆ بکرێن، لەسەر ئەم بنچینەیە هەموو خانووەکان تاپۆکران تەنها خانووەکانی وێستگەی کارەبای دوکان‌و دەربەندیخان نەبێ، ئەمەش بەهۆی دەست تێوەردانی هەندێ خەڵکی ناحەزەوە، کە گوایە ئەگەر ئەم خانووانە تاپۆ بکرێن فەرمانبەرەکان دەیانفرۆشن‌و وێستگەکە دەوەستێ.. دوای ئەوەی کەخانووەکانی ئێمە تاپۆ نەکراوە، هەستاین پارێزەرمان بۆ گرتن تابۆمان تاپۆ بکرێت پارێزەرەکان (مستەفا عەسکەری‌و محەمەد کیی) بوون، کە بۆ ماوەی ساڵێك سەرگەرمی ئەوە بووین تاپۆیان بکەین، لەوەدا بووین کەتاپۆ بکرێن، بەڵام مام جەلال نوسراوێکی بۆ نادرین کەدەڵێ: بڕیاری (١٢١) خانووەکانی بەربەست‌و وێستگەکانی گۆڕین ناگرێتەوە، ئەم نوسراوە بەو حسابە هات کەخانووەکانی ئێمە تاپۆ نەکرێن بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەم خانووانە ناگرێتەوە چونکە ئەوانەی ئێمە نە خانوی بەربەست‌و نە خانووی وێستگەکانی گۆڕینن بەڵکو خانووی وێستگەی بەرهەم هێنانی کارەبان ئەو بڕیارەی مام جەلال بەهیچ شێوەیەك خانووەکانی ئێمەی نەگرتەوە، بەڵام بەزۆر تێوەگلاین‌و بۆیان تاپۆ نەکردین.

هەرچەندە ئێمە جارێکی‌تریش بەکارەکە هەڵساینەوە بەڵام هەر بەئەنجام نەگەیشتین ئەوەبوو دواتر پارەیەکی زۆرمان لەمەسرەفی پارێزەرەکان سەرف کرد وەکو باجێك کەنزیکەی (٢) ملیۆن دیناری سویسری زیاترمان لەسەرشانی فەرمانبەرەکان دایە حکومەت دوای ئەوەش کەداوای قەرەبوومان کردەوە حکومەت رەخنەشیان لێ گرتین‌و بەچاوێکی ترەوە سەیریان دەکردین.

بێجگە لەوەی کەنزیکەی (١٧) هەزار دیناری سویسری مان لەمەسرەفی پارێزەرەکان خەرج کردو ئەنجامیشی نەبوو، کەهەر فەرمانبەرێك نزیکەی (٢٠٠) دیناری سویسری لێ سەنراوە.

دواتریش ئیشوکاری پارێزەرەکانی مەسرەف‌و تێچوونی هەبوو کە لیژنەیەکمان پێك هێنا بۆ ئەوان کەئەویش پارەی تێچوو، بڕێکی تریشمان کۆکردەوە بۆ خەرجی لیژنەکە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەمانگی حەوتی ئەمساڵەوە نوسراوێکی رەسمی لەوەزارەتی دارایی‌یەوە هات کەموچەی فەرمانبەرەکان بەرێژەی ٩٪ ببڕێت وەکو کرێ بۆ خانووەکان، بەبێ جیاوازی لەنێوان جۆری خانووەکاندا. لەسەردەمی حکومەتی مەرکەزیدا کرێ لەخانووە حەسیرو کابینەکان نەدەسەنرا بەڵام ئێستا لەهەموان دەسەنرێت.

لەساڵی (١٩٩٦) لیژنەیەك هات وتیان خانووەکانمان بۆ کەشف بکەن، تازەیان دەکەینەوە دواتر سەیریان کرد پارەیەکی خەیاڵی تێدەچێت لەبەرئەوە بڕیاریان دا پشت گوێ بخرێ لەبەر زۆری تێچونی پارەکە.

نازانم بۆ دەبێ بۆ ئێمەی فەرمانبەر تاپۆ کردنی خانووەکانی حکمەت قەدەغە بێ لەکاتێکدا زۆربەی زۆری زەویەکان‌و هەندێ خانووی تری ئەم شارۆچکەیە و چواردەوری ئەم خانووانە هەمووی تاپۆکراون‌و هی ئێمەش قەدەغە بێت؟!.

لەلایەکی ترەوە حکومەت زەوی دەبەخشێت‌و تاپۆیان دەکات، هەروەها زەوی هەیە لەدەم ئاوەکە بەدرێژایی زێیەکە بەدەفتەر دۆلار تاپۆکراون بەشێوەیەك کەرێی هاوڵاتیان نەماوە بچنە دەم زێیەکە چونکە هەمووی گیراوە بەڵام بۆ ئێمە قەدەغەیە.

هیوادارم حکومەت بەوردی بەم مەسەلەیەدا بچێتەوەو بیرێك لەفەرمانبەرە دڵسۆزەکانی ئەم وێستگەیە بکاتەوە.

فەرەیدون غەریب: بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندیەکانی دەزگای کارەبا.

دوای کێشمەکێشمێکی زۆر پێم وایە حکومەت خۆی گەیشتە ئەو بڕوایەی کەدەبێ ئەم خانووانە تاپۆ بکرێن.

ئێستا وەزارەت لیژنەیەکی پێك هێناوە بەسەرپەرشتی (دلێری سەید مەجید) ئەندامەتی نوێنەرایەتی وەزارەتی پیشەسازی‌و نوێنەری دەزگای کارەباو وەزارەتی گەشت‌و گوزار کەسێ مانگ لەمەوپێش بڕیاری لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون درا بۆ تاپۆکردنی خانووەکان، مەرج نییە تاپۆ بکرێن بەڵام لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ کەئایا ئەم خانووانە لەڕوی یاسایی‌یەوە دەست دەدات بۆ تاپۆکردنیان یان نا. ئێمە لەدەزگای کارەبا لیژنەیەکمان پێك هێنا کەبەرچاو رونی بدەین بەنوێنەرەکەی خۆمان کەلیژنەکەی ئەنجومەنی وەزیران ئەندامە.

ئێمە دوای کۆبونەوەکەی لیژنەی فەرعی دەزگای کارەبای خۆمان کۆمەڵێ خاڵمان دیاری کرد، کە ئەم خانووانە لەساڵی (١٩٧٨)ەوە دورست کراون‌و ماوەی یاسایی‌یان بەسەرچووە، کە نزیەی (١٥) ساڵ دەبێت تازە نەکراونەوە.

فەرمانبەرەکانیش بۆئەوەی خانووەکانیان لەدەست نەچێ کوڕی کوڕیان لەوێستگەکە دامەزراندووە، هەر ئەمەشە بو بەهۆی قرەباڵغیەکی زۆر لەوێستگەکەدا.

من هەرچەندە بەرپرسی راگەیاندنم لەوێستگەکە بەڵام بەئاشکرا خۆم دەرنەخستووە بەڵکو بەنادیاری‌و شاراوەیی کاری زۆرمان کردووە بۆ تاپۆکردنیان.

من خۆم حەزم لەکاری دەرخستن‌و هات‌و هاوار نی‌یە، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە کارمان نەکردووە، بەڵکو من نەمویستووە موزایەدەی راگەیاندن بکەم.

ئێساش ئەگەر بزانین هەر تاپۆ ناکرێن من وەکو پیشەو کارەکەم لەرێگەی راگەیاندنەوە فشاری خۆمان دەخەینە سەر حکومەت بۆ ئەم کارە.. ئێمە وەکو لیژنە کاری خۆمان کردوو بەڵام حکومەت تائێستا نەجوڵاوە، هەروەها من بەمافی فەرمانبەرەکانی دەزانم کەتاپۆ بکرێن لەسەریان چونکە نرخی خانووەکانیان هەر تیا سەرف کردووە.

لەکۆتاییدا:

ئەم خانووانە کەموڵکی دەوڵەتن‌و ماوەی یاسایی‌یان بەسەرچوەو تائێستاش تازە نەکراونەوەو فەرمانبەرەکانیش مەسرەفێکی بەرچاویان تیا کردووەو خزمەتێکی زۆریان بەوێستگەکە کردووە، من بەمافێکی شەرعی فەرمانبەرەکانی دەزانم کەلەسەریان تاپۆ بکرێن.

هیوادارم ئەم جارەیان وەکو هەموو جارەکانی‌تر خەفە نەبێتەوەو حکومەت ئەم مافە بەفەرمانبەرانی وێستگەی کارەبای دوکان رەوا ببینێ‌و ئەم جارە نەیکەنە کارتێك بۆ پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

پێشم وایە ئیتر حکومەت گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کەدەبێ ئەم خانووانە تاپۆ بکرێن ئەزمەی نیشتەجێ بون نەهێڵێت.

نوسراوی جێبەجێکردنی بڕیاری ١١٧ لە شارەوانیەکان‌و شارەوانی کەرکوك رەتکرایەوە..!!!

باوکی رەهەند

خاوەن ماڵ لێرە دەژی‌و بێگانەش زەوی پێ دەدرێ..

لەسەردەمی دەسەڵاتی رژێمی بەعسی لەناوچوو لەپێناو بەرژەوەندی‌و سودمەندبوونی پیاوانی رژێم بەتایبەتی لەبواری ئەوانەی لەسلکی سەربازیداکاریان دەکرد.. بڕیارێك بەژمارە (١١٧) دەرچووبوو کەتایبەت بووبەدابەشکردنی زەوی بەسەر ئەفسەرو سەربازانی بەعس.. ئەوەبوو لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقدا لەئەنجومەنی حوکمدا بەکۆی دەنگ بڕیاریان دا ئەو بڕیارانەی لەخزمەتی شۆڤێنست‌و بۆ بەرژەوەندی پیاوانی بەعس دەرچووە — هەڵبوەشێنرێتەوە، یەکێك لەو بڕیارانە بڕیاری ١١٧ بو کە هەڵوەشاوەتەوە. بەڵام پێدەچێ وەزارەتی بەرگری عێراقی فیدراڵ بێئاگا بێ لەوەی کە ئەو بڕیارە هەڵوەشاوەتەوە!! ئەگینا بۆچی لەم دوو مانگی بەر لەئێستادا هەڵساوە بەرازی کردنی هەردوو وەزارەتی دادو شارەوانیەکانی بەغدا نوسراوێك بەسێ قۆڵی ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی کەرکوك بکەن‌و تیایدا داوایان لەشارەوانیەکانی کەرکوك کردوو ەکە بڕیاری ١١٧ی تایبەت بەدابەشکردنی زەوی بۆ پیاوانی رژێم لەکەرکوك جێبەجێ بکەن.

بەڵام بەرێوەبەرایەتی شارەوانیەکان‌و سەرۆکایەتی شارەوانی کەرکوك پاش لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەیەکی وردو واقیعیانە سەبارەت بەهۆکارو مەبەستی ئاراستەکردنی ئەو نوسراوەو جێبەجێکردنی بڕیارەکە، رەتیان کردۆتەوەو تاکو ئێستاش نوسراوەکەیان راگرتووەو جێبەجێی ناکەن، چونکە سەد لەسەد بەجێبەجێکردنی ئەو بڕیارە ئەفسەرو سەربازانی بەعس‌و رژێمی گۆڕبەگۆڕ چوو سودمەند دەبن. لەلایەکی ترەوە دووبارە لەکەرکوکی ئازادو کوردستانیدا برینەکانی تەعریب قوڵتر دەبێتەوەو دادەنرێت بەماف‌و هێشتنەوەی پیاوانی بەعس ئەو شارە کە کێشەی نیشتەجێکردن ئاڵۆزتر دەکەن. سەیرە کۆدەنگی وەزارەتەکانی (بەرگری‌و دادو شارەوانیەکان)ی عێراقی فیدراڵ لەکاتێکدایە کەئەمرۆ کۆدەنگیەکی لایەن‌و گروپی کوردی سەبارەت بەجێبەجێکردنی برگەی (٥٨)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لەئارادایە، بەو پێیەش بارودۆخ‌و دیمۆگرافیای دانیشتوانی کەرکوك بگەڕێتەوە دۆخی جارانی" کە دەرکراوو ئاوارە کوردەکان بگەڕێنەوە شارەکەی خۆیان‌و عەرەبی تەعریبیش رەوانەی شارو ناوچەکانی خۆیان لەناوەڕاست‌و خوارووی عێراق بکرێنەوە. بۆیە هەرگیز ناکرێ بڕیارێکی وا کە بۆ مەرام‌و مەبەستی سیاسی‌و بۆ تێکدانی دیموگرافیای دانیشتوانی شارێکی کوردستانی وەکو کەرکوك دەرکراوە .. ئەمرۆ جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتیش لەکەرکوك.. کە هەستیارترین‌و ئاڵۆزترین شاری کوردستانیە لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی‌و مەزهەبیەوە.

بۆ زیاتر روونکردنەوەو رۆشنایی خستنە سەر چۆنیەتی رەنگدانەوەی ئەو بڕیارە شۆڤێنییەو.. جێبەجێنەکردنی لەکەرکوك، بەرێوەبەرایەتی شارەوانیەکان‌و سەرۆکایەتی شارەوانی کەرکوك کۆدەنگن لەسەر ئەوەی" کە ئەو نوسراوەی سەبارەت بەدابینکردنی زەوی بۆ ئەفسەرو سەربازانی بەعس ئاراستەیان کراوە رایگرن‌و کاری پێ نەکەن. بۆیە داوایان لەحکومەتی ناوەندی کردووە کە چاوێك بەو بڕیارەدا بخشێننەوە بەوەی ئەم بڕیارە لەلایەن ئەنجومەنی حوکم دا هەڵوەشاوەتەوە، هەروا مەغزای دەرکردنی بڕیارێکی لەوجۆرە لەخزمەتی تەعریب‌و دژی کوردەکانی ئەو شارەیە کەتیایدا مافی موڵکایەتیان دەدرێت بەخەڵکی نالەبارو بەو شارە، هاوکات هاندان درێژەدانە بەسیاسەتی پاکتاوی نەژادی‌و تەعریب لەکەرکوك.

لەوبارەیەوە (**سالار حەمە حسێن**) بەرێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی کەرکوك لەلێدوانێکدا وتی:

—هەمومان دەزانین کەبڕیاری ١١٧ی تایبەت بەدابەشکردنی زەوی تەنها بۆ بەرژەوەندی‌و لەخزمەتی سەربازو ئەفسەرانی بەعسیەکانی ریزی سەربازی بوو، ماوەیەك بەر لەئێستا لەوەزارەتی بەرگری عێراقی فیدراڵەوە نوسراوێکمان ئاراستەکرا کەتیایدا لەناوەرۆکەکەی هاتووە سەرو پارچە زەوی بدرێت بەهەر ئەفسەرو سەربازێکی رژێمی گۆڕبەگۆڕچووی هێزە سەربازیەکان، بەڕاستی لامان سەیرو سەرسوڕمان بو کاتێك ئەو نوسراوەمان بۆ هات، چونکە ناردنی ئەو نوسراوە هاوکاتە لەگەڵ هەوڵی دەرکردنی عەرەبی تەعریب‌و جێبەجێکردنی برگەی (٥٨)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆیە ئێمە لەشارەوانیەکانی کەرکوك ئەو نوسراوەمان راگرتووەو جێبەجێی ناکەین. چونکە (٣٥) ساڵە تاکو ئێستا کوردی شارەکەو ئاوارەکان لەزەوی‌و موڵکی شارەوانی بێبەشکراون، چۆن ئەمرۆ ئەو هەڵەیە دەکەین کەزەوی بۆ پیاوانی رژێم لەسلکی سەربازیدا دابینبکەین. بەڕاستی جولاندنی ئەو بڕیارە شۆڤێنییە لەلایەن وەزارەتی بەرگریەوە ئاراستە کراوە.. لەبەرئەوە هەرگیز جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە قابیلی قبول نییە!!

لەپەراوێزی کۆبوونەوەکەی پیرمامدا

هەڵسەنگاندنی لیستی هاوپەیمانێتی لایەنە کوردستانیەکان

بۆ هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراو لە عێراق

ئا/ ژینۆ عەبدوڵڵا

هەروەك لەژمارەی پێشوی (چاودێر)دا ئاماژەمان پێدا سەبارەت بەخۆکاندیدکردنی پارتو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بۆ هەردوو هەڵبژاردنە گشتیەکەی عێراقو هەرێمی کوردستان کەبڕیارە لەڕۆژی ٣٠ کانونی دووەمی ساڵی داهاتووا ئەنجامبدرێو تیایدا بەگوێرەی ئەو چەند لێدوانەی (چاودێر) لەچینو توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی وەرگرتبوو زۆربەی بیروبۆچونەکان بەباشیان دەزانی لیستی کوردی بەتەنها بەشداری هەڵبژاردنە گشتیەکان بکات.

سەبارەت بە بەشداربوونی لایەنو پارتو ڕێکخراوە سیاسیە کوردوستانیەکان لەهەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانیش کۆبوونەوە سەرکردایەتی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) گەیشتن بەڕێکەوتنامەیەك کەهەردوو ڕاگەیاندنی پارتی دەسەڵاتدار بەمێژوویو گرنگ ناوزەندیان کردووە، هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەهاوبەشی پارتو گروپو هێزە سیاسیە کوردوستانیەکان بەیەك لیستی هاوبەش بەشداری هەردوو هەڵبژاردنە گشتیەکان دەکەن.

(چاودێر) لەمیانەی ئەو چەند لێدوانەی لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی وەرگرتووە گەیشتونەتە ئەو ڕاستیەی کەسەررەڕای کەموکوڕیەکانی لیستی هاوبەش کەپێشتر تاڕادەیەك ئەنجامەکەی زانراوەو قورسایی هێزە سیاسیەکانی دەرناکەوێ بەڵام بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا باشە چونکە تائێستا دەسەڵاتی ناوەند لەبەغدا مافەکانی گەلی کوردی دابین نەکردووە بەتایبەت چارەنوسی مەسەلەی کەرکوكو ناوچە تازە ئازادکراوەکان تائێستاش دیار نیە.

موحسین ئەدیب (نوسەر) وای دەبینێ ئەم لیستە دوو لایەنی باشو خراپی هەیە چونکە ئەم لیستی هاوبەشە تاڕادەیەك دەمان گەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کەحساب بۆ ڕای گشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەکراوە هەروەها ئەم لیستە هاوبەشە لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم دوو هێزی دەسەڵاتدارە سیقەیان بەیەکتری نیە کەلەڕێگای سندوقەکانی دەنگ دانەوە ئەنجامەکان قبوڵ بکەن.

ئەدیب لایەکی تری ئەم هاوپەیمانێتیە بەوشێوەیە لێکدەداتەوە کەناکۆکی سیاسی حیزبە کوردیەکان بۆ دوای هەڵبژاردن دانراونو هەموو ئامانجێکی سەرەکیان مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلەکەمانە بەتایبەتی مەسەلەی کەرکوكو هەروەها هەموو لایەنە کوردیەکانی بەیەکگرتووی قورسای سیاسیو ڕاگەیاندنی خۆیان ئاڕاستەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن تا بتوانن لەو دەسەڵاتی داهاتووی بەغدادا شتێکی باش بۆ گەلەکەمان بەدەستبهێنن.

ئەگەرچی ئەو لیستە هاوبەشە مەوداکانی دیموکراسی کەموبەرتەسک دەکاتەوەو سەنگو قورسایی ڕاستەقینەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەرناکەوێ، بەڵام یەکگرتووی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەت یەکێتیو پارتی کەدوو پارتی سەرەکی گۆڕەپانی سیاسی کوردوستانن زەرورەتێکی مێژووی سیاسەتێکی ژیرانەیە". ئەمە وتەی **کامیل عومەر** بوو کە لەبەشی هەواڵی (puk tv) یە.

کامیل هێما بۆ ئەوە دەکات لەم هەلومەرجە نالەبارەی ئێستادا کەهێشتا ئاسۆکانی ئایندەی کورد روون نینو زۆر مەسەلەی چارەنووسساز هەن دەوڵەمەندو پێویستیان بەخەباتی هاوبەشو یەك ریزی کورد هەیەو کاتی ململانێی ناوخۆ نیە بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم لیستە هاوبەشە لەداهاتوودا نەکرێتە ڕێچکەیەکی باو لەئاڕاستەی سیاسی کوردا چونکە لەڕاستیدا هیچ بۆشاییەکی ئەوتۆ بۆ دیموکراسی ناهێڵێتەوە.

محەمەد کەریم خوێندکاری دوا قۆناغی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەگەشبینیەکی زۆرەوە دەڕوانێتە لیستی هاوپەیمانێتی لایەنە کوردستانیەکانو ڕۆشنای خستە سەرئەوەی کەئەگەری قبوڵ نەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستانو سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لەم قۆناغە ناسکەی ئێستادا دۆستو دوژمن پێمان خۆشدەبێو ئەزموونی چەند ساڵەمان بەفیڕۆ دەڕوات.

شیلان یونس فەرمانبەر دەڵێ هەرچەندە من زۆر لەو لیستی هاوپەیمانیە نازانم بەڵام هەمیشە یەکگرتووی کورد دڵخۆشم دەکات.

"من بەش بەحاڵی خۆم کەم تا زۆر لەگەڵ ئەو لیستەدا نیم چونکە پرۆسەی دیموکراسی کە ١٤ ساڵە بانگەشەی بۆ دەکەین لەباردەبرێ". ئەمە قسەی مامۆستا **هەڤاڵ ئەبوبەکر** بوو لەبەشی ڕاگەیاندنی زانکۆ کاتێك دەربارەی لیستەکە پرسیارمان لێکردو ئاماژەی بەوەدا ئەم شێوازە مافی هەڵبژاردنو پۆلێنکردن لەخەڵکی دەسەنێتەوەو ڕاستە ئەم لیستە رەنگە بۆئەوە بێ بۆئەوەی ڕێبگرین لەدێوەزمەی شەڕی ناوخۆ بەم باشتر بوو بەوشێوەیە بەشداری پرۆسەکە نەکەنو ڕێگا لەهاوڵاتیان بگرن ڕو لەسندوقەکانی دەنگ دان بگرن چونکە پێشتر ئەنجامەکەی چاوەڕوان کراوەو لایەنە ناکۆکەکان بخرێنە یەك لیستەوە.

مامۆستا هەڤاڵ پێی باشتر بو دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن هاوپەیمانێتی برایەوەو چونکە ئەو شێوازە لەسەرجەم وڵاتانی جیهاندا پەیڕەو دەکرێ دوای زانینی ڕێژەی قورسایی پارتەکان بەهاوپەیمانێتی حوکمەتیان پێکبهێنایەو بەم شێوازەش بۆ ٤ ساڵیتر پرۆسەی بەمەدەنی بوون لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دواخرا.

بەدەر لەچینی ڕۆشنبرانو خوێندکار (چاودێر) بۆ زانینی ڕای هاووڵاتین بەشێوەیەکی گشتی سەردانی ناو بازاڕی شاری (سلێمانیمان) کردو لەمیانەی لێدوانی هاوڵاتیاندا بۆمان یەك هەڵوێستی هاوبەش کۆی دەکردنەوە کەیەکڕیزیو یەکگرتوی گەلی کورد لەهەموو کاتێکدا لەسەروو هەموو شتێکەوەیە.

مام کەریم کە تەمەنی لەسەرو پەنجاکانەوەیە، خۆشحاڵی خۆی لەو ڕێکەوتنامەیە پیشانداو وتی ئومێدمان زۆرە کورد هەمیشە تەبا بێو برایەتیو خۆشەویستیمان زیاتر بێ مەبەستی سەرەکیمان تەنها کوردایەتی بێ.

شوان عەلی) دوکاندار ئاشکرایکرد زۆر زۆرم پێخۆشبوو کەهەردوو سەرکردەکە دەستیان لەناو دەستی یەکدا بوو بە بەرچاوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ڕێکەوتنامەکەیان ئیمزا کرد.

خونچە عەبدوڵڵا کە لەگەڵ دایکیدا سەرقاڵی کڕینی پێداویستیەکانی بوو ئەڵێ ئەو ڕێکەوتنامەیە زۆر دڵ شادی کردم چونکە کورد یەکگرتووە.

ڕێکەوتنێك لەخزمەتی دیموکراسیدا یان لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەیەکدا؟

خوێندکاران پێیان باش نیە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی بکرێت

ئا/ کوردۆ عەلی

هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران کە چەند ساڵێکە لەناوندەکانی خوێندندا ئەنجام دەدرێ بۆئەوەی خوێندکاران نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، وا بۆ ماوەیەکە ئەم دەنگوباسە دووبارە لەناوەندەکانی خوێندندا گەرمە باسی لێوە دەکرێ بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەم چەند ڕۆژەدا دەنگوباسی ئەوە بڵاو بۆوە کە هەڵبژاردن بۆ ئەمساڵ ئەنجام نادرێ ئەوەی ئیتر لێرە مەبەستمانە ئەوەیە ئایا خوێندکاران پێیان باشە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران بۆ ئەمساڵ ئەنجام بدرێ.

ڤان ڕەفیق خوێندکارانی بەشی ڕۆژنامەنووسی

پێم وایە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران نەکرێ چونکە کۆمەڵێ گیروگرفت لەهەندێ شوێندا دروست دەکات بەتایبەتی لەناو خوێندکاراندا وە هەڵبژاردنی ساڵی پێشوو، ئەنجام درا هەموومان دەزانین و لامان ڕوونە کەچەندین کێشەی لێکەوتەوە هەموو زیان بوو بۆ خودی خوێندکار، ئەوەی پرسیاری لای ئێمە دروست کردووە ئەوە بوو ئەنجامی باری هەڵبژاردنەکان ڕانەگەیەنرا ئیتر چۆن ئێمە جارێکیتر نوێنەری خۆمان بەئازادانە هەڵبژێرین، لەلایەکی تریشەوە نزیك بوونەوەی هەڵبژاردنەکانی کوردستانو عێراق من پێم وا نیە جارێ هەڵبژاردن بکرێت لەبەرئەوەی تەئکیدم کە سلبیاتی بۆ ئەو هەڵبژاردنە گشتییە دەبێت.

دڵشاد تەها حسێن/ خوێندکاری بەشی میکانیك

وەك خوێندکارێك پێم وایە ئەمساڵ نەکرێت، چونکە هەڵبژاردنی نیشتمانی عێراق، کوردستان گرنگترە پێویستە بەم هەڵبژاردنەوە مەشغوڵ بین.

ئاکۆ مەجید/ بەشی ڕۆژنامەنووسی

هەڵبەت پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لەهۆکارو فاکتەرە سەرەکیەکانی بەمەدەنی کردنی هەر کۆمەڵگەیەكو تەئکید لەبەرجەستەکردنی دیموکراسیو مافی مرۆڤ دەکاتەوە هەڵبژاردن کۆمەڵگە بەرەو پێش دەباتو بڕوای یەکتر خوێندنەوەو دان نان بەئەوی بەرامبەردا دەچەسپێنیت. ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی تەندروست پیادە بکرێتو ئەنجام بدرێت.

بەڵام من پێم باش نییە ئەمساڵ هەڵبژاردنی ڕێکخراوە خوێندکاریو قوتابیەکان بکرێت چونکە.

١–بەئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو ئەم پرۆسەیە ئەوەندەی ڕۆڵی خراپی گێڕاوە نەیتوانیوە ئەوەندە ڕۆڵی ئیجابی بگێڕێت. کەهەمیشە تەئکیدی لەسەر ململانێی لەئەرزدانی پشتی ئەوی ڕێکخراوەکەی تری کردۆتەوە، ئەمە لەجیاتی ئەوە بووە کەخزمەتو هۆشیاری بەتوێژی خوێندکار بدرێت.

٢–ئێستاکە هەڵبژاردنی عێراق بەڕێوەیە پێم باشە ڕێکخراوەکان دووبارە خۆیان سەرقاڵ نەکەن بەیەکتریو ئاگایان لەدەوروبەر بێت باشترە.

٣–پێم وایە تائێستا مافی مرۆڤ ئەوەندە نەچەسپاوە لەکوردستان دا کەڕای ئەویتر بەسادەیی قبوڵ بکرێو گیانی خوێندکارێکی تازە پێگەیشتوو بپارێزرێتو نەکەوێتە تەنگژەوە.

هیوا ئەمین/ پەیمانگای هونەرە جوانەکان: بەشی شانۆ قۆناغی سێ

هەڵبژاردن دەرخستنی مافی خوێندکارە بەبیروڕای من هیچ پەیوەندییەکی بەلایەنی ماددیو سۆزدارییەوە نییە بەڵکو مەبدەئێکەو خوێندکار قەرار لەسەری دەدات. وەکردنی هەڵبژاردنی ئازادو بێکێشەو گرفتو صادقانە، وە هەڵبژاردنێك کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی بێت، دوور بێت لەهەموو ئینفیعالاتێکی جەستەییو دەروونی حیزبی، بێگومان ئەمە ڕەوایەو شتێکی حاشا هەڵنەگرە. ئەگەریش بەپێچەوانەی ئەم خاسیەتانەی سەریشەوە بن کەباسم لێوەکرد ئەوا هەڵبژاردن هیچ سودێکی نییەو بوونی کارێکی لا مەعقولە لەم کاتەدا ئەویش بەهۆی دابین نەکردنی ئازادی بۆ ئەو خوێندکارانەی کەخۆیان کاندید دەکەن لەچەند شارێکدا.

ژوان صدیق/ قۆناغی دوو/ بەشی کارگێڕی

من وەکو خوێندکارێکی پەیمانگای تەکنیکی پێم باش نییە هەڵبژاردن بکرێت بۆ ئەمساڵ چونکە ئێمە ئەو لایەنەمان دەوێت کەئیشەکان جێ بەجێ بکات و کێشەو موشکیلەی خوێندکاران چارەسەر بکات لەلایەکی تریشەوە هەڵبژاردنی پەرلەمان نزیك بۆتەوە ئەبێتە هۆی دروست بوونی پشێویو باش بەڕێوەنەچونی پرۆسەکە، وە پاڵپشتێکیش بۆ وشەکانم تەجروبەی پاربوو کەلەچەند شارو ناوچەیەك کەچەند کێشە گەورە ڕوویدا، تەنانەت گرنگی خوێندکارانو هەڕەشە لێکردنیان.

ئاسۆ محەمەد/ زانکۆی سلێمانی – بەشی کۆمەڵناسی

تا بتوانرێ وەڵامێکی یەك لایەنە بدرێتەوە، چونکە وەك مومارەسەکردنی پرۆسەیەکی دیموکراتی ئیجابیە بکرێ، ئەگەر هەمان دەستوری ساڵانی پێشوو دووبارە ئەبێتەوە، هەرچەندە ئەمەش هیچ ئینتمایەکی دیموکراسی نیە ئەگەر بەناوی هەڵبژاردنەوە پەنا بۆ کۆمەڵێك شت بەرن کەزۆر دوورە لەپرنسیپەکانی دیموکراسی، بەڵام ڕوونتر بدوێم وڵاتی ئێمە بەنیسبەت تەجروبەی ڕێکخراوەکانەوە ئەزمونێکی ناعەقڵانی بووە، پێم وایە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان حەلێکی گونجاو نیە بۆئەوەی جارێکیتر هەندێ ڕێکخراو خۆیان ئامادە بکەن بۆ قۆرخ کردنی سندوقی دەنگدان بۆیە پێم باشە هەڵبژاردن نەکرێت.

دڵسۆز کەریم/ خوێندکاری بەشی ڕۆژنامەنوسی

هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران کارێکی باشە ئەگەر ڕێ بدرێت خوێندکاران بەئازادی لەهەموو شارەکانی کوردستاندا بتوانن خۆیان کاندید بکەنو بەسەربەستانە کاری خۆیان بکەن بۆ پڕوپاگەندەی ڕێکخراوەکانیان، ئەمە لەلایەك بەڵام ئەگەر تەجروبەی پار دووبارە بێتەوە ئەوا پێم باش نیە هەرگیز هەڵبژاردن بکرێت چونکە گیانی چەندین هاوڕێمان دەکەوێتە مەترسیەوە وەکو ئەوەی پار لەچەند ناوچەیەك ڕوویدا.

خەندە ئازاد/

کەئەندامی لقی کۆمەڵەی خوێندکارانە بەڵام وەکو خوێندکارێك بەبڕوای خۆم ڕازی نیم هەڵبژاردن لەبەرئەوەی (ی.ن.ك و پ.د.ك) وا بڕیارە بەیەك لیست لەهەڵبژاردنەکانی گشتیدا بەشداری بکەن ئەگەر ئێمەش داوای هەڵبژاردن بکەین ئەوا پێشێل کردنی ئەو بڕیارەیە لەبەرئەوەی ئێمە دەمانەوێت هەمیشە یەك بیرکردنەوەو یەك ڕامان هەبێت.

هیوا جەمال/ خوێندکار لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی

بێگومان هەڵبژاردنی خوێندکاران – قوتابیان لەکوردستان ڕاستەو ڕاست پێچەوانەی کەشی دیموکراسیو هەڵبژاردنی ڕێکخراوی خوێندکاریە، چونکە ڕێکخراوەکان کە دەبێت سەربەخۆ بنو لەخەمی خوێندکاراندا بنو کاروبارەکانیان هەڵسوڕێننو داکۆکی لەمافیان بکەن بەبێ جیاوازی لێرە (کوردستان) ممارەسەیەکی هەڵەیان کردووە کەهەر لەدروست بونیانەوەو لەکۆشی حزبا گەورە بوونو حزب دایەنیان بووە بۆیە بەفیترەت حزبیان خۆش دەوێت ئەگەرچی گەورەش بن یان سەربەخۆش بن کە تا ئێستا نییە ڕێکخراوێکی لەوجۆرە، بۆیە هەڵبژاردنی خوێندکاران – قوتابیان لەخەمی قوتابیاندا نییەو جگە لەپەیماندانو قسەکردنو چاوبەست هیچی دی نەکراوە تەنها کۆمەڵێك شتی بچوکی وەك مەلزەمەو سەیران کەئەویش جیاوازی تێدا هەیە کە ئەوان هەرگیز خەمە گەورەکانی وەك ڕۆشنبیریو مەسکەنو ئایندە نین، بۆیە من پێم وایە هەڵبژاردنی ڕێکخراوە قوتابیەکان جگە لەزانینی ژمارەی بوون تاکی حزبی هیچی دی نییە.

پەژارەی هاووڵاتی

ـ حکومەت، شارۆچکەی بەکرەجۆ گرفتی زۆرە.. (ئاوێنە)

ـ پەروەردەو فێرکردن، ئاورێك بۆ بازرگانیو گران کردن.. (شنروێ)

ـ مافەکانی کەم ئەندامان..! (هێدی)

ـ لەپەراوێزی هەشتەمین فێستیڤاڵی (گەلاوێژ)دا.. (نوری)

ئاوێنە

شارۆچکەی بەکرەجۆ یەکێکە لەنزیکترین ناوچەکان لەشاری سلێمانیەوەو لەماوەی رابردوودا باس لەوە دەکرا کەبەکرەجۆو راپەرینیش لەپرۆسەی فراوان بوونی شاردا ببنە دوو گەرەکی سەر بەشاری سلێمانی، لەگەڵ نزیکی ئەو شارۆچکەیە لەشارەوە، کاتێك روو دەکەیتە ئەو شوێنەو لەباری گوزەرانی دانیشتوانەکەی دەروانیتو دەپرسیت وەڵامی سەیرت چنگ دەکەوێت.

ژنێکی ماڵەوە دانیشتووی بەکرەجۆیە دەڵێت: ئێستا پەتای کۆکەو هەڵامەتو چەند نەخۆشیەکی تریش بڵاوە، بەتایبەت لەناو منداڵاندا.. کاتێك کەلە هۆکارەکەیمان پرسی هەر ئەو هاوڵاتییە بەشێکی هۆکارەکەی خستە سەر بوونی ئاژەڵو مەرومالاتو بەخێوکردنیان لەناو گەرەكو ماڵەکاندا.

لەو کەموکورتیو لایەنە خراپانەی کەلە بەکرەجۆدا هەن کەمی دەرمان لەبنکە تەندروستیەکەیداو نەبوونی ژووری نەشتەرگەری، هەروەها خراپی رێگاو بانو قورو لیتە لەزستاندا، ئەمە جگەلە دیارەدەی پیسی شارۆچکەکەو شەقامەکانی، دیاردەیەکی دیکەی خراپی ئێستای بەکرەجۆ دەرکەوتنی دیاردەی دزییە، بەم دواییە، کەدیارە بۆ کەمتەرخەمی لایەنی پەیوەندیدار دەگەرێتەوە، دیسانەوە لەهەمووی ناخۆشترو مەترسیدارتر دیاردەی بەخێوکردنی ئاژەڵو مالاتە لەناو گەرەكو ماڵەکانداو کاریگەری خراپ لەسەر مەترسی دانیشتوان بەگشتیو منداڵان بەتایبەتی بەجێدەهێڵێت.

ئەمانە ئەو قسەو باسانە بوون کە فاتمە پیرۆت باسیکردن، ئەو دانیشتوی بەکرەجۆیەو کچی ماڵەوەیە.

بۆیە هەقی خۆیەتی بڵێین: دەزگاکانی پەیوەندیدار بەهەریەك لەو گرفتانە، هەریەکەو ئاورێك، تەندروستیو شارەوانیو پارێزگاو دەزگاکانی چاودێری ژیانو گوزەرانی هاووڵاتیان لەشاری سلێمانی، ئێستا دانیشتوانی ئەو گەرەکە رۆژانە وەك هەر گەرەکێکی دیکەی ناوشار هاتوچۆی ناوشار دەکەنو وەك هاوڵاتیانی ئاسایی شار مامەڵە دەکەن مەترسی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوونی هەر نەخۆشیەك لەو شارۆچکەیە هەمان مەترسی لەسەر ژیانو گوزەرانی دانیشتوانی ناوشاریش دروستدەکات، هەر هیچ نەبێت گەورو شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵو مالاتەکان لەناو ماڵەکان دوور بخەنەوە.

شنروێ محمود

سالانە بەر لەدەستپێکردنی سالی خوێندن، لەخوێندگاکانەوە بانگەواز بۆ بەکرێدانی حانوتی خوێندنگا دەکرێت، دیارە ئەمە کەدەخرێتە زیادکردنی ئاشکراوە هەروەك (هەق وایە وابێت) دەدرێت بەو کەسەی کەخواردنێکی گونجاو لەرووی تەندروستیو لایەنی ماددییەوەو .. بۆ خوێندکاران دابین بکات، دواتر ئەو برە پارەیەی لەبەرامبەردا لەکرێگرتە وەردەگیرێ بۆ پێویستی خوێندنگاو خوێندکاران دابین بکرێتەوە یان بدرێت بەلیژنەی حانوت لەبەرێوەبەرێتی پەروەردە، یان نا، گرنگ نییە. ئەوەی گرنگە خوێندکار بەپلەی یەکەم لەم دۆخەدا وەربگیرێ. تا ئەو ماوەیەی لەخوێندنگە بەسەری دەبات برسێتی کاری تێنەکات جگەلەوەی بەخواردن یان خواردنەوەیەك پشوویەك بەدەروونو مێشکی خۆی بداتو لەگەڵ دەستکەوتنی هەندێ پێویستی قەرتاسیە بەنرخێکی گونجاو. بەلام هەتا ئێستاو زیاتر لەئەمسالیشدا مەرجی بەکرێدانی حانووتی خوێندنگە، زیادکردنە لەسەر کرێ واتە کێ کرێ زۆر بدات دەدرێتە ئەو. دەرەنجامی ەوەش نرخ لەسەر خواردنەکان زیاد دەکرێت قوربانیش، خوێندکارە. یان دەبێت هیچ لەخوێندنگا نەکرێت یان پێویستی بەمووچەیەکی باش هەیە تارۆژان بتوانێت لەگەڵ هاورێکانیدا لەفەیەك یان بسکیتێك بخوات، گەر پارەشی پێنەبوو ئەوا با توێژەرە کۆمەڵایەتیەکانو دەروونناسەکان حالی دەروونی شی بکەنەوە، کەچۆن خوێندکار لەبەر ئەوەی پارەی لەفەیەکی لەگیرفاندا نییەو لەگەڵیشیا برسی بێت بەشێکی زۆری وانەکان بەخەیاڵو بیرکردنەوە لەپۆلدا دادەنیشێ.. دیارە بەهۆی گەرانەوەی ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران بۆ ناوەندەکانی خوێندنو دەست پێکردنەو زۆر زیاترلەچاو سالانی پێشوو، هەر خێزانێك خوێندکارێك یان زیاتری هەیە کەهەموویان پێویستیان بەخەرجی هەیە، ئەمەش هەروا ئاسان نییە بەتایبەت لەم وولاتەدا کەهەژاریو کرێچێتیو بێکاری بەسەر داهاتی تاکە کەسدا زاڵە.

لەهەندێ خوێندنگادا نرخ دەگۆرێت لەسەرەتاوە بەجۆرێك دێتو دوای چەند مانگێك زیاد دەبێت. کەدەپرسین بۆ؟ بیانووی ئەوە دەهێننەوە کەبری ئەو پارەیە زۆرترە کەداویانە لەکرێی حانوت لەچاو داهاتەکەیدا، ناچار یان زەرەر یان گران کردن. لێرەدا کەخالە پیادە دەکرێت زۆر ئاسانە بەرێوەبەری خوێندنگا یان لیژنەی بەکرێدانی حانوت لەخوێندنگا ئەوە لێك بداتەوە، یان لەسەرەتاوە بەکەمتر بیداتەکرێو مەرجی هەرزانی خواردنەکانی لەگەڵ ببەستێ. یان رێگە بەزیادبوون نەدات. دەتوانێ بەگەرانەوەی برێك لەپارەکە، نەهێڵێ کرێگرتەش زەرەرمەند بێت هەرچەندە لەهەموو حالەتێکدا، دەبێت پێشتر گوزەرانی خەلكو دۆخو حالی خوێندکارو نرخی خواردنو شمەکەکانی ترو دروستو خاوێنی لەبەرچاو بگیرێ کاتێ بانگەواز بۆ بەکرێدانەکە دەکرێت. پەیرەو کردنی مەرجە تەندروستیەکان ئەوە لەهەندێ شوێن کۆنەو بیرچۆتەوە، دیاریکردنی نرخ لەحانووتی خوێندنگاو قوتابخانەکانو باخچەکان پێویستی بەچاودێریو لێپرسینەوەی بەرێوەبەرێتی پەروەردە هەیە، کەئاگاداری ئەو جموجوڵە بازرگانیە، نییە کەبەحانوتەوە دەکرێت، خۆ ئەگەر خۆشی لێ هەڵە بکەن، ئەوە شتێکی ترە.

هەق وایە بەرێوەبەرێتی پەروەردەو بەرێوەبەرێتی قوتابخانەو خوێندنگاش بەشداربن لەداشکانو هەرزان کردنی پێویستیەکان نەك گرانکردنی، لەپێناو بەرژەوەندی خوێندکاراندا. ئەوە نەبێتە هۆیەك بۆ قازانجی تاکەکەس. وەك چۆن دیاردەی بلاوکردنەوەی مەلزەمە لەخوێندنگاکاندا سەری هەڵداوەو وەزارەتو بەرێوەبەرێتی پەروەردەو هیچ لایەنێکی تر بۆی کۆنترۆڵ ناکرێ. هیچ کاتێك بازرگانیو بازاری رەش نابێ رێگە بەرەوتی پەروەردەو فێرکردن بگرێت.

هێدی گەلاڵی

لەهەر شوێنو وولاتێکی گێتیدا، کەم ئەندامان بەو توێژە ناوزەد کراون کەلە لایەنەکانی ژیانییەوە مافەکانی دابینکراوەو جێی گرنگیدانو چاودێری کردنن، ئەگەرچی حکومەتی لەمەڕ خۆمان بەپێی توانا ئەگەر بەشێوەیەکی رێژەییش بێت هاوکاری کەم ئەندامانی کردووەو لەرووی دابینکردنی بژێوی ژیان مووچەی مانگانەی بۆ بریونەتەوەو چاودێری کۆمەڵایەتیان دەکات. بەلام هەندێ ماف هەیە کەهەقی خۆیەتی خودی کەم ئەندامان وەك هەر کەسێکی ساغ بۆی دابین بکرێت" کەئەم مافانەش بەگوێرەی بریاری کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٧٥/١١/٩ بریاری لێدراوەو بلاوکراوەتەوە بەوەی پێویستە کەم ئەندامان خۆشگوزەران بکرێنو لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی مافی بدرێتیو حکومەت لەدابینکردنی ئەو مافانە بەرپرسیار بێت، بۆیە دەکرێ لەو خالانەی خوارەوە مافەکانیان بەرجەستە بکەین:

– کەم ئەندام، مافێکی بنەرەتی هەیە کەرێزی لێبگیرێت نەك بەزەییت پیا بێتەوە چونکە لەبنەرەتدا (مرۆڤ شایەنی رێزە نەك بەزەیی).

– کەم ئەندام هەمان ئەو مافە مەدەنیو سیاسییانەی هەیە کەخەڵکانی تر هەیانە.

– کەم ئەندام مافی چاودێری پزیشکیو کۆمەڵایەتیو فێرکردنو یارمەتیدانو راوێژکردنو خزمەتگوزاریی تری هەیە کەدەبێتە هۆی گەشەپێدانی تواناکانی بۆ بەرزترین ئاستو دووبارەگەرانەوەی بۆ ناو کۆمەڵ.

–مافی ئەوەی هەیە بەپێی تواناو شارەزاییان کاربکاتو لەفەرمانگە حکومیەکاندا دابمەزرێنن بەبێ ئەوەی هەر مووچەیەکی تر ببێتە رێگر لەکارکردنیانداو بەڵکو پێویستە لە راهێنانو دامەزراندنیشی کار ئاسانی بۆ بکرێت.

– دەبێت کەسی کەم ئەندام لەهەر ئیستیغلال کردن یان مامەڵەیەکی جیاکاری توندو تیژ یان کەسایەتی رووشاندن بپارێزرێ.

– پێویستە رێگە بۆ کەم ئەندام خۆشبکرێت یارمەتی یاسایی لەخەڵکانی پسپۆرەوە پێبگات، کاتێك دەردەکەوێت یارمەتی لەو جۆرە پێویستە بۆ کەسەکە یان ماڵو سامانی، ئەگەر شکاتنامەیەکیش دژی کەم ئەندام تۆمار بکرێت دەبێ ئیجرائاتە یاساییە پەیرەوکراوەکە، حاڵەتی جەستەییو دەروونی کەم ئەندامەکە بەتەواوی رەچاو بکات.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی واقعیو هەنوکەیی بۆ هەریەك لەو خاڵانە بکەین بەوەی کەئایا ئەمرۆ تا چەند رەچاوی هەستو نەستو راوبۆچوونو ئەو کەموکورییە جەستەییەی کەم ئەندام لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا کراوەو بارودۆخو گوزەرانی لەبەرچاو گیراوە..! بۆئەوەی بزانین کە کەم ئەندامان تاکو کوێ گوێیان لێگیراوە، هەر کاتێك لەو رووەوە پرسیار لەخودی کەم ئەندامەکان خۆیان دەکەین، لەوەلامدا ئەلێن: راستە ئەمرۆ لەحکومەتی لەمەر خۆماندا بەپێی تواناو دەرفەت هاوکاری کراوینو لەبواری دابینکردنی بژێوی ژیان تارادەیەك لامان لێکراوەتەوە، بەلام وا هەست ئەکەین زۆرێك لەتاکی کوردەواری بەچاوی بەزەییەوە لێمان دەروانن کەچی لەبنەرەتدا ئێمە پێمان خۆش نییە بەو چاوە سەیرمان بکەن، بەڵکو حەز ئەکەین بەچاوی رێزەوە سەیر بکرێین، بۆیە هەر ئەندامێك لەدڵەوە حەز بەوە دەکات کە کەسانی بەرامبەرو دەوروبەر بەو چاوە لێی بروانێت کەموکورییە جەستەییە نەکات، لەپەراوێزدا بخوێنرێتەوە..!

پواز

بێبەرنامەیی گەنجو بەرگری....!

بێ پێشەکیو بەسوپاسەوە بۆ رەنج سەنگاوی هاورێم، قسەیەکم هەیە لەبارەی گفتوگۆی نێوان میوانەکانی ئەو بەرنامەیەی تایبەت کرابوو بۆ قسەکردن سەبارەت بەگەنجو هەڵسەنگاندنی ئەو دۆخەی گەنجی کوردی پیا تێپەر دەبێت، دیارە ئەمە بۆیە لێرە دەیڵێم، چونکە بەراستی لەکاتی پێشکەش کردنی بەرنامەکەدا کەشەوی ١٠\|١١ی ئەم مانگە پەخش کرا، چەند جارێك هەوڵی پەیوەندیکردنم دا، بەداخەوە نەمتوانی پەیوەندی مسۆگەر بکەم. زۆری لەسەر نەدوێین من ئەوەی سەرنجی راکێشام بەراستی ئەو بەرگرییە سۆز بزوێنەبوو کەلەلایەن میوانەکانەوە لەگەنجی بێ بەرنامەکرا دیارە مەبەستم لە (م. ئاکۆ شوانی) نییە، چونکە وام هەستکرد کەئەو داوایەکی دڵسۆزانەی لەگەنج هەبوو بەلام لەگەیاندنیدا بەهەڵە تێگەیشتنێکی دروستکردبوو، بەهەرحال، من مەبەستمە بڵێم: لەراستیدا رێگریو بەربەست هەنو زۆریشن، بەلام ئەوە ناکاتە خەمساردیو دەستەپاچەیی گەنج، چونکە ئەگەر قسەلەوە بکەینو بمانەوێ ناچالاکی گەنجی ئەم قۆناغە بەگشتی، بخەینە ئەستۆی دەسەلاتو خودی گەنج بەهۆکار نەزانین بەر لەهەر هۆکارێکی تر، ئەو کات تووشی ئەو خراپ حالی بوونەی هەریەك لەکاك لاوەندو لەیلا خان دەبین، خۆهەر گەنجو خوێندکاری کورد بوون لەچەندین خۆپیشاندانو جولانەوەی جەماوەریو بزووتنەوەی رووناکبیریدا شوێن پێیان داناوە، دەسەلاتیش نەك هەر هاندەریان نەبووە، بەڵکو بەئاگرو ئاسنیش رووبەروویان بۆتەوە.

بەرای من گەنج دەبێ بەر لەهەر هاندەرو پاڵپشتێك خۆیان خاوەنی خەونو خولیای گەورە بن لەژیاندا، ئەوان خۆیان هێزی بزوێنەری گۆرانو داهێنانەکانن، گەنجان هەر نەبێ دەبێت ئەوەندە گرنگی بەخۆیان بدەنو کاریگەر بێنە مەیدان، کەلانی کەم پێویستیان بەوە نەبێت خەڵکانی تر بەرگرییان لێبکەن. هەریەك لە کاك لاوەندو خاتوو لەیلا بەجۆرێك باس لەرێگریو کەمترخەمی دەسەلاـ دەکەن لەبەرامبەر گەنجدا، لەوە دەچێ خۆیان بەجەنگەلێکی زۆر چرو کۆسپو ئاستەنگێکی ئێجگار گەورەدا تێپەریبنو دەسەلاتو دەوروبەر جگەلە دژایەتی کردنیان هیچی دیکەی بۆ نەکردوونو ئەوان مانەوەو گەیشتنیان بە ئێستا سیحرێکی گەورەی بەرگری لەپشتەوەیە، من دەڵێم: خۆزگە هەموو گەنجانی ئەم وولاتە هەریەکەیان نیوئەوەندەی هەریەك لەئێوەو کەمتریش دەستگیرۆیی بکرانایە، کاك لاوەندو لەیلاخان، منو خەڵکانی دیکەش لەبوارەکەدا دەزانن کەئێوە نەك هەر دەستگیرۆیی زۆر کراون، بەڵکو پاڵپشتان پێوەنراوەو ئەگەر خوانەخواستە کەمێك پاڵەکەتان قایمتر بووایە، دووربا رەنگ بوو دەست یان قاچتانی تیا بشکایە.

رەنج قەرەداغی

نوری بێخاڵی

بەش بەحالی خۆم ئەوە یەکەمین جارە بەشداری فێستیڤالی (گەلاوێژ) دەکەم، لەئێوەشی ناشارمەوە (ئەگەر روو قایمی نەبێت) ئامادەبوونم بۆ ئازایەتی بەرێزەکانی ئەو دەزگایە ناگەرێتەوە، چونکە من بەناوو نوێنەری برادەرێکی خۆشەویست لەوێ بووم.. کەواتە ئاگادار نەبوونم لەچۆنیەتی بەرێوەچوونی فێستیڤالەکانی تر، فاکتەرێکە بۆئەوەی نەتوانم هیچ بەراووردێك لەنێوان دوێنێو ئەمرۆدا بکەم.. جگەلەوە لەبەرئەوەی هیچ بەرهەمێك بەشدار نەبووم رەنگە لەهەڵسەنگاندنی هەندێ لایەنی ئەم کەرنەڤالەدا کورتی بهێنم، وای لە هەڵە کردنیش.

دیارە هیچ کارێك بێ کەموکوری نابێت، لەم چوارچێوەیەشدا هێندەی ئاگاداربم ئەم کارەش هەردوو لایەنی هەبوو.. لەم فێستیڤالەدا وێرای ئەو رێزو حورمەتەی لە میوانانو بەشداربووان گیرا، لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیار (بەتایبەتیو بێ مەرایی کردنی سەرپەرشتیاری گشتی) کەوا هەریەکە هەست بکات بۆ خۆی خانەخوێیە، ئەوا چەند دێرێکی جوانیشی هەبوو لەوانە: (دەرفەتدان بۆ ناساندنی بەهرەی ژمارەیەکی بەرچاوی گەنج، چاپکردنی لێکۆڵینەوەو دەقەکانی شیعرو چیرۆك، سەلماندنی ئیرادەی سەربەخۆی بنکەی گەلاوێژ، بەکوردستانی کردنی فێستیڤالە ئەمیش بەبەشداری پێکردنی کوردی پارچەکانی ترو سەرەرای عەرەبەکان، بەشداری بەرچاوی دەنگی مێینە.. هتد).

بەدیوەکەی تردا هەستم بەهەندێ کەموکورتیو خەوشکرد بەو ئومێدەی بۆ ساڵی ئاییندە بەهێند هەڵبگرین:

١- پەراوێزکردنی نێوەندی رۆشنبیری (کەنار) شارۆچکەکان لەمیوانداریکردن، وەك ئەوەی بەردەوام سەنتەری شارە گەورەکان خاوەنی رەهای نێوەندەکە بن، کەبەداخەوە خەریکە ئەم شتە نەك دەبێت، بەڵکو بۆتە دیاردە.. چونکە ئەگەر ئەو ناوچانە بەبەرهەمیش بەشداری نەکەن، ئەوا دەتوانن لەرێگەی دیالۆگو بەشداریکردن لەگفتوگۆو دانیشتنەکاندا راو سەرنجو پێشنیاری باش بۆ دەوڵەمەند کردنو باشتر کردنی کارەکان بخەنە روو.

٢- دەق گرتن بەیەك شێوە ستراتیژ، ئەویش هەمەچەشنی بابەتەکان، واتە لەبری ئەوەی کایەیەك یان دوو بواری (رووناکبیری، ئەدەبی) جەختی لەسەر بکرێتەوە کەساڵانە قسەی لەسەر بکرێت، بەتایبەتی لەبواری (لێکۆڵینەوە) کەمن پێموایە چاکتر ئامانجەکان دەپێکێو کارەکە پرۆژەی دەبێت.

٣-ئاشکراکردنی رێژەو مەبلەغی خەڵاتەکان کەوا دەکات بەشداربووان (هەندێکیان) هەێندەی بیر لەدەستکەوتە ماددییەکان بکەنەوە، جەخت لەسەر پوختیو بابەتیو سەرکەوتنی ناوەرۆکی بەرهەمەکان نەکەنەوە.. کەئەمەش بۆخۆی فاکتەرێکە بۆ دروست بوونی (مقۆ مقۆ!).

٤- ئەگەرچی ئەنجامەکانی ئاشکرا نەکراون، بەلام لەمیانی گفتوگۆی لیژنەکانی داوەریکردن، هەست دەکرێ ئەو لیژنانە تەرازووی ویژدانو حوکمدانیان تۆزێك لەنگ بووبێت، بەتایبەتی (لیژنەی لێکۆڵینەوە)، ئەمەش لەهەناسە سواریو غروری هەندێ لەئەندامانی ئەو لیژنانە لەکاتی گفتوگۆکانداو کاردانەوەی هەڵچوون ئامێزیان هەستی پێدەکرا.

٥- بەفیرۆدانی کاتێکی زۆر بەخوێندنەوەی لێکۆڵینەوەو دەقە ئەدەبییەکان لەبری تەرخانکردنی کات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکان. واتە دەکرا رۆژی یەکەم بابەتە چاپکراوەکان دابەش بکرانایە، دواتر هەر رۆژە لەرێگەی لیژنەکانی هەڵسەنگاندنو ئامادەبووانو خاوەنی بەرهەمەکان قسەو باس لەمەر دەقو لێکۆڵینەوەکان بکرایە.

ئەمانە هەندێ سەرنجی کورت بوون، ماوەتەوە بڵێین دەستەی سەرپەرشتیار (بەسەربازە وونە ماندووەکان)ی لیژنەکەشەوە بەئەمانەتو لەخۆبردوویيو دڵسۆزییەوە کاروبارەکانیان رادەپەراند.. ناکرێ خەمساردیو کەموکوری میوانو بەشداربوانیش فەرامۆش بکەین، کەبەداخەوە لەئاستی پێویستدا نەبوون، هێندەی سەرقالی (چا) خواردنەوەو داوەتی ژەمەکان بوون هێندە نازی هۆڵی کۆرو دیالۆگەکانیان هەڵنەگرت.. گەیشتبووە ئاستێك وەك زەنگی خوێندنگاکە بۆ کاتی وانە لێدەدرێ بەنابەدڵی دەچوونە ژوورەوە.. کەبەداخەوە ئەو دیاردەیە لای من ئەو بۆچوونەی دروست کرد (رەنگە هەڵەش بم) زۆربەی ئەو برادەرو خوشکانە خەمی دەرکەوتنیان هەبوو، نەك پرۆژەو بەرپرسیارێتی رۆشنبیری.

المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات في العراق

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق

The Independent Electoral Commission in Iraq

دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان

الهيئة العليا للأنتخابات في اقليم كوردستان

ڕەوشی کارکردنی پارتو قەوارە سیاسییەکان لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا

(کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق) کۆمەڵە ڕەوشێکی بۆئەو پارتو قەوارە سیاسییانە پەسەند کردووە، کەبەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەن، سەرۆك یان نوێنەری ڕەسمی ئەو پارتو قەوارە سیاسییانە ئەم ڕەوشانەیان قبوڵکردووەو ئیمزای ئەو فۆرمەیان کردووە، کەئەو کۆمەڵە ڕەوشەی تیادا نووسراوە، هەر لەو فۆرمەدا هاتووە کەدەبێ پاڵێوراو و لایەنگرانیان لە ناوەڕۆکەکەی ئاگاداربکەنەوە، تا هەموویان پەیڕەوی بکەن.

پێویستە لەسەر هەموو پارتو قەوارەیەکی سیاسیی:

١– پەیڕەوی هەموو ئەو قانونانە بکەن کەلەعێراقدا هەنو پەیوەندییان بەهەڵبژاردنو قانونی مەدەنیو سزادانەوە هەیە بەتایبەتی:

ا· قانونی کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقیی لەماوەی گواستنەوەدا.

ب· ئەو ڕێنماییانەی پەیوەندییان بەگردبوونەوەی گشتییەوە هەیە.

ج· دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی زمانی هەڕەشەکردنو ترساندنو هاندان بۆ توندو تیژی.

د· پابەند بوون بەقەدەغەکردنی تیرۆرو تیرۆرکردن.

٢–پەیڕەوکردنی هەموو ئەو ڕێنماییو کارڕاییو ڕەوشانەی لەلایەن (کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق)ەوە دەردەچن.

٣–پەیڕەوکردنی هەموو پاڵێوراوان بەو پێوەرە قانونیانەی کەلە هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردندا دەردەکرێن.

٤–هاوکارییکردنی پارتو قەوارە سیاسییەکان، لەگەڵ دەزگاکانی هەڵبژاردندا بۆ دابینکردنی سەلامەتی کارمەندانیان لەکاری توندو تیژیو سوکایەتی پێکردن، یان هەڕەشەو هەرجۆرە مەترسییەکی تر، کەلەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا بەرەو ڕوویان دەبێتەوە.

٥–قبوڵکردنو جێبەجێکردنی بڕیارە بنبڕەکانی (کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق) یان (دەستەی دادوەری کاتی هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی گواستنەوە).

٦–قایلبوونو پشتگیری کردنی ئاکامی هەر یەك لەو هەڵبژاردنانەی (کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق) پەسەندو بڵاویدەکاتەوە.

٧– ڕێزگرتنی مافو ئازادی قەوارەسیاسییەکانی تر، تابتوانن ئاشکرایانە، بیروڕاو بۆچوونو بەرنامەی خۆیان بڵاوبکەنەوە.

٨–بەڕێوەبردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی هێمن، دوور لەتوندو تیژیی.

٩– هاریکارییکردن لەگەڵ قەوارە سیاسییەکانی تردا، بۆئەوەی لەهەمان کاتو جێگاو شوێندا کۆبوونەوەی گشتی یان چاوپێکەوتنو چالاکیی تر ئەنجام نەدرێت.

١٠– ڕێزگرتنی مافی دەنگدەرانو خەڵکانی تری ناو کۆمەڵگە.

١١–ڕێزگرتن لەبەرپرسانی هەڵبژاردنو ئەوانەی ئارامییو ئاسایشی هاووڵاتیان لەکاتی هەڵبژاردندا دەکەن، هەروەها لەرۆژنامەنووسانو چاودێرانی هەڵبژاردنەکانو نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی تر، لەگەڵ هاوکارییکردنیان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.

١٢– هاوکارییکردن بۆ زامن کردنی سەلامەتی دەنگدەرانو خەڵکانی تر، دژ بەکاری توندو تیژیو سوکایەتی پێکردنو هەڕەشەکردن، لەکاتی بەشداربوونیان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا.

١٣– ڕێزگرتن لەکەسانی سەر بەقەوارە سیاسییەکانی تروماڵو سامانیان.

١٤– لەکاتی هەڵبژاردندا، باری داراییو شێوەی سەرفکردنی پارەو پولیان بەڕوونی بخەنە بەرچاو.

دیسان پێویستە لەسەر ئەو پارتو قەوارە سیاسییانە دوور بن لەم کارانەی خوارەوە:

١/بڵاوکردنەوەو دووبارەکردنەوەی لافی بێ بنەما، یان هاندانو سوکایەتییکردن بەلایەنو کەسانی سەر بەقەوارە سیاسییەکانی دی، یان هەرکەسێکی تر کەبەشداریی هەڵبژاردن دەکات، بەتایبەتی کارمەندانی سەربە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن.

٢/ پێشکەشکردنی یاداشتی نادروست یان سکالای بێ بنەما بۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق.

٣/ تێکدان یان ڕێگرتن بەئەنجامدانی چاوپێکەوتن یان کۆبوونەوە لەلایەن قەوارە سیاسییەکانی ترەوە.

٤/ دزین یان لابردن یان شێواندنی دروشمو نووسینو کەلوپەلی قەوارە سیاسییەکانی تر کە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنو پروپاگەندە بەکاریان هێناوە.

٥/ لاساییکردنەوەی ناو، سومبل یان ئەو کەرەستانەی قەوارە سیاسییەکانی تر بەکاریان دەهێنن.

٦/ پەنابردنە بەر ئاخاوتن یان بەکارهێنانی وێنە، سومبل یان ڕەنگێك کەدەبێتە هۆی پەیداکردنی ڕقو کینە لەکەسانی تر، یان دەبێت هۆی کاری توندو تیژیو ووروژاندنی تێکرای خەڵکی.

٧/ڕێگەدان بەهەڵگرتن یان پیشاندانی چەك یان بڵاوکردنەوەی وێنەکەی لەکۆبوونەوکاندا.

٨/ بوونی هێزی چەکدار یان میلیشیا یان هەر هێزێکی تر کەلە پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس بن، یان پەیوەندییان پێیانەوە هەبێ.

٩/وەرگرتنی یارمەتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەهێزێکی چەکدارەوە یان لە تاقمێك لەو تاقمانەی سەر بەرژێمی بەعس بوون.

١٠/ ڕێپێنەدان یان هەوڵدان بۆ ڕێنەدانی کەسی بەرپرس لەهەڵبژاردندا، یان ئەوانەی لەوێدا بۆ دابینکردنی ئارامییو ئاسایشی دەنگدەرانو هاووڵاتیان دانراون، هەروەها رۆژنامەنووسان یان چاودێرانی هەڵبژاردنەکان، یان بریکاری پارتێکی سیاسیی، لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا.

١١/ هەڕەشەکردن یان زۆرکردن یان ترساندنی قەوارەیەکی سیاسی تر، یان سەرکردەکەی یان یان ئەندامو لایەنگرانی ، یان هەر کەسێکی دی کەمافی بەشدارییکردنی لەهەڵبژاردندا هەبێ.

١٢/ ڕێگەنەدان یان هەوڵدان بۆ ڕێگرتنی دەنگدەران لەبەکارهێنانی مافەکانیان، بەتایبەتی مافی هەڵبژاردن بەشێوەی دەنگدانی نهێنی.

١٣/دواخستنی پرۆسەی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران، یان هەر کارێك پەیوەندی بەدەنگدانەوە هەبێ، یان جیاکردنەوەی دەنگەکان، یان هەر کارێك پەیوەندی بەهەڵبژاردنەو هەبێ.

١٤/ بەڵێنی بەخشینی پارە یان دیاری، یان خزمەتێکی تر بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگ. (تەنیا ئەو بەڵێنانە نەبن کەبۆ ڕاگەیاندنی پرۆژەیەکی سیاسیانەی گشتیی، یان بۆ ئەنجامدانی کارێکی گشتی بڵاودەکرێنەوە).

١٥/ بڵاوکردنەوە یان دابەشکردنی زانیاری نادروست، بەمەبەستی چەواشەکردنی دەنگدەران.

١٦/ هەڵواسینی نیشانە، بڵاوکراوە یان وێنە یان دروشم لەسەر دیواری جێگا گشتیو تایبەتییەکان، بێ ڕەزامەندیی ئەو دەزگاو کەسانە.

١٧/ ساختە (تەزویر)و هاندانی هەر کەسێك بۆ دەستکارییکردنی هەر شتێك کەپەیوەندی بەهەڵبژاردنەوە هەبێ.

١٨/ بەکارهێنانی دەسەڵاتو نفوز بۆ مەبەستی سیاسی.

١٩/ بەکارهێنانی بەرهەمو داهاتی گشتی بۆ مەبەستی سیاسی.

دەبێت (٤٨) سەعات بەر لەدەستپێکردنی دەنگدان، ئەو لایەنانەی بەشداریی لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەن، هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن ڕابگرن. ئەمەش ئیلتیزامێکی ترە کەدەبێ لایەنو پاڵێوراوانو ئەندامانو لایەنگرانیان پەیڕەوی بکەن.

ئەگەر بۆ (کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق) دەرکەوێ کەوا قەوارەیەکی سیاسیی، سەرۆکەکەی، پاڵێوراوێکی، ئەندامێکی یان لایەنگرانی، یەکێ لەم ڕەوشانەیان پێشێلکردووە، کۆمیسیۆن دەتوانێ سەرزەنشتی ئەو قەوارە سیاسییە بکاو سزاشی بدات.

هەموو ئەو پارتو قەوارە سیاسییانەی لەلایەن کۆمیسیۆنەوە پەسەند کراونو مافی بەشداری کردنییان لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە، دەبێ کار بەم ڕەوشانە بکەن کەخۆیانو سەرۆکەکانیانو نوێنەرانی ڕەسمییان ئیمزایان کردووە، هەروەها پاڵێوراوانو ئەندامانو لایەنگرانیشیان لەناوەڕۆکەکەی ئاگاداربکەن، تا هەموویان پەیڕەوی بکەن.

چۆن یادکردنەوەیەك

ئەمرۆ، پەنجاو شەش ساڵ بەسەر دەرچوونی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا تێدەپەرێ، ئەو جاڕنامەیەی دوای کارەساتەکانی هەردوو جەنگی جیهانی داڕێژرایەوە. لەو دوو جەنگە ناهەموارەدا، مافی مرۆڤ، بە ناپەسەندترین شێوە پێشێل دەکرانو، کوشتنو سەرەونگوم کردنی چەندین ملیۆن مرۆڤی لێکەوتەوە، کەبەشێکی زۆریان دوورە شەر بوون. ئەمە جگەلە وێرانکردنی گوندو شارو شارۆچکەو بەسووتماك کردنی هەموو ئەو ناوچانەی جەنگ دەیگرتنەوە.

مرۆڤایەتی بەدامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانو، ئەو بەشانەی بۆ خزمەتکردنو دوورخستنەوەی تارمایی جەنگ دامەزرێنران، خۆشحاڵ بوونو هیوایەکی گەورەشی لەناخیاندا تۆو کرد..

ئێمە نامانەوێ باس لەمێژووی مرۆڤایەتی پەنجاو شەش ساڵی دوایی بکەینو، بەکاری بەیاننامەیەکی واشی نازانین. ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ڕێکخراوەکەمان (ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لەکوردستان)، ڕێکخراوێکە پابەندە بەسەرجەم بەندەکانی جارنامەکەو، لەسنورێکی دیاریکراو و بەتوانایەکی دیاریکراویشەوە، چاودێری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەکاتو، بەدوای هەموو ئەو سکاڵانەدا دەچێت کەلەرێی هاووڵاتیانەوە دەیگاتیو دەیانخاتەروو..

سەردەمی سەدام حسین، لەکوردستان بەتایبەتیو لەعێراقدا بەگشتی، بەجۆرێك پێشێلکاری بەندەکانی جارنامەکە دەکران، کەلە باسکردنو نووسین نەیەن. ئەگەرچی ڕێکخراوە جیهانیەکانی وەك (ئەمنستی ئەنتەر ناشناڵ– ڕێکخراوی لێبووردنی گشتی، هیومان رایتس ووچ– ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، فرانس لیبەرتی– فەرەنسای ئازاد .. هتد) گەلێك لەو پێشێلکاریانەیان خستەروو، بەڵام هەر هەموویان پێکەوە، دڵۆپێکی ناو دەریای تاوانەکانن.. لەو جەنگانەی ڕژێم بەسەر ناوچەکەیدا سەپاند، هەر لەشەری کوردو ئێران عێراقەوە بیگرەو، بەداگیرکردنی کوێتەوە، تا بەداڕێژانی بەرنامەی ریشەکێشکردنی نەتەوەی کوردو جێبەجێکردنی بەشێکی دەگات، کەئەویش خۆی لەکارە سەربازییە بەدناوەکانی (ئەنفال)دا دییەوە، کەبەدەیان هەزارو بگرە سەدان هەزار بەسەرهاتی جەرگبڕیان تیادا دەبیسترێنو، هەریەکەشیان بەخوێنو فرمێسکی مرۆڤەگەلێك نووسراون، کەهیچ کەڵە نووسەرێك توانای بەسەر نوسینەوەی بەشێکی کەمیشیا نەشکێ..

(ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لەکوردستان) لەیادی چلو سێ ساڵەی دەرچوونی جارنامەکەدا، واتەلە (١٩٩١/١٢/١٠)دا، یەکەم کۆنگرەی خۆی، کەبە (کۆنگرەی دامەزراندن) ناوی دەرکرد، بەست، واتە ئەمرۆ یادی سیانزەهەمین ساڵەیەتی. حەزمان دەکرد ئەو یادەمان وابکردایەتەوە، پێشێلکاری مافی مرۆڤ هێند کەمبوایە کەمترین پانتایی بەیاننامەی ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤی بگرتایەتەوە.. بەڵام بەداخەوە، ئێستا، دوای ڕووخانی ناهەموارترین ڕژێمی پێشێلکەری مافی مرۆڤ، کەچەندین خێزانی لەشارەکانی: کەرکوك، خانەقین، شنگارو گەلێ شوێنی دی، دەربەدەر کردو، عەرەبی شارەکانی ناوەڕاستو خوارووی وولاتی لەجێدانان، کەچی تائێستا ئەو خەڵکە، بەبەرچاوی هاوپەیمانانو دەسەڵاتە نوێیەکەی عێراقەوە، بەئاوارەیی ماونەتەوەو لەخاكو زێدی خۆیان بێبەش کراون..

ئێستا چەند پێشێلکارییەکی دی وا سەریان هەڵداوە، نەك مافی تاکەکەسو کەسێکی دیاریکراو پێشێلدەکات، بەڵکو گوێ بەکوشتنو لەناوبردنی هیچ کەسێك نادرێ. خۆتەقاندنەوەو، مینرێژکردنی ئوتومبیلو تەقاندنەوەی، لەشوێنە گشتیەکانداو، بۆردومان کردنی ناوچە گومان لێکراوەکانو، ڕەشبگیریو لەزیندان توندکردنو، بەشێوەیەکی نامرۆڤانەی وا ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن، کەسەرۆکی وولاتە یەکگرتووەکان بۆخۆی قێزی لێبکاتەوەو، داوای لێبووردن لەئازار دراوانو کەسوکاری بەندکراوەکانی ئەبوغرێب بکات. هەندێك بەراووردی ئەم جۆرە ئەشکەنجەیە بەوەی سەدام دەکاتو دەیکەنە پاساو بۆی، گرتنو کوشتنی ئەو هەرزانەی هێشتا موویان لێنەهاتووەو لەرێگە گشتیەکاندا دەگیرێنو، کوردێتییەکەیان دەبێتە هۆی کوشتنیانو بۆ تۆقاندنی خەڵکی دییش، بەرخ ئاسا سەردەبڕدرێن.. بەبارمتە کردنو، ملپەراندنی هەندێکیان، کارگەلێکن هیچ پاساوێکیان بۆ نییەو، پێویستە لەپێناو پاراستنی مرۆڤایەتیدا، ڕابگیرێو بنبڕ بکرێ.. لەم ڕۆژگارەدا، شەری دژە تیرۆر، کەدەگونجێ ناوی جەنگی سێیەمی جیهانی لێبنرێ، چونکە، کەمو زۆر هەموو دونیای گرتۆتەوە، بۆتە خێوەتێك بۆئەو پێشێلکارییە ناهەموارانەی ئێستا بەناوی جۆراوجۆرەوە دەکرێن، ئەویش ماڵوێرانیو کارەساتە نامرۆییەکانی لەدوایە.. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لەبێزاری دەربڕینو ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانو جەخت خستنەسەر لایەنە پێشێلکارەکان بەولاوە شتێکی دییان پێناکرێ، بۆیە ئێمە بێزاریو نارەزایی خۆمان، بەرامبەر بەو هەموو کارانە دەردەبڕین..

هەرێمی کوردستانیش، کەتا ئێستا بەپەرتکراوی ماوەتەوە، لەچاو بەشەکانی تری عێراقدا، تا ڕادەیەك ئارامە، بەڵام بەهۆی ڕێگە لەتیرۆر گرتنەوە، چەند پێشێلکارییەکمان بەرەو رووکراوەتەوە، ئێمەش بەدەنگیانەوە چووینو وەڵامی زۆربەیانمان وەرگرتۆتەوە.. تا ئێستا تەزکیەو تەزکییەکاری لەهەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکەدا پێڕەو دەکرێو، لەو بارەیەوە سکاڵامان بەرەو روو کراوەتەوە. گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتییەکان بەرادەیەك تەشەنەی کردووە، بۆتە نەخۆشیەکی خراپو باڵی بەسەر کارەکانیاندا کێشاوە. بۆ دەربازبوون لەو نەخۆشیە، سەرکردایەتی هەردوولا کەوتوونەتە هەوڵدانو بەدوای ڕێگەچارەیەکدا وێڵن، بەڵام تائێستا خزمخزمێنەو ناسیاوێتی، گەورەترین ڕێگریانە..

لەم بۆنەیەدا، ساڵانە ئێمە هیوا بۆ کەمبوونەوەی پێشێلکاری، لەدونیاو ناوچەکەو کوردستان، دەخوازین. ئەمساڵیش بەهەمان هیوا، بۆ ژیانێکی ئازادی مرۆیانە، کۆتایی بەم بەیاننامەیە دەهێنین..

لیژنەی سلێمانی

ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لەکوردستان

٢٠٠٤/١٢/١٠

لیستی پێچەوانەی لیستی

چاودێر: ئەمڕۆ حەزمان کرد جەنابت ببینن دەربارەی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی گشتی وەهەڵبژاردنی کوردستان بەتایبەتی ئەو گیروگرفتانەی کەهەن بۆ هەڵبژاردنی کوردستان، ئەو مشتومڕانەی کەلەبەینی ئێوەو یەکێتی‌و پارتی دا هەبوو، هیوادارین گفتوگۆیەکی باش بێ لەبەینمان و بشتوانین وەڵامی باشت لێ وەرگرین، حەزیش دەکەم بەڕاشکاوی قسە بکەیت: کەخۆت دەزانی ئەم هەڵبژاردنە تائێستا گیروگرفتی زۆر تیایە، تائێستا شیعە بەلای خۆیدا ڕایئەکێشێ، سوونە هێشتا سیاسەتەکانی ڕوون نیەو چەند باڵێکن لەناو خۆیاندا. هەروەکو شیعەش چەند باڵێکن، کورد وەکو کوردستان یەکی گرتووە، لەسەر ئاستی باشووری عێراق بۆ پەرلەمانی عێراق یەکمان گرتووە، دەستێوەردانی ئیقلیمی هەیە، فشار هەیە، تیرۆر هەیە، لەناو ئەم دۆخەدا پێت وایە ئەم هەڵبژاردنە هەتا چەند سەرکەوتوو ئەبێ و، لەکاتی هەڵبژاردنیشدا پێت وایە چەند دەتوانرێ بەسەر کێشەکاندا زاڵ بین؟

قادر عەزیز: سوپاس بۆ ئەو چاوپێکەوتنە، بێگومان هەڵبژاردن وەکو بەڕێزتان باستان کرد، کێشەو گیروگرفتی زۆر لەبەردەمە، بەڵام لێرەدا بەراورد دەکەین لەبەینی ئەوەی بەڕاستی هەڵبژاردنەکە بکرێ، یا نەکرێ، هەڵبژاردنەکە وەکو تەحەدایەك وەرگیراوە، بەپێی ئەو بڕیارانەی کەلەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت هاتووە، هەر جۆرە پاشەکشەیەك وا لێك دەدرێتەوە کە ئەوە پاشەکشەیە لەبەرامبەر فشاری تیرۆریست‌و ئەنانەت پاشەکشە لەپرۆسە سیاسەکەی عێراقیش، ئەوە لەلایەك، لایەکیتر، تۆ ناتوانی گرەنتی بدەیت کەبارودۆخی ئاسایشی عێراق کەی چارەسەر دەکرێ، ساڵێکی تر، دووی تر، زیاتر، ناتوانی چاوەڕوانی بکەیت، لەبەرئەوە لەو واقیعەی کە هەیە، تۆ دەتوانی هەڵبژاردن بکەی و، هەڵبژاردن لەواقیعێکی ئەمڕۆی عێراق مەرجیش نیە زۆر سەکەوتووبێ، لەوڵاتانی ئەورووپی سەد لەسەدی هەمووی کامل نیە، دەکرێ لەسەدا شەستی، هەفتای، لەسەدا هەشتای دەکرێ کە بەشداری لەهەڵبژاردنەکەدا بکەن، کێشەش هەیە بەڵام ئەنجام دانی هەڵبژاردنەکە زۆر زۆر گرنگە لەوەی کە ئەو هەڵبژاردنە لەژێر ئەو فشارانە دوابخرێ، یان پرۆسە سیاسیەکەی عێراق پاشەکشەی تیادا بکرێ، ئەو کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی کە لەهاوینی ڕابردوو بەسترا لەساتەکانی کۆتایی مشتومڕی زۆر هەبوو، مەترسی زۆر هەبوو کە ئەو کۆنگرەیە سەرنەکەوێ یا بتەقێنرێتەوە، کە ئەوکاتە بەڕاستی دۆخی ئەمنیش خراپ بوو لەبەغدا، هەزارو سێسەد کەس هات خۆشمان لەوێ بووین، لەکۆشکی کۆنگرەکانیش بەشداریش کرا، چوار ڕۆژیش کۆنگرەکە درێژەی کێشا ئەنجومەنەکەش هەڵبژێردرا بەبێ ئەوەی بچوکترین ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلیش بقەومێ، کە سەرەتاش مەترسیەکان ئاوا گەورە بوون لەبەستنی ئەو کۆنگرەیەدا، بێگومان ئەوە کەمکردنەوە نیە لەمەترسیەکانی هەڵبژاردن، بەڵام مەعنای ئەوە نیە نەتوانین هەڵبژاردن بکەین. بێگومان کێشەکان لەئەساسدا هەیە، لەلایەن شیعەوە کێشە هەیە، لەناو خودی خۆیان هەیە، سونیەکان ئەوە بەشێکی زۆریان دژی هەڵبژاردنەکەن، لەکوردستان بەشە تازە ڕزگارکراوەکەی بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ناکات، دەست تێوەردانی دووەڵیو ئیقلیمی کە ئەوە زۆر کاریگەرە، واتە کێشەی عێراق بەڕاستی بووە بەبەشێك لەملمڵانێی ئیقلیمی‌و نێودەوڵەتی لەسەر دەسەڵات، ئەوە دوو ڕۆژە ئێوە دەزانن کە لەغازی یاوەرەوە تا سەرانی حکومەت‌و کاربەدەستانی حکومەتی ئێستای عێراق بەئاشکرا قسە دەکەن، دەستێوەردانی ئێران باس ئەکەن، دەستێوەردانی سوریا باس ئەکەن، لەبەرئەوە ئەو کێشەو گیروگرفتانە هەیەو بەئاسانیش کۆتایی نایەت، بەکورتیەکەی ئەوەیە کە بەهەر شێوەیەك بێ ئەو هەڵبژاردنە بکرێ، بێگومان ئەو کێشەو کەموکورتیە دێتە بەردەم پرۆسەکە، زۆر زۆر بچوکترن لەبەردەم ئەنجامدانی ئەو پرۆسە گەورەیە کەبەڕاستی هەنگاوی گەورە پرۆسە سیاسیەکەی عێراق بەرەو پێشەوە دەبات.

چاودێر: شیعە زۆر سەرقاڵی ئەوە بون لیستێکی هاوبەشیان هەبێ بۆیان نەچووە سەر، ئێستا چەندین لیستی شیعە ئەبێ، وە ئێستا هەوڵێکی زۆریش ئەدەن کەلایەنی کەم لەسەدا پەنجاو پێنجی پەرلەمان بهێنن، ئەگەر سەیری لیستی شیعە بکرێ، لیستی سونە بکرێ، لیستی دیموکراتخوازو علمانیەکانی سەر ئاستی عێراق، بەراوردی بکەی لەگەڵ لیستی کوردستانیش کە یەکگرتووە، هێشتا سەیری نەخشەی هەڵبژاردنەکە بکە، شیعە لەهەمووی شانسی بردنەوەی زیاتر هەیە، ئەگەر بەچەند لیستێکیش دابەزن، هەر لیستێکی چەند بهێنن سەرەنجام لەپەرلەمان کۆئەبێتەوە بۆیان، وەکو شیعە کۆئەبێتەوە، وەکو شیعەش ئەتوانن لەدوای پەرلەمان ئیئتلاف بکەن، باشە ئەگەر ئەوان بردیانەوە چی ئەکرێ بەرامبەر بەمانە، واتە ئەوانە بردیانەوەو ویستیان حکومەتێکی شیعی ئیسلامی دروست بکەن کاردانەوە چی ئەبێ لەلایەن کوردستانەوە، لەلایەن سوونە، لەلایەن هێزە دیموکرات‌و علمانخوازەکانیتر؟

قادر عەزیز: پێم وایە مەسەلەی ئەگەری بردنەوەی نیە بەڵکو شیعە زوو یا درەنگ زۆرینەی دەنگ لەعێراق شیعەیە، هەر هەڵبژاردنێك بکرێ بەنیسبەتی پەرلەمانی عێراق ئەوان زۆرینە دەهێنن، ئەوە لەلایەك، لەلایەکیتر بەڕاستی ئەوان باشتر خۆیان ڕێکخستووە لەکوردو لەسونەش، سوونە ئەوە سەرقاڵی ئەو وەزعەیە کەدوچاری بووە، ئەوان مەرجەعیەتێکیان هەیە، ئەوان لەسەر بەرنامەیەك ئیش ئەکەن، ڕاستە هەموویان نەیانتوانی بەیەك لیست بەشداری بکەن، بەڵام خــۆی هێزە ئەساسیەکەی مەرجەعیەت پێکی هێناوەو هێزەکان بەیەك لیست دادەبەزن، لەبەرئەوەی ئەوان زۆریە دەهێنن، شتێکی چاوەڕوان کراوە، مەسەلەی زۆرینەی شیعەکان شتێ چاوەڕوان کراوە لەپەرلەمانی عێراقدا، بەنیسبەتی ئەوەش کەئەگەر زۆرینەی بەرن لەهەڵبژاردن، وا بزانم ئەوە کەس ناتوانێ لاری لەوە هەبێ کە ئەگەر ئەوان سەیەکێ لەرێی سندوقەکانی دەنگدان‌و لەرێگەی هەڵبژاردن زۆرینەی کورسیەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، هەر بەڕاستی سیستەمی حوکمیش لەعێراقدا دروست بکەن، بڕواناکەم کەس بتوانێ پێشیان پێ بگرێ، ڕاستە کاردانەوە لەو مەسەلەیە دروست ئەبێ، مەترسی دروست ئەبێ کەحکومەتێکی ئیسلامی یان شیعی دروست بکرێ، چونکە هەر مەسەلە ئیسلامیش نیە، بەڵام من پێم وا نیە کەس بتوانێ پێشیان پێ بگرێ، چونکە ئەوە خۆی لەرێگەی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنەوە دێتە دێ، تەنانەت سەرۆك بۆش یەکێ لەقسەکانی دەڵێ ئەگەر حکومەتی ئیسلامیش بەدەنگدان بێتە سەر کار، ئێمە دژی ناوەستینەوە، لەبەرئەوەی سەردەمی ئەوە بەسەرچوە وەکو جەزائیری لێ بکرێ، ئەگەر ئەوان بەهەڵبژاردن بێن ئەوا واقعێکە دروست ئەبێ، پێم وایە ئەوانیش ئێستا زۆرینەی دەنگەکان دەبەن، جگە لەوەی بەڕاستی هەلومەرجەکەش یا زەمینەکەش بەقازانجی ئەوەیە کەئەوان زۆرینە ببەن، چونکە وەکو وتم سونیەکان بەشی زۆری غایبن لەپرۆسەکە، ڕاستە هەندێ حزبی سونی بەشداری دەکات بەتایبەتی حزبی ئیسلامی‌و حزبەکانیتری علمانیەکان، بەڵام وەکو ژمارە، وەکو ئەوەی کە هەیە، بەڕاستی ئەوان ناتوانن وەکو شیعە بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن، یان بەشێکی زۆریان لەسوونەکان موقاتەعەی ئەکەن، ئەوە هەیمەنەی شیعەیە لەعێراقدا، بەنیسبەتی کورد من نازانم، بۆ خۆم پێم وایە باشترین فرسەتە بۆ ئێمە، ئەگەر ئێمەو شیعە بەتەنیا بمێنینەوە، بەعنی ئەو هاوکێشەیەی کەهەندێ جار دەبیبینین، بەتایبەتی لەسیاسەتی یەکێتی‌و پارتی، بەقازانجی کورد نابیبینین ، مەسەلەن یەکێ لەوانە لەو ماوەیە یەکێتی‌و پارتی داوایان کرد کە هەڵبژاردن دوابخرێ، بەڕاستی ئەوە هیچ لەقازانجی کورد نەبــوو، ئـاخر کوردســـتان خـــۆی پێویستی پلە دوو بوو، واتە: تەرەفی دووەم بوو لەعێراقدا، خۆی کرد بەتەرەفی سێهەم‌و تەرەفی ئەخیریش لەپێکهێنانی حکومەت‌و دابەشکردنی پۆستەکان، زۆر بەڕوونی بینیمان. ئەگەر هیمەت نەکرابا بەڕاستی خەریکبو پۆستی سەرۆکی پەرلەمانەش نەدەن بەکورد، کەدلشیان بەکورد بەڕاستی دیسان جۆرێك لەخۆسەپاندنیان تیادا کرد، بەپێی یاسای ئیدارەکە خۆی، ڕەئیسی پەرلەمانەکە دوو نائیب‌و مقرریکی هەبە، لەنیزام داخلیەیەکە، ئەو فەقەرەیەشیان گۆڕی کردیانە چوار جێگر لەگەڵ دو مقرر، یەعنی وایان لێکرد ئێستا هەیئەی ڕیئاسە، واتە سەرۆك لەهەیئەی ڕیئاسەکە تەقریبەن ڕۆڵی خۆی لەدەست داوە، واتە ئەوان بوار بەتۆ نادەن، بەڕای من باشترین سیاسەت بۆ ئێمەی کورد ئێستا ئەوەیە لەگەڵ شیعە ئینفراد بکەین، ئێمە ئەوە باشە لەگەڵ شیعە بین، موعادەلەکە بۆ ئێمە ئاسانتر دەبێ، دەتوانین زیاتر دەستکەوتمان هەبێ، هەڵوێستی یەکێتی‌و پارتی لێك دەدرایەوە کەهاوهەڵوێستییە لەگەڵ هەڵوێستی سوونە، لەگەڵ هەڵوێستی هەندێ دووەڵ ئیقلیم، کەبەرگری لەسونە ئەکەن، ئەوە شتێکی خراپ بوو، باش بوو زوو چارەسەرکرا.

چاودێر: باشە ئینسان ناکرێ بەدیوێکی تردا لێکی بداتەوە، ڕاستە شیعە زۆرینەی عێراقن بەڵام ئایە شەرتە هەموو شیعەیەك دەنگ بەلیستی هاوبەشی شیعەکان بدات؟ من تەسەورم وایە سەدان هەزار شیعە لەعێراقدا هەیە حکومەتێکی دیموکراتی علمانی قبوڵە، نەك حکومەتێکی شیعە یان ئیسلامی، ئایە ئەمەش لایەنێکی تری مەسەلەی هەڵبژاردن نیە کەڵێی وردبینەوە ئیشی لەسەر بکەین؟.

قادر عەزیز: بەڵێ ئەوە لایەنێکی ترە، بێگومان ئەو قسەیە ڕاستە بەڵام ئەوە کەمینەیە، زۆرینەی شیعە ئێستا لەگەڵ حکومەتێکی ئیسلامییە، ئەگەر بۆی بکرێ، لەگەڵ مەرجەعیەتیشە، ئەو کەمینەیە ئەگەر ئیشی لەسەر بکرێ، بێگومان شتی باشە، بەس بڕواناکەم بەو هاوکێشە گەورەیە بگۆڕێ کە بتوانن ئەو خەڵکە دیموکراتخوازەی شیعە بەسەر ئەو زۆرینەی شیعە باڵادەست بن، کە ئێستا زیاتر لایەنی مەزهەبی‌و ئیسلامییەکەی گرتووە بۆ ئایندەی عێراق، لەبەرئەوە بەڕاستی کورد لێرەدا کاتی خۆیشی ئێمەڕەئمان وابوو، کورد شیعە هیچ پێویستی بەوە نیە ئەوە بکات، خسوسیەتێکی تری نیە وەکو کورد لەعێراق، کە لەرێگەی ئەتەوە یەکگرتووەکانەوە بتوانن پاڵپشتی قەزیەکەی بکات دەبوایە ئێوە داوای UN بکەن، فرسەتە UN بێتە ناو کێشەکە، ئێوە داوای ریفراندۆم ئەکەن لەرێگەی UN دەکرێ کەچی شیعە داوای UN دەکات، UNیشی هێنایە ناو قەزیەکە، UN بووە خاوەنی پرۆسە سیاسیەکە لەعێراق بەپێی قەراری مەجلیس ئەمنیش بامۆبارەکەی ئەمریکاش، کەچی کورد لەو مەسەلەیە بێدەنگ بو، مەبەستم چییە ئێمە ئەو شتانە بەڕاستی دەکرێ باشتر وردەکاری تیادا بکەین، تەکتیکەکانمان باشتر بێ بۆ ئایندەی عێراق، جارێکی تریش دەڵێم: ئیستفادە لەو وەزعەش بکەین، ڕاستە تیرۆرەو خراپە وەزعی ئەمنی، بەڵام زۆر جار لایەنی ئیجابی ئەوەیە کەدەکرێ بۆ سەپاندنی مافەکانمان لەم قۆناغەدا ئیستفادەی لێ بکەین.

چاودێر: سەبارەت بەکورد هەست ناکەیت نوقسانیەك هەبێ لە لیستی هاوبەشی کوردستانی، لەوەی نەیتوانیوە لەگەڵ هێزێك هێزە بنەرەتیەکان، یان دوو هێز لەهێزە کاریگەرەکانی عێراق، لەناوەڕاست‌و خوارووی عێراقدا ڕێك بکەوێ‌و، لەلیستە هاوبەشەکە دابێ بۆئەوەی کورسیەکانی پەرلەمانی بۆ مسۆگەرتر بێ، لەمەی کە هەیە، کێ ئەڵێ ئەو کوردە زۆرەی کە هەیە دەنگ بەم لیستە هاوبەشەی کورد دەدات، واتە ئەم پشت بەخۆبەستنە زۆرتر لەوەی کەبچین هاوبەیمان لەناوچەکانی تری عێراق بدۆزینەوە، پێت وا نیە جۆرێکە لەسەرچڵێتی سیاسی، جۆرێکە لەخۆشبینیەکی زیاد لەڕادە؟

قادر عەزیز: من پێم وایە ئەوە بڕیارێکی ڕاستە، چونکە بەڕاستی لیستێکی سەرتاسەری لەعێراق دروست نەبوو، کەکورد بتوانێ بەشی خۆی یا کورسیەکانی خۆی بەپێی ئەوەی کە هەیە، لەو لیستە مسۆگەر بکات، لیستی پچڕپچڕ دروست بوو، وەکو باسم کرد، تەنانەت هەتا لەناو شیعەکان، لەبەرئەوەی ئەو لیستەی کورد مەگەر بتوانێ کورسیەکانی خۆی مسۆگەر بکات، کێ دەڵێ ئەوان ئەو ژمارەیە دێنن کە حصەی کورد دابین بکرێ، لەبەرئەوەی باشترین بڕیار لەم کاتەدا ئـــەوەیـــە کەتۆ لەگەڵ لیستێکی عێراقی بەهێز شیعەو سوننە، دەنگێکی زۆر ئەهێنن و ئەمە لەسەر چ بنچینەیەك تۆ ئەتوانی لەپاشەڕۆژدا ڕێك بکەوی لەگەڵیان ئەگەر لەسەر بنچینەی زۆرینەو کەمینە بێ، ئەوە خۆت ئەیلێی وەکو ئەگەرێکیش لەئەگەرەکان لێکی بدەینەوە، هەموو هێزە دۆستەکانی ئێمە لەعێراق دا، دۆستی ستراتیژی بەهەموومان (١٠٠–١٢٠) کورسی ئەهێنن، باشە تۆ ئەتوانی چارەنوسی خۆت ئەگەر هەتا فول کورسیەکانی خۆمان بهێنین بدەینە دەست زۆرینەو کەمینە لەناو پەرلەماندا، زۆرینە ئەوان ئەگەر بردیانەوە، ئیتر تەواو چارەنوسمان دیارە ئەگەر ئەوان چارەنوسەکە بینووسن چۆنی ئەنووسن؟

قادر عەزیز: بڕوا ناکەم، کورد چاوەڕوانی ئەوەندە بێ کە لەپەرلەمان بتوانێ بەدەنگ یا بەڕاستی بەکورسی زیاتر مافەکانی خۆی وەربگرێ، ئەوە نیە لەعێراق، کورد هەرچەند بەدەست بهێنێ هەر کەمایەتیە لەپەرلەمانەی ئایندەی عێراق، لێرەدا ئەوە بۆ کورد باشە کەبەڕاستی ڕێژەکەی نیشان بدات لەپێکهاتەی دانیشتوانی عێراق، چونکە بەڕاستی زۆر بەناحەق ئەوان کوردیان بچوك کردۆتەوە، خۆشمان دەورمان هەبووە لەبچوکردنەوەی خۆمان، خۆمان ڕازی بووین بەوەی کەکورد ئێستا یەك لەسەر پێنجە، لەکاتێکدا کورد نەك یەك لەسەر پێنج نیە یەك لەسەر چواریش نیە، یەك لەسەر سێی عێراقە، بەشایەتی ئەو بەڵگانەی کەلەڕژێمیش بەجێ ماوە، لەبەرئەوە وا باشە کورد ئەوە ڕاست بکاتەوە، ئەو بچوکردنەوەی خۆی لەعێراقدا ڕاست بکاتەوە، ڕێژەی خۆی وەکو هەیە نیشان بدات، ئەوە زۆر گرنگە، چونکە بەناهەق کوردیان بچوك کردۆتەوە، ئەگینا بەتەمای ئەوە بێن کەئێمە بەکورسی زیاتر (دیارە کورسی زیاتر باشە) بەڵام بەتەمابین بەکورسی زیاتر بتوانین مافەکانی خۆمان بسەپێنین، یا بەدەنگ ئەوە کارێکی ئاسان نیە لەعێراق، چونکە هەرچۆنی بگری کوردو علمانیەکانو کێ‌و کێی تریش، لەپەرلەمان هەروەکو کەمایەتی دەبن، زۆرینەکە هەر ئەوان دەبن، بەدەنگ کورد ناتوانێ هیچ لەمافەکانی خۆی بەدەست بهێنێ، تەنیا دەبێ بەتەوافق‌و ڕێکەوتنی سیاسی، ئەگەرنا کورد هەڵوێستی تری دەبێ، لەبەرئەوەی دەبێ وا سەیر بکەین لەدەستوری ئایندەی عێراقیش کورد چاوەڕوانی ئەوە ئەکات کەدەتوانێ ئەوەی کەدەیەوێ شتێکی گرنگی دەستکەوێ لەمافەکانی دەستوری ئایندەی عێراق.

چاودێر: لەقسەکانی جەنابتا دوو ڕێگەمان لەبەردەمە، یەك ئەبێ مەبدەئی تەوافق لەپەرلەماندا بچەسپێنین، کەبەبێ تەوافقی پێکهاتەی عێراق، زۆرینە نەتوانێ حوکم لەسەر کەمینە بدات ئەمە یەك، دووەمیش مافی چارەنوس، کورد چارەی خۆی ئەنووسێ، یاخود عێراق هەمووی چارەی کورد ئەنوسێ لەڕاپرسی دەستوری عێراقدا، ئەمە چۆن ئەبێت، واتە ئەو مافە ئەدرێ بەکورد لەکوردستانا بڵێ چی ئەوێ، یا ئەو مافە ئەدرێ بەهەموو عێراق لەم دەستورە مافی کورد چۆن دەستەبەر بکرێ ئەمەیان چۆن ئەبێ بەئەسەوری تۆ؟.

قادر عەزیز: ئەوان دەیانەوێ بیدەن بەدەستی عێراقیەکان بۆئەوەی نەیدەن بەدەستی خۆمان، لەئەساسا ئەو مافە دەبێ لەدەست خۆمان بێ ناکرێ میللەتێکیتر، بەتایبەتی میللەتی سەردەست بڕیار لەمافەکانی ئێمە بدات، هەموو میللەتێ خۆی مافی ئەوەی هەیە بڕیار لەچارەنوسی خۆی بدات، بەڕاستی ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ئەوان یەکلایی بکرێتەوە، ئەوە یەکەم، دووەم: ئێمە بەڕاستی دەبێ وەکو دوو نەتەوە لەگەڵ ئەوان ڕێك بکەوین، ئەگینا بێنە سەر ئەوەی وەکو عێراقیەك‌وەکو زۆرینەو کەمینە پەرلەمان بەهیچ شێوەیەك بۆ ئێمە هیچ شتێکمان بۆ دەستەبەر نابێ، دەبێ یا بەڕێکەوتنی سیاسی بیکەی، وەکو دوو نەتەوەی سەرەکی لەعێراق، چونکە عێراق دوو نەتەوەی ســـــەرەکیە، دەبێ

بەهەڵبژاردنە،باشە ئەوەی داوای هەڵبژاردن دەکات ئاشکرایە بەرەیەك داوای دەکات، دواخستنی هەڵبژاردن خۆی شتێکە دژ بەپرۆسە سیاسیەکەی عێراق دژ بەهەڵوێستی شیعە، دژ بەهەڵوێستی ئەمریکا، کە ئەمریکیەکان پێ داگرن لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردن دەبێ لەکاتی خۆیدا بکرێ، بۆیە لات سەیرە پارتی‌و یەکێتی یان بەشێوەیەك لەشێوەکان وای بنوێنن کەهەڵبژاردن دوابخرێ باشترە. گەرچی لەو دواییە ڕوون کرایەوە کەگوایا بەوشێوەیە نەبووە، بەپێچەوانەوە چۆن شیعە بەدەرفەت ئەزانێ کەسونیەکان غائبن یان دوورن یان بەو هێزەی خۆیان ناتوانن بەشداری هەڵبژاردن بکەن‌و دەسەڵات وەربگرن، بەڕەئی من هەق بوو کوردیش وا سەیری مەسەلەکە بکات. ئێستا لەبەرامبەر عەرەبێ بەدوو بەشیەوە لەمەجلیسی حوکمیش‌و لەدابەشکردنی پۆستە ڕیاسیەکانیش وامان بەسەرهات، لەئەساسدا کێشەکە لەبەینی کوردو عەرەب بوو، بەدەستی خۆمان چوین مۆرمان کردو کێشەکەمان کرد بەکێشەی کوردو شیعەو سوننە. واتە بەناوی سونە هەر دەبیا، بەناوی شیعە هەر دەبیا، لەکاتێکدا هەموشی عەرەبە، واتە کورد خۆی کرد بەپلە سێ، لەکاتێدا

خۆی نەکات بەتەرەف لەبەینی شیعەو سوونە، بەپێچەوانەوە باشترین سیاسەت، باشترین تەکتیك ئەوەیە کورد ناکۆکیەکانی نێوان شیعەو سوونە بۆ خۆی بقۆزێتەوە، چونکە هەردووکیان بۆ کوردیەکە، واتە ئێمە کاتی خۆی پێمان سەیر بوو پارتی‌و یەکێتی دەچوون کۆنگرەی مسالەحەیان بۆ شیعەو سونە دەبەست، ئەرکی من نیە بچم شیعەو سونە یەك بخەم بەرامبەر بەکێ بەرامبەر بەخۆم، ئەرکی من ئەوەیە وەکو هەر هێزێکیتر کەئەمڕۆ بەرژەوەندی خۆی دەوێ، سیاسەت دەکات، ئەوەیە ئەوان چەند ناکۆك بن ئەوە بەقازانجی ئێمە تەواو دەبێ، بەپێچەوانەوە ئەرکی ئێمە ئەوە نابێ بچین یەکیان بخەین، بەڕاستی ئێستاش بەهۆی ئەوەی کە شیعەکان وەکو باسم کرد زۆر لەئێمە ڕێکخراوترن، زۆر لەئێمەش زیرەکترن، حەز دەکەم بزانی شیعە یەکێ بوو لەوانەی کەداوای کرد، هەر بەسەرەتای ئیشەکەیان ئەوکاتە ئەمریکاش زۆر دژی ئەو مەسەلەیە بوو، داوای کرد نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە ناو مەسەلەکە، من چەند جارێك لەگەڵ چەندین ڕۆژنامەی ئەمریکی‌و بیانی قسەم کردووە، گوتویانە زۆر سەیرمان بەئێوەی کورد دێ، باشە

دانەبەزین، وەکو ئەوەی کە لەکۆنگرەکە بوو لیستی کورد بەهێز بو، هەموو دەنگەکانی هێنا، لەهەموو دەنگەکان نیسبەتی کورد مسۆگەر بوو، بەڵام ئێستا لەپرۆسەکەدا ئەوە نیە، ئێستا لیستەکان پچڕ پچڕن، لیستی گەورە نیە، بۆیە لێرەدا کورد ناچارە بەلیستی خۆی دابەزێ، ئەگەر باش ئیشی بۆ بکات، لەبەرئەوەی ملمڵانێیەکی گەورە لەعێراق دروست بوە بۆ کورد، واتە: تەحەدیەك دروست بووە من پێم وایە ئەو لیستە کورد لەهەر شوێنێك بێ بۆی بکرێ دەنگی پێ دەدات، ئەوەی بۆ کورد ئێستا هاتۆتە پێش، بۆ هیچ لایەکیتر نەهاتۆتە پێش، ئەوە باشترین فرسەتە کە کورد بەڕاستی بتوانێ ڕێژەی خۆی لەعێراق ڕاست بکاتەوە، کورسییەکی باش لەپەرلەمانی عێراق بەدەست بهێنێ.

چاودێر: گریمان ئەو ڕێژەیەی کە کورد لەبەرچاوی گرتووە، هەر هەمووی هێنارە، لەبەرچاویشی بخەین کەهەموو هێزە دیموکراتخوازو علمانیەکانی عێراق چەند دەنگ ئەهێنن لە (٢٧٥) کورسی بەکوردو ئەوان گریمان ١٠٠کورسی هات، بەهەموومان بوو (١٢٠) باشە خۆ لەبەرامبەردا هێشتا هێزە ئیسلامیەکان ج

ئەوە دوو ڕۆژە ئێوە دەزانن کە لەغازی یاوەرەوە تا سەرانی حکومەت‌و کاربەدەستانی حکومەتی ئێستای عێراق بەئاشکرا قسە دەکەن، دەستێوەردانی ئێران باس ئەکەن، دەستێوەردانی سوریا باس ئەکەن

باشترین سیاسەت، باشترین تەکتیك ئەوەیە کورد ناکۆکیەکانی نێوان شیعەو سوونە بۆ خۆی بقۆزێتەوە، چونکە هەردووکیان بۆ کوردیەکە، واتە ئێمە کاتی خۆی پێمان سەیر بوو پارتی‌و یەکێتی دەچوون کۆنگرەی مسالەحەیان بۆ شیعەو سونە دەبەست، ئەرکی من نیە بچم شیعەو سونە یەك بخەم بەرامبەر بەکێ بەرامبەر بەخۆم، ئەرکی من ئەوەیە وەکو هەر هێزێکیتر کەئەمڕۆ بەرژەوەندی خۆی دەوێ، سیاسەت دەکات، ئەوەیە ئەوان چەند ناکۆك بن ئەوە بەقازانجی ئێمە تەواو دەبێ..

قادر عەزیز

بەشێك لەژیانی قادر عەزیز حەمەدەمین

* لەساڵی ١٩٥٤لەگوندی (سێبران ی هەولێر لەدایك بووە.
* لەساڵی ١٩٧٤دا بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە.
* لەساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە کردووە.
* لە پێکەوەنانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێدا . بێدایرانی پێشمەرگەیە.
* ئەندامی سەرکردایەتی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) بووە.
* لەدامەزرێنەرانی (حیزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە لەو حیزبەدا.
* لەساڵی ١٩٨٥دا حیزبی زەحمەتکێشانی دامەزراندووەو لەو کاتەوە سکرتێری ئەو حیزبەیە.
* ئەندامی سەرکردایەتی سیاسی (بەرەی کوردستان) بووە.
* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، پاشان لەیەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمدا وەزیری کشتوکاڵ بووە.
* ئێستاش ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقە.

هاوبەش

کورد هەرچەند بەدەست بهێنێ هەر کەمایەتیە لەوپەرلەمانەی ئایندەی عێراق، لێرەدا ئەوە بۆ کورد باشە کە بەڕاستی رێژەکەی نیشان بدات لەپێکهاتەی دانیشتوانی عێراق، چونکە بەڕاستیزۆر بەناحەق ئەوان کوردیان بچوك کردۆتەوە، خۆشمان دەورمان هەبووە لەبچوکردنەوەی خۆمان، خۆمان رازی بوین بەوەی کەکورد ئێستا یەك لەسەر پێنجە، لەکاتێکدا کورد نەك یەك لەسەر پێنج نیە یەك لەسەر چواریش نیە، یەك لەسەر سێی عێراقە

شتەکان بەوشێوەیە دابەش بکرێ، ئەوەش زیاتر بەتەوافق دەبێ ئەگینا مەحالە کورد بەدەنگو بەپەرلەمانو بەناوی دیوکراسیەت، مافەکانی دابین بکرێ. هەڵبەتە دیموکراسیەت ئەوە نیە ئەوان بەزۆرینە مافی کورد بخۆن، هەر خواردنی مافی کورد کارێکی دیموکراسی نیە؛ دیموکراسی لێرەدا بێگومان بەمەعنای جیا بەکاردێ، ئەو بەمەعنای زۆرینەو کەمینە بەکاری دەهێنن، منیش بەمەعنای ئەوە بەکاری دەهێنم داواکردنی مافەکانی خۆم لەدیموکراسیەتدا، مافەکانی کورد پێشێل بکرێ بەناوی ئەکسەریەت ئەوە دیوکراسیەت نیە، بەڵکو پێشێل کردنی دیموکراسیەتە، لەبەرئەوە دیموکراوسیەت لێرەدا دوو لایەنی هەیە، دەکرێ کورد سودی لێوەربگرێو ئەوانیش سودی لێوەربگرن. بەڵام کورد لەعێراقدا دەبوایە دەسپێک بوایە، لەدوای روخانی سەدام بەوشێوەیە گفتوگۆمان لەگەڵ مەرکەز بکردایە، کە ئەگەر دەتانەوێت عێراق دروست بکەنەوە، دەوڵەتی عێراق خۆی رووخاوەو دامو دەزگای نەماوە، ئێستا ئەگەر ئەتانەوێ دروستی بکەینەوە، لەگەڵتان بین، رازیش نابین ئێمە جیابینەوە، دەتانەوێ بەشداریتان بکەین لەدروست کردنەوەی دەوڵەتی تازەی عێراق، دەبێ دەوڵەتی تازەی عێراق لەسەر بنەمای تازە، لەسەر بنەمای دوو نەتەوەی هاوبەش لەو عێراقە بەشێوەیەکی یەکسان لەمافو ئەرکەکانا دروست بکرێتەوە، دەبوایە ئێمە وەکو سیاسی لەسەرەتاوە لەگەڵیان بکەین، ئەگینا بەهیچ شێوەیەک دەبوو هاوکارییان نەکەین لەدروستکردنەوەی عێراقی تازە، ئەرامان کرد، بەراستی لەمەدا بوو زەرەرمان کرد، کاتی خۆشی ئەوەی تێبینی هەبوو لەسەر هەڵوێستو سیاسەتەکان ئەوە بوو کەکورد بەوشێوەیە جەخت نەکەین لەسەر گەڕانەوەی سەروەری بۆ عێراق، واتە شتێك نەکەین ئەگەر ئێمە پێشەکی مافەکانی خۆمان لەعێراقدا دەستەبەر نەکەین، ئەوەتا لەگەڵ یەکەم گەڕانەوەی دەسەڵاتو سەروەری بۆ عێراقیەکان کورد پەراوێزکرا، بینیمان، دۆستە سەرەکیەکان جارێکیتر کورد بەداخەوە بووە جێگرو نائب لەعێراق بووە هاوڵاتی پلە دوو، دیارە گۆڕانێکی گەورە لەوەزعی کورد بووە لەعێراق، بەڵام ئەوەی کورد ئەیەوێ ئەوە نیە، ئەو هاوکێشەیەی کۆن عێراقی لەسەر بنیات نرا، دروست کرا کە کورد هاوڵاتی پلە دووە، لەدوای روخانی سەدام فرسەتێکی گەورە هەبوو ئێمە ئەو هاوکێشەیە بگۆڕین بەداخەوە بەو خیتابەی کەهەبوو، بەتایبەتی خیتابی یەکێتیو پارتی نەیتوانی ئەو هاوکێشەیە بگۆڕێ، ئەوەبوو عێراق لەسەر هەمان هاوکێشە دروست کرایەوە.

ئەوەتا لەگەڵ یەکەم گەڕانەوەی دەسەڵاتو سەروەری بۆ عێراقیەکان، کورد پەراوێزکرا، بینیمان، جارێکیتر کورد بەداخەوە بووە جێگر لەعێراقو کوردیش کرایە هاوڵاتی پلە دوو

چاودێر: دروستکردنەوەی عێراق تەنها لەدەستی هێزە عێراقیەکان بوو (بەکوردستانیشەوە) یاخود تۆ خۆت دەزانی دەستوری عێراق ئەمریکا نووسیویێتی، یاسای عێراق ئەمریکا نوسیویێتی، ئیدارەی عێراق ئەمریکا کردی، عێراق کرا بەدەوڵەتێکی داگیرکراو، هیچ بڕیارێك لەوێ نەدەدرا بەبێ ئەمریکا و دوایش هەموو ئەو رێککەوتنەی کەکراو لەنێوانی هێزە سیاسیەکانی عێراق، نەفرینەوە هێڵە سەرەکیەکانی ئەو رێکەوتنە ئەمریکا دای ئەنا، خۆ تەنها هێزە عێراقیو کوردستانیەکان ئەم بڕیارانەیان نەئەدا؟

قادر عەزیز: بێگومان ئەمریکا رۆڵی سەرەکی هەبووە لەو مەسەلانە، بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نیە کەئێمە خۆمان نەماندەتوانی هیچ بکەین، ئەمریکا لەدامەزراندنەوەی عێراق بەتایبەتی ئەوکاتە عێراقیەکان خۆیان نەگرتبوو، لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەبەشداری کورد هەبوو، بەبێ کورد دەوڵەتی عێراق دروست نەدەکرایەوە لەبەرئەوە فرسەت بوو کورد بەبێ موقابل ئەوە نەکات، ئێمە بەبێ مقابل ئەوەمان کرد، بەبێ موقابل چووین عێراقمان دروست کردەوە سەروەریمان بۆ گێڕایەوە، تەسلیمی عەرەبە شۆڤێنیەکانمان کرد خۆشمان لێی دەرچووین، لێ دەرچون بەو مەعنایە نیە ئێمە تیایدا نین، بەڵام ئەو مافە سەرەکیانەی کەخۆمان دەمانەوێ جێگیر نەکرا، لەبەرئەوە بەراستی من نامەوێت ئەوە هەمووی بخرێتە سەر ئەوەی ئەمریکا رێگەی نەدەدا، من جارێکیان لەبەرپرسێکی گەورەی یەکێتیم پرسی، وتم من یەك پرسیار ئەکەم: ئەگەر بەشداری نەکەین لەوەی کە ئێستا لەعێراقدا هەیە، ئەمریکا پەلامارمان دەدا، وتی نەخێر وتمان کەواتە بۆ بیکەین. بڕۆن بۆ خۆتان دروستی بکەنەوە، بزانم لەهەموو شتەکان دەیانتوانی بەبێ کورد بیکەن، ئەوکاتە کارتەکان لەدەستی کورد بوو، ئێستا من حەز دەکەم بەراشکاوی باسی بکەم، هەڵە زێرینەکە لەدەست کورد رۆی، واتە هەڵەکە ئەو یاسای ئیدارەی ئیدەرچوو کە کورد بەداخەوە کەخۆی یاساکەی مۆر کردووە، ئێستا خۆی داوای جێبەجێکردنی بەندەکانی دەکات، دەبێ هەر بەردەوام بێ لەوەی کەمادەی (٥٨) داوا بکات.

چاودێر: باشە کورد ناتوانێ بڵێ من یاسام ناوێ، خۆ لەیاساکە فیدرال چەسپیووە، دیموکراسی چەسپیووە، لابردنی تەعریب چەسپیووە، شەراکەتی کورد چەسپیووە، پرنسیپی تەوافق چەسپیووە، باشە کورد ئەگەر یاسای ئاوا بێتە پێشەوە بۆ تەرقیمی نەکات، قازانجێتی تەرقیمی بکات یا زەرەرێتی؟

قادر عەزیز: ئەو یاسایە بەهیچ شێوەیەك لەقازانجی کورد نەبوو، واتە ئەوەی کەپەیوەندی بەکوردەوە هەبوو، یاساکە خۆی یاسایەکی پێشکەوتووە، ئەگەر لەڕووی عێراقو مەسەلەی یاساو مافی تاکو کۆمەڵو مەدەنیەوە بیگری، لەسەرچاوەی یاسای ئەورووپیەکانەوە وەرگیراوە، بەڵام ئەوەی کەپەیوەندی بەکوردەوە هەیە، کورد بەراستی هیچ لەمافە سەرەکیەکانی لەو یاسایە بەدەست نەهێناوە، مەسەلەن کورد نەیتوانی لەو یاسایەدا ئەوە جێگر بکات کەعێراق، عێراقی شەراکەتی کوردو عەرەبە، ئەو فیدرالیەتەی دەدرێ بەکوردستان فیدرالیەتێکی جوگرافی سیاسییە، نەیتوانی کوردستان یەك بخاتەوە، من نمونەیەکت بۆ ئەهێنمەوە، ئەوەی شتی خۆیان بوو کردیان لەسیاسەت بزانە چۆنە، ئەو شتی خۆی برد، شتی تۆ خرایە سەر جێبەجێکردن، ئەو مەسەلەی کەرکوکی نەخستەوە سەر کوردستان، کەرکوکو ناوچەکانی تری لەکوردستان دابڕی، بەڵام ئەتبینی بۆ تۆ خستە مادەی (٥٨) کەجێبەجێیشی ناکات؛ ئێستا تۆ لەچ مەوقیعێکی، لەمەوقیعی ئەوە هەموو رۆژێ ئێمە هاوار ئەکەین مادەی (٥٨)تمان بۆ جێبەجێ بکرێ واتە خۆمان خستە ئەو مەوقیعە، ئالێرەدا زەرەرمان کرد، ئەو کەرکوکو ئەوانەی دوایخست، کە دوایخستن خۆی بۆ خۆی بەشێکە لەزەوت کردن، ئەو گلەییەی کەلەسەر سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی بەتایبەتی ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم ئەوەبوو کە باسکرا کە ئەدەبوایە مەسەلەی کوردستانیەتی کەرکوك قابیلی موناقەشە بێ چونکە خۆ ئەوە جوگرافیایە، خۆ مێژوو نیە خەڵکێکیتر تەزویری بکات، جوگرافیای کەرکوك لەناوجەرگەی کوردستانەو مەسەلەی کوردستانیەتی کەرکوك شتێك بوو کە دەبوایە بەراستی هیچ مەقی یەکێتیو پارتی نەبوو دوای بخەن. دەبوایە مەسەلەی کوردستانیەتی کەرکوك ئەسڵەن مناقەشەی لەسەر نەبێ. شتێکی تر کورد نەیتوانی بیکات ئیدارەی کەرکوك، کەرکوك کوردستانە دەبێ بۆم بسەلمێنی لەچوارچێوەی جوگرافیای کوردستانە، لەعوسمانلییەوە بیگرە هەتا ئینگلیزو ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ کورد کەمساوەمەی لەسەر بکات ئەوەیە، باشە کەرکوك شاری نەتەوەکانە ئێمە رازین بەوەی مەسەلەی ئیدارەی کەرکوك مەسەلەی تەتبیع، ئاسایی کردنەوەی باروتۆخەکە وەکو لەماوەی (٥٨) دا هاتووە، لەسەرژمێری بکرێ، هەڵبژاردنە بکرێ گرنگ نیە سبەینێ ئیدارەی کەرکوك کێ دەبیات، باتورکمانێك سبەینێ بیبێتە پارێزگاری کەرکوك، یا عەرەبێك بەهەڵبژاردن بیباتەوە، ئەوە هیچ گرنگ نەبوو بۆ کورد ئیدارەی کەرکوك کێ دەیکات، گرنگ بۆ کەرکوك ئەوە بوو ئیعترافی پێ بکرێ لەو یاسایە کە کوردستانە، لەبەرئەوە لەو یاسایە بەراستی شتی گەورەمان لەدەست داوە.

چاودێر: ئێوە وەکو زەحمەتکێشان لەبەرامبەر ئەم قسانەی کەئەیکەیت کاتی خۆی موزەکەرەیەکتان داوە، هەڵوێستان نواندووە؟

قادر عەزیز: ئێمە موزەکەرەمان ئەداوە، بەڵام لەهەموو دیکۆمێنتەکانی خۆمان بەتایبەتی دوای روخانی رژێم کۆنفرانسێکمان گرت، دوای ئەوە کۆنگرەی چوارمان گرت، لەبەڵگەنامەکانی کۆنگرە هەموو ئەو شتانەمان باس کردووە. لەقسەکانی خۆمان، لەکۆڕەکانی خۆمان لەهەمووی باسمان کردووە، هەتا سەبارەت بەیاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق ئەو بۆچوونانەی خۆمان باس کردووە.

چاودێر: باشە بۆچوونی ئارخۆی حیزب بۆچی فراوانترو رەسمیتر هەڵوێستتان نەبوو؟

قادر عەزیز: ئارخۆ نیە لەدەرەوە باسمان کردووە، بڵاومان کردۆتەوە.

چاودێر: دەوڵەتانی جیهانو حکومەتی عێراق مولزەم نین دیکۆمێنتی ئێوە بخوێنەوە، مولزەمن بەوەی ئێوە موزەکەرەیەك بدەن بەحکومەتی عێراقی، موزەکەرەیەك بدەن بەپەرلەمانی کوردستان، موزەکەرەیەك بدەن بەئەنجومەنی نیشتمانی، بەتایبەتی ئێستا خۆت ئەندامی ئەنجومەنێکی، تۆ و نوێنەرە کوردەکان لەوێ ئەم کێشەیان باس کردووە تائێستا؟

قادر عەزیز: ئەوە پێش ئەنجومەنی نیشتمانی کرا، ئەو پەیوەندی بەحکومەتی عێراقیو کۆ و کۆی نەبوو ئەوە پارتیو یەکێتی ئەو شتانەیان کرد بۆ ئاگاداریت، ئەوان مەسئولن لەوەی کە لەدوای روخـــانی سەدام، قۆناغی دوای روخاندنی سەدام تانێستا ئەوانە قیادەی ئەو سیاسەتەیان کردووە، ئەوان نوێنەری کورد بوون لەئەنجومەنی حوکمو نوێنەری گەل کورد بوون لەدارشتنی یاساکەو لەهەموو ئەو شتانە ئەوان تەحەمولی ئەو بەرپرسیاریەتیە ئەکەن، ئەو شتانە رووبەڕووی ئەوان ئەکرێتەوە.

چاودێر: پێش ئەوەی ئەمە ئیقرار بکرێ، ئێوە نەتان دەتوانی موزەکەرەیەك بنووسن بەم مەعنایە ئەم مەترسیانە بخەنە بەرچاو، ئەمە یەك، دووەم دوای ئەوەی ئەمە موافەقەتی لەسەر کراوە ئێوە چونەتە ئەنجومەنی نیشتمانی ئێستا ئەندامن لەئەنجومەنەکەدا، ئێوە بەشێوەیەك لەشێوەکان وەکو یەکێتیو پارتی تەحەمولی بەرپرسیاریەتی ئەو قەرارانە ئەکەن کە لەئەنجومەنەکەدا هەیە ئێستا؟

قادر عەزیز: ئێمە شەریك نین لەو سیاسەتە، رەخنەی زۆریشمان لەو سیاسەتە هەبوو، ئەوەی ئەو ئەنجومەنە هاوبەشیەکی رەمزیە کردوومانە، ئەو ئەنجومەنە ئەدەسەڵاتی یاسازێژی هەیە ئەوە بۆ خۆت باش دەزانی، نە هیچی پێ دەکرێ، ئەچـــاودێری حکومەت دەکات، بۆ ماوەی چەند مانگێكو شتێکی تر نیە کورد لەوێ بتوانێ بچێ یاسای دەوڵەتی عێراق بگۆڕێ لەبەرئەوەی هیچ شتێ لەو ئەنجومەنی نیشتمانیە ناکرێ حەز دەکەم بزانی.

چاودێر: با بێینە سەر هەڵبژاردنی کوردستان، لەهەڵبژاردنی کوردستانا یەکێتیو پارتی رێکەوتن، بڕیاریشیان دا هەردوولایان رێژەیان چەند بێو چەندیش بەحزبە کوردستانیەکانیتر ببەخشن، یا بدەن یا دابین بکەن؟ (قادر عەزیز: بەخشینەکە راستە) ئێوە وەکو زەحمەتکێشان بەو رێژەیەی خۆتان رازی نەبوون؟

قادر عەزیز: ئێستا ئێمە بەیەك لیست بەشداری لەهەڵبژاردنەکان دەکەین، ئەگەر برواو پێ بکرێ لەو بارەیەوە، ئێمە پێش ئەوەی یەکێتیو پارتی ئیئتلافیش بکەن خۆت باش دەزانی تا رۆژەکانی دوایی مەسەلەی ئیئتلاف هەر لەگۆڕێ نەبووە، چەند جارێك لەلایەن یەکێتیش ئاگادارکراینەوە، ئێوە حسابی خۆتان لەسەر ئیئتلاف مەکەن، چونکە مەسەلەی ئیئتلافی یەکێتیو پارتی شتێکی ئاسان نیە لەوانەیە ئەو ئیئتلافە نەکرێ، وەکو زەحمەتکێشان رەئیمان وابوو یەکێ لەوانەی جەنابی مام جەلال بوو، بەمنی گوت، وتی: ئێستا وەزعەکە بەرەو ئەوە دەروا هەریەکە بەلیستی تایبەتی خۆی دابەزێ، ئێمە بەلیستی تایبەتی خۆمان دادەبەزین، پارتی بەلیستی تایبەتی خۆی دادەبەزێ، ئێوەش حزبەکان ئەگەر بۆتان بکرێ بەتایبەتی ئەو میکانیزمی چوار حزبەکە بەلیستی خۆتان دابەزن شتێکی خراپ نیە، ئێوە منافەسەیەك دروست بکەن لەهەڵبژاردنی پەرلەمان، بەراستی بەهەمان شێوە کارمان کرد، پێمان وابوو فعلەن وایە، یەکێتیو پارتی هەریەکەو بەلیستی خۆی دادەبەزێ، هەرلەماندا لەگەڵ حزبەکانیتر بەتایبەتی ئەو میکانیزمەی کەهەمان بوو، ئێمەو یەکگرتوو شیوعیو سۆشیالیست، لەوێ بزوتنەوەی ئاشوری لەئێمە جیایە لەمەسەلەی هەڵبژاردن، کۆبونەوەیەکمان کرد لەهەولێر کەبیروڕای خۆشمان لەو کۆبونەوەیە بڵاوکردەوە، باسی ئەوەمان کرد، دیاربوو یەکگرتوو پێی وابوو ئەگەر لیستی هاوبەش نەبێ هەموو لایەکی تیادا نەبێ بەتایبەتی یەکێتیو پارتی بەتەنیا دادەبەزێ، لەو کۆبونەوەیە ئاوا تێگەشتین لەیەکگرتوو، لەبەرئەوە سێ لایەنەکەی تر ماینەوە، بەراستی هاورێیانی شیوعیو سۆسیالیستو ئێمە لەو بارەیەوە کەوتینە گفتوگۆ کەئەو سێ حزبە ئەگەر بکرێ ئەساسی ئیئتلافەکە بێ، بەڵام هەموو حزبەکانیتر بەگچکەو گەورەیان لەکوردستان ئەوانیش بەشداریمان بکەن، ئەگەر بکرێ ئێمە لیستێکی خەڵکی بێ لایەنو سەربەخۆخــوازیش بەشداری پێ بکەین، یان لیستێك بێ کەبتوانێ منافەسەیەك بکات، زنجیرەیەك کۆبونەوەمان کرد لەگەڵ ئەو دوو لایەنە، نەگەشتینە ئەنجام چونکە من لەکۆبونەوەکەش پێم وتن بەهەمان ئەقلیەتی ١٩٩٢بەتۆزێ تەعدیلات قسەیان لەگەڵ ئێمە دەکرد، کەئێمە دیارە لەوبارەیەوە پێمان وا نەبوو کەئەو شتە وایە، تا من لەوەڵامی یەکێ لەکۆبونەوەکان وتم باشە ئێمە زۆر گرنگە ئیئتلاف بکەین، بەڵام ئەوەی کەئێوە ئەوەندە موبالەغە بەقەبارەی خۆتان دەکەن، بۆ نایەن هەریەکە بۆ خۆمان دابەزین، بۆ نایەن فرسەتە وەکو مەسەلەی تورکمانمان لێ هاتبوو هەریەکە دەیگوت سێ ملیۆنم، باشە وەرن هەریەکە بۆ خۆمان دادەبەزین لەو هەڵبژاردنە ئیئتلاف ناکرێ با بزانین هەریەکە حەجمان چەندە، ئەوەبوو بەراستی ئێمە نەگەشتینە ئەنتیجە لەگەڵ یەکتردا، ئێمە پەیوەندیمان کردبوو لەگەڵ کۆمەڵێ لەخەڵکی سەربەخۆ لەکوردستان لەدهۆکەوە تاکەلارو تا هەڵەبجەو تاهەموو کوردستان، کۆمەڵێ خەڵکی کەسایەتی سەربەخۆ لەمامۆستای زانکۆ، لەنوێنەری عەشایر، لەگەڵ زۆر لەچینو توێژەکان لەگەڵیان رێك کەوتبووین کە بەلیستێکی جیا دابەزین، چەند ئاوەندی تریش هەبوو، دوای ئەوەی لەرۆژانی دواییدا بینیتان یەکێتیو پارتی قسە هاتە سەر ئەوەی کەبەراستی ئیئتلافیان کردووە، لەئیئتلافەکەش کورسیەکانیان بۆ خۆیان بەپێی مەوقعی سیاسی دابەش کردووە، پەیوەندی بەمێژووی ئەو حزبانەو سەنگیانەوە نیە. کێ لەکێ رازیە، یا کێ لەکێ نزیکە، یا کێ دەیەوێ کێ تەحجیم بکات، وایان دابەش کردبوو کەبەراستی لەوێش بەو دابەشکردنە ئەوەی پەیوەندی بەپشکی خۆمانەوە بوو، هەر بەشێوازی دابەشکردنەکە رازی نەبووین لەبەرئەوەی لەوێ بەراستی لێت ئاشارەوە، دووروونزیك قسەمان لەسەر پشکی خۆمان نەکرد، واتە هەتا کەمن چووم بۆلای مام جەلال لەوانەیە تەسەورێك هەبوو بێ کەئێمە چووبین بۆ زیادکردنی کورسی، ئێمە داوای زیادکردنی کورسیمان نەکرد، باسمان کرد کەبەنیازین بەلیستێکی جیاواز دابەزین، مام جەلال وتی پەلە مەکەنو سەبر بکەن، وتم مام جەلال من بۆ ئەوە نەهاتووم، من بۆئەوە هاتووم بەنیازین بەلیستێکی جیا دابەزین دیاربوو، زۆر پێی باش نەبوو، گوتی: ئێستا ئەوە لیستی هاوبەش دروست بووەو ئێوە بەشداری ناکەن، وتم بەڵێ ئێمە داوای لیستی هاوبەش یان داوای جۆرێك لەتەوافقمان کردووە بەتایبەتی لەنێوان یەکێتیو پارتی، چونکە پێمان وابووە، بەهۆی دیتنی ئەو واقعەی لەکوردستاندا هەیە، پێمان وا نیە یەکێتیو پارتی بتـــوانن بەشـــێوەیەکی دیموکراسیو بەمنافەسەیەکی دیموکراسی ئەو پرۆسەیە بەڕێوەبەرنو هەریەکە بەناکامەکانیشی رازی بێ، پێمان وایە ئەوە کێشەی گەورەی تیادا دروست دەبێ، هێشتا ماوە یەکێتیو پارتی بگەنە ئاستی پێویستی قبولکردنی یەکتر. خەڵکی چاوەڕوانی ئەوەبوو دوای دوانزە ساڵ لەپەرلەمانی پەنجا بەپەنجا کە لەهەڵبژاردنەکەی ئەم جارە کێشەی دەسەڵات لەکوردستان کەپارتیو یەکێتی لەسەری ناکۆکن لەرێگەی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنەوە، لەرێگەی سندوقی دەنگدان یەکلایی بکرێتەوە، تەوافقمان بۆ یەکێتیو پارتی پێ باش بوو، لیستی هاوبەشیشمان پێ باش بوو، بەڵام ئەوە مەعنای ئەوە نیە کە لیستی جیاش نەبێ لەکوردستان، لەبەرئەوە ئێمە حەز دەکەم بزانی بڕیاری ئێمە بۆ لیستی جیا، بەشداری بەلیستی جیا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێش ئەوە بوو کەیەکێتیو پارتی ئیئتلاف بکەنو پشك بۆ حزبەکان دیاری بکەن.

قادر عەزیز

چاودێر: ئێستا ئێوە ئەو لیستەی کەباسی ئەکەی ئامادەتان کردووە، بۆ ئەوەی پێچەوانەی لیستە هاوبەشەکە دابەزنو ئازادانە بکەونە کار لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان؟

قادر عەزیز: بەڵێ ئەو لیستە تەواو بووە، پێشکەش کراوە لەبەغداو قبول کراوە، راگەیاندنێك دەرچوو بۆ لیستەکە، دیارە بینیوتانە لەراگەیاندن بڵاوکرایەوە کەزەحمەتکێشانو سەربەخۆکان بەلیستێکی جیا بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، لەم رۆژانەدا بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستەکە حازر دەکرێ لیستەکە ژمارەیان نزیکەی پەنجا کەسایەتیە.

چاودێر: ئەوەقعی سەرەنجامی هەڵبژاردن چۆن ئەکەی لەکوردستاندا، واتە ئێستا دوو لیست هەیە لیستی هاوبەشی یەکێتیو پارتیو لایەنەکان و لیستی ئێوە، لیستیتر هەیە؟

قادر عەزیز: بەڵێ لیستی تر هەیە، وەکو بیستوومە، لیستێکی لایەنەکان هەیە کەدکتۆر فەرهاد پیربالو مامۆستا بەهادین نوریو کۆمەڵێك کەسایەتی تری تیایە، وەکو بیستومە بەرەسمی نا کۆمەڵی ئیسلامی لیستی هەیە.

چاودێر: دیسان دوبارەی ئەکەمەوە، پێش بینیت چییە بۆ سەرەنجامی هەڵبژاردنەکە، مەعلومە کە ئەو لیستە هاوبەشە زاڵە بەڵام لەدوای ئەوان ئەم لیستانەی کە هەیە ئاخۆ چەند کورسی دابین ئەکەن بۆ خۆیان؟

قادر عەزیز: ئەگەر لیستی منافس نەبێ ئێستا، پێشبینی ناوێ ئەنجامەکە پێشەکی دیارە کورسیەکان دابەش کراوە، واتە ئەگەر سەد هەزار کەس دەنگ دەبات لەکوردستان ئەو سەدو یازدە مەقعەدە هەردێ، ئەوکاتە ژمارەی کورسیەکە دەکرێتەوە، بەڵام ئەگر لیستی مقابل هەبێ بێگومان ئەوە مەسەلەیەکی ترە. سبەینێ ئەگەر ئەو لیستە دوو کورسی بهێنێ ئەوە لەسەدو یازدەکە دەخوات پێش بینیەکە ئەوەیە کەهەڵبژاردنەکە بێ کێشە بەرێوەدەچێ، چونکە تەوافق هەیە لەهەڵبژاردنەکە یەکێتیو پارتی بەتایبەتیو لایەنەکانیتر رێککەوتوون شەرە پەرۆو کێشەو ململانێیو تیادا نابێ، بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدرێ، سروشتی پرۆسەکە وایە، ئەوە لایەکی تری ئەوەیە کەباس دەکرێ کە خەڵکێك هەیە دەنگ نادات، ئەویش پێشبینی دەکرێ کە خەڵکێ هەبێ دەنگ نەدات، بێگومان ئەو حەماسەتەی کە لەساڵی ١٩٩٢بۆ پەرلەمانی کوردستان هەبوو، ئەوە ئێستا نیە، خەڵکێکیش هەیە رەخنەی لەولیستی هاوبەشە هەیە کەپێی وایە ئەوە کارێکی دیموکراسی نیە، لەبەرامبەردا لیستەکانیتر وەکو باسم کرد، پێشبینی هەر ئەوەیە ئەگەر شتێ بەدەست بهێنن، ئەوا ئەوانیش بەپێی ئەو کورسیانەی خۆیان دەچنە پەرلەمان.

چاودێر: ئەسەورت وایە ئایا بەم هەموو لیستانە ئەگەر دابەزن، سەرجەم بەتایبەتی ئێستا لیستەکەی ئێوە بەرامبەر لیستە هاوبەشەکە کەبەهێزترینیانە، واتە لیستە جیاوازەکان ئەسەورت وایە بەهەموویان بتوانن (٥-١٠) کورسی مسۆگەر بکەن، کە ئەوە زۆرباشە وابێ بەراستی؟

قادر عەزیز: وەڵڵاهی من ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم، لای خۆمان مشتومالێکمان کردووە لەسەرئەوەی هەڵبژاردن شتی مسۆگەر نیە، بەپێی ئەو زەمینەیەی کەئێستا هەیەو بەپێی توانای خۆمانو ئەو خەڵکەی کەکۆبۆتەوە، پێمان وایە شتێکی باش ئەکەین، بەڵام شەرتیش نیە مسۆگەر بێ، دەمێنێتەوە هەڵوێستی خەڵکەکە لەو لیستە جیایە، چونکە لیستێك ئێستا دابەزیوە خۆت دەزانی هەموو هێزەکانی تیایە، بەدوو حزبە سەرەکیەکەش ئەو لیستە خۆیشی بەناوی یەکێتی نیشتمانیەوە بانگەشە دەکات. لەبەرئەوە لەبەرامبەر ئەوەدا لیستەکەمان پێم وایە شانسێکی هەیە کەلیستێکی جیایە لەکوردستان، دەنگێکی جیایە، بەڵام ئەزمونێکی تازەشە، ئەو تەجروبەیەی ئێمە تازەیە، زیاتر لەوەیە بۆ یەکەمین جارە حزبێکی سیاسی لەگەڵ ژمارەیەك بەقەد قەبارەی خۆی لەخەڵکی سەربەخۆخوازو کەسایەتی ئەو وڵاتە بەهاوبەشی بەلیستێك دادەبەزن.

چاودێر: پاساوی ئەو لیستە هاوبەشە ئەو مەترسیانەیە، ئەو هەرەشانەیە کەئێستا لەعێراقدا هەیە؟ هەندێکی وەکو جەنابت ئیشارەتت دایە، پێت وا نیە ئەو پاساوە زۆر بەهێز نیە، ئەگەرا یەکێتیو پارتی یەکبگرن، بەڵام بەحزبەکانیتر بڵێن خۆتان بچن لیستی خۆتان دابەزێنن، بۆ نموونە: چی ئەبوو یەکگرتوو لەگەڵ ئەیاری ئیسلامی دیکەدا،

بۆ ل(١٥)

لەهەشتەمین وەرزی خۆشەویستیدا بۆ (هەشتەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ)

سامی هادی

خەونەکانی فیستیڤاڵ، ئەو خەونە گەورانەن، ساڵ بەساڵ، جوانترو ناسکتر خۆی دەنوێنێ، هەر ساڵێکیش، لەپەنجەرەی وەرزێکەوە، خۆمان نیشان دەدات، وا رێکەوت، ئەمساڵ، لەوەرزی سەرماو، پەنجەرەکانی بینینی بارانەوە، هەنگاوە بەراییەکانی فێستیڤاڵ، دەست پێ بکات. بەرلەهاتنی یەکەم رۆژی پاڕانەوەی شیعرو، چیرۆك‌و لێکۆڵینەوە، بەفر سەرەتای ماچکردنی وەرزی زستان بوو، وایش چاوەڕوان دەکرا، هەر لەیەکەم رۆژی فێستیڤاڵەوە، بەفرو شیعرو هەناسەکانی چیرۆك‌و دەروازەکانی لێکۆڵینەوە، بچنەوە ئامێزی یەکتر. بەڵام، وا رێنەکەوت، بەڵکو، لەیەکەم رۆژ. تا دواهەمین رۆژ، هەور لەگەمەکانی خۆی بەردەوام بوو، بارانیش خەونی بەبارین‌و بەفریش، لەودیو هێندێ لوتکەی بەرزەوە، بەشەرمەوە سەیری شارو سەیری ئاپۆرەی میوانانی فێستڤاڵی دەکرد. نۆ رۆژ، باران نەهات‌و، بەفر نەهات‌و، هەتاو هات, چیرۆك هات.. هتد..

بەرەبەیانی لەگەڵ دەنگی سێ کوچکەی بابان، وەئاگا هاتین، مزگەوتەکان، لەجیاتی بانگدان، شیعری قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی باکەی خۆش مروریان، دەخوێندەوە.

شەقام چۆڵ‌و ئاسمان فراوانتر، لەڕۆژانی‌تر، چاوەڕوانی رێك کاتژمێر ٩,٥ ی بەیانین، هۆڵی سەنتەری گەنجان، بۆنی شیعرو خۆشەویستی هەموو شتە جوانەکانی گرتبووە خۆی، لێرەوە، هەناسە جیاوازەکان گەیشتنەوە یەك، لێرەوە،رەنگە جیاوازەکان، بەیانی باشیان دەکرد، لێرەوە، زمانە جیاوازەکان، داوای گفتوگۆی نێوان ئاوو بیابانیان دەکرد، لێرە، بەیانی باشی مێینەو، دوا ئامێزی مەلە شەرمنەکان دەبینرا، لێرە، لەیەکەم بەیانی شیعرو، چیرۆك‌و پەیڤی هەرە جواندا، چرای داگیرساو، مۆمێکیش، کەوتە گێڕانەوەی، سەربردەی. رۆژە تاریکەکان، ئەو رۆژانەی، پەیڤ، قەدەغەو، جوانی قەدەغەو، مانگ قەدەغەو، شەقام قەدەغە بوو، هەر لەو رۆژە هەرە تاریکەکانیشەوە، گەلاوێژو فێستیڤاڵ، ئامێزیان ئاوەڵا بوو، بۆ هەموو ئەو شەپۆل‌و وەردە شەپۆلانەی، دەیانویست، لەودیوی پەنجەرەکانی بێ ئومێدیەوە ئومێدو جوانی ببەخشنەوە، بەشەقام‌و، بەو ماڵانەش، لەبەردەم کزە – چرایەکەوە، سەیری ئایندەو ئاسۆیان دەکرد. گەلاوێژو فێستیڤاڵ، هەر لەو رۆژە، بڕوایان بەئایندەو، بەئاشت بوونەوەی رەنگ‌و وشەکان هەبوو، بۆیە هەمیشە، دەیووت، تا وشەکان، بەدوای جوانیا بگەڕێن، دڵنیاین، رۆژگارە سەختەکان. رۆژگاری پیاوانی پووت، ئاوا دەبێت‌و، ئەوەی دەمێنێتەوە، ئەو دەروازیەیە، کە هەموو جوانیەکانی تیادا بەدی دەکرێت.

ئەمڕۆ، لەدایك بوونی هەشتەمین، رووباری وشەی بوێرو پڕ لەداهێنانە، هەشتەمین دەنگی پڕ لەڕەنگی گەلاوێژە، گەلاوێژو فێستیڤاڵ، زوو وتمان، تورەبوونی وشە، وشە، قەت زۆر ناخایەنێ، قسە لەگەڵ یەك نەکردنی شیعرو شیعر، تا سەر نابێت. چیرۆك لەگەڵ چیرۆکیش. ئەو دوو عاشقەن بەجوتە سەیری خۆرئاوابوون دەکەن.

هەشتەمین هات‌و فیستیڤاڵ هات‌و شیعر هات‌و جوانی هات‌و هەموو دەنگە جیاوازەکانیش، بەیەکەوە، سڵاویان لەهەشتەمین فێستیڤاڵی بنکەی ئەدەبی‌و رووناکبیری گەلاوێژ کرد.

شیعری ئەمساڵ، حیواری نێوان، لێوارە وەنەوشەییەکانی، ئەو هەناسانە بوون، پڕ بەگەرووی تازەیان، دەیان ویست بڵێن، ئەوەتا، لەسێبەری بچوکی خۆمانەوە، دەمانەوێت سەیری داهێنان‌و، وێنەو، زمانی سیحری، وشە بکەین، ئێمەیش لەهەناسەیەکی پڕ لەعیشقەوە، دەڵێین بەڵێ هەین، ئەگەر بچوکیش بین، بەڵام هی خۆمانین‌و، سەر بەجوگرافیای حیواری زیندووی ناوەوەی خۆمانین.

باڵندە نەسرەوتەکانی چیرۆکیش، بەرۆژهەڵات‌و رۆژئاواییەوە، بەدوای ئەو هێلانەیە دەگەڕان، کەپێشتر هیچ باڵندەیەکی‌تر، نەیکردون بەژیانی تاراوگەی خۆیان، هێندێکیان، غەریب بوون، زۆر غەریب، هێندێکی تریشیان، رێك لەتامی شیرینی گەزۆی سلێمانی دەچوون،

دەنگی غەریبانیش بەکزی بیسرا، بەڵام چرابوو پڕاوپڕ لەڕووناکی، پەنجەکانی لێکۆڵینەوە، پشکۆی ئاگردانێکی گەش بوو، چراکانی بەغدا، لێرانەوە، جارێکی‌تریش وتیان، بەڵێ، بەڕاستی ئێمەیش هەین، بەڕاستیش هەبوون، ماوەتەوە.. ..

لەم خوێندنەوەی ئاسمانی هەشتەمین فێستیڤاڵەوە بڵێم: لەئێوارەیەکی غەمگینی دوا ماڵئاوایی باڵندەکانەوە، لەحیوارێکی بەردینەی نێوان، خۆم‌و خۆمدا. هەستم بەتەنیای هەموو سێبەرەکان دەکرد، تەنیا سێبەری سەرەتایی ئەو رەشەبایە نەبێت، بەئەسپایی پێی دەوتم، برادەر... هەموویان، گەڕانەوە، بۆ ئاگردانی منالی، تەنیا تۆییت – لەحەوشە تەنیاکەی، مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان، سەیری شوێن پێی شیعرو، چیرۆك.. ئەو گفتوگۆیانەی هەمیشە کۆتاییمان نایەت، دەکەیت. وەلێ، ئەوانە ئێستا، چەپکی بیرەوەرین‌و خزاونەتە ئامێزی لەبیر نەچوونەوە، دە کەواتە ئەی سێبەری ئازیز، تا ساڵێکی‌تر تۆیش، سەرخەوێکی پڕ لەخۆشەویستی بشکێنە.

* * *

هەباسە.. لەنێوەندی فێستیڤاڵدا.. چ باسە!

(٢-٢)*

سەلام مستەفا

لەهەر شوێن‌و لەهەر وڵاتێکدا، کاتێك کۆڕێك یان سیمینارێك یخود فێستیڤاڵێك بەڕێوە دەچێت.. بمانەوێ‌و نەمانەوێ چەندین دیمەنی تەنز ئامێز دێنە گۆڕێ‌و هەستیان پێدەکرێت‌و دەبینرێن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەئەو کۆڕو سیمینارو فێستیڤاڵانە لاواز بوون.. بەڵکو وێنە (تەنز)ییەکە خۆی هاتووەو خۆی نواندووە..

لەهەشتەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژیشدا چەندین دیمەنی لەو جۆرە خولقان‌و خۆشبەختانە لەبزەو خەندەو گێرانەوەو سەرسورمان زیاتر هیچی تری لێ نەکەوتەوە. لەبەشی یەکەمی ئەم نووسینەداو لەگەلاوێژنامەدا کۆمەڵێکمان خستەبەردیدەی خوێنەر.. دەبا لەم بەشەشدا لەناو هۆڵ‌و گۆرەیانی دەرەوەی هۆڵ‌و دوکان‌و سلێمانی پالاس‌و شوێنەکانی تردا ئەم دیمەنانە ببینین.

– کچەچیرۆکنووسێك دوای ئەوەی کەخەڵاتەکەی وەرگرت‌و هاتەخوار بۆناو گوێگران.. بەسەرسامییەوە روی کردە چیرۆکنووسێکی ستافی گەلاوێژنامەو ووتی: ئەرێ بەراست بۆ چەپڵەیان بۆ لێنەدایـن.. ئەویش ووتی: ئێرە هەروایە (ئافەرین فێستیڤاڵی هەشتەم چەپڵەشت کوشت!).

– نووسەرێك ووتی: سەیرەکە لەوەدایە فێستیڤاڵ مۆسیقاژەن‌و گۆرانی بێژو بەڕێوەبەرو کۆلیژەکانیشی تێکەوت بۆ خەڵات کە تاکۆتایی فێستیڤاڵ ئەو ناوەیان نەدیبوو .. (حیکمەتەکە لەوەدایە کەئەمە مەتەڵەو بەزۆر کەس هەڵنایەت!).

– فێستیڤاڵی گەلاوێژ چەندین شاعیرو نووسەری کرد بەگۆرانیبێژ.. (جا کامیان باشترە.. شیعرێك لەهەڵسەنگاندندا چەقۆکاری بکرێت.. یان پێکێك مژدە ببەخشێ بەقورگت!).

– ئەوانەی لەرۆژی یەکەمەوە تاکۆتایی ئامادەبوون لەرۆژی خەڵاتدا نەهاتن .. چونکە بەیانییەکەی ناوی دەرچووان کەوتە بەرگوێ.. بەخوا منیش تێم تەقان‌و نەچووم چونکە پێم هەزم ناکرێ!.

– ژنە نووسەرێکی کوردستانی خۆرهەڵات بانگهێشت کرابوو.. یەکەم رۆژ هەر خۆی بوو لەپێنجەم رۆژدا بەمێردو براو منداڵەکەیەوە بوونە چوار کەس!

– لە سلێمانی پالاس .. لەگۆرانی ووتندا، سنەو خانەقین‌و هەولێرو کۆیەو بادینان، سلێمانییان تەخت کرد، واتە: قوروقەپیان پێکرد، هەر رەوف بێگەرد بوو، ئەویش: بەتەنیا ماڵی وێرانم چی پێ دەکرێ؟!

– گەلاوێژ نووسەری (بادەم) خۆریشی ئاشکرا کرد.. لەدوکان‌و لەکاتی نانخواردندا نووسەرێك بەدوو پەنجەو دەنك دەنك زیاتر لە (١٠٠) دەنك بادەمی لەسەر برنجەکە جیاکردەوەو خستیە ناو قاپەکەی بەردەمی‌و بەبرنجەکەی ووت: ئیلەل وەڕا.. واتە بۆ دواوە!.

–لەخەڵاتەکاندا.. بای بای سلێمانی.. (بروا ناکەم دەستی کەسی تیادا بێت! بابە بوختان مەکەن.. نەبەغیلییە.. نەبێ توانایی هەڵسەنگێنەر!!. ئەی تۆ؟.. قسەم پێمەکە با قسە نەکەم!!!).

– بەزەییم بەو هونەرمەندەدا دەهاتەوە کەلە پالاس لەگەڵ تیپی مۆسیقاکەدا هاتبوو بۆ گۆرانی ٣-٤ گۆرانی ووت.. چەند ویستی گۆرانییەکی حەسەن زیرەك بڵێ.. بۆی نەلوا.. دەك خوا ماڵی ئەوە بگرێ حەسەن زیرەکی لەبیر بردینەوە!.

–ئەو خواردنەی نیوەڕوانی ئوتێل ئاشتی بەهیچ شێوەیەك گۆڕانکاری تیادا نەبوو.. یەکەم رۆژ چی بوو.. دوا رۆژ هەمان شت! (کورە خواتان بێت گەدە خەباتەی چیمەنتۆو لم نییە!).

– پاشماوەی هەر سێ ژەمە خواردنەکەی شەش رۆژی فێستیڤاڵ.. بەشی یەك مانگی گەرەکێکی هەژار نشین دەکات!

– بەپێی راپرسی‌و چاوپێکەوتنەکانی رادیۆوتەلەفیزیۆنەکان‌و رۆژنامەو پاشکۆی کوردستانی نوێ‌و گەلاوێژنامەکەی خۆشیانەوە بێت.. شاعیرێك دەکرا خەڵاتی یەکەم بەدەست بهێنێت.. بەڵام خوا ئەوەبگرێ کەچاو دەنوقێنێ.. دەکرا کەسی شیاو لەهەڵسەنگاندنیشدا هەبێت!.

– پاسەوانەکانی بەردەم سلێمانی پالاس شاعیرێکیان نەپشکنی.. لەبەرئەوەی شاعیرەکە دوای بەرزکردنەوەی هەردوو دەستی ووتی: توخوا لەسەر خۆ..بەخوا ختوکەم دێ!

– کەسێك: باشە ناو هۆڵ هەر ئەوانە بوون کەمیوان بوون.. یان بەشداربوون.. بۆکەسانی تر نەهاتوون؟.. وەڵامێك: ئەی نەتبیستووە دەڵێن: ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار!

– نوسەرێکی بەئەزموون: بەویژدانم لەلیژنەکانی هەڵسەنگاندندا لەفوئادی مەجید میسری‌و عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی زیاتر کەسی شیاوی تیا نەبوو!.. چۆن دەبێ وابشێ!.

– لەدوکان.. چوارجار بەدەوری پایەی ناو هۆڵی نانخواردنەکەدا سورایەوە لەپێناوی مۆزێکدا.. دواجار برادەرێکی خۆی لەتێ مۆزی دایە!.

– نووسەرێك ووتی: چاپکردنی ئەم بەرهەمانە بەگۆڤارو بڵاوکردنەوەیان (مەبەست لەوانەبوو کەبەشداری خوێندنەوە بوون) لەئێمەوە وەریان گرتووە.. چونکە ئێمە فێستیڤاڵی وەزارەتی رۆشنبیری یەکەمجار ئەم کارەمان کرد!

–نووسەرێك ووتی: پێش دەست پێکردنی فێستیڤاڵی نۆیەم پێشنیاری ئەوە دەکەم کەدوای دابەشکردنی خەڵاتەکان راپرسییەك بەئەنجام بگەیەندرێ کەئایا فێستیڤاڵ سەرکەوتوو بووە یاخود نا.. نووسەرێکی تر ووتی: ١٨٠ نمرە لەژێر سفرەوە بێت هەر دەڵێن سەرکەوتووە! وتی بۆ؟.. ئەمیش ووتی: قورم بەسەرم خۆدەڵێ‌بۆ!

– وەك رێزلێنان بڵاوکراوەیەك بڵاوکرایەوەو بەسەر میواندا دابەشکرا.. نووسەرێك ووتی: ئەم شتە قۆرانە چییە.. بابە برسیمانە!.. (ئافەرین نووسەر.. زۆر راست دەکەیت چونکە بیستومە کەجەنابت ٣ ساڵە نانت نەخواردووە!).

– لەئەمنە سوورەکە نووسەرێك ووتی: باشە بۆ ناویان ناوە ئەمنە سوورەکە .. کەسێك وەڵامی دایەوەو ووتی: ئاخر هەموویان شیوعی بوون!.

– بەژماردن ژماردم کاك ئازاد تۆفیقی شاعیرو نووسەر (٢٢) جار لەبەردەم دەرگای هۆڵەکەدا بەدیوی گۆرەپانەکە هاواری دەکردو دەیووت: برایان تکایە وەرنە ژوورەوە.. لەو ٢٢ جارەدا ١٢ کەس چوونە ژوورەوەو ٣٢ کەس هاتنە دەرەوە.. (توخوا ئەمە ناو دەنێن چی؟!).

– نووسەرێك ووتی: ئەزانی عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی‌و کاوەی حاجی عەزیزو ئەکرەم سێ کەسی جوانن لەبنکەدا.. ووتم ئەی ئەوانی تر.. وتی: جوانن بەس جوانتر نابن.. ووتم ئەی ئازاد وتی: ئۆهـ برا کەزەینم کوێرە.. بەخوا لەبیرم چوو!.

– لەدوکان‌و لەسەر مێزەکە چەرخ‌و پاکەتێك بەجێما.. کەچۆڵ بوو وتم ئەمە هی کێیە؟ شاعیرێك ووتی: هی منە.. (لەوەتەی ئەو شاعیرە دەناسم جگەرەی سپێشەڵی نەکێشاوە!).

– لەگەلاوێژنامەی ژمارە (٦)دا نووسراوە.. فێستیڤاڵ ئاوایی!.. ئەم دوو ووشەیە بۆ ئەوە بەکاردێ کەئیتر تەواو.. وەك ماڵئاوایی.. نووسەرێك ووتی: ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەفێستیڤاڵی نۆیەم نەکرێ!.. چونکە فێستیڤاڵ ئاوایی هیچ مانایەکی نییە!!.

–لەراپرسیەکداو لەژمارە (٦)ی گەلاوێژنامەدا کاك نەبەز بۆ شیعرو چیرۆك دەڵێت: هیچیان هی خەڵاتی یەکەم نین.. (خودایە دەبێ بۆ وای وتبێ؟!).

– تۆ بڵێی بەدانیشتنی ریزی پێشەوەو نیشاندانیان لە T.V یەکانەوەو هاتن‌و چوونیان لەو کاتانەدا کە T.Vیەك چاوپێکەوتن دەکات.. ئەو کەسانە نووسەرو شاعیری گەورەو ناودارین!.. (گرنگ نییە رۆژی دوایی پێی ئەڵێن: ئەمشەو تۆمان لەتەلەفیزیۆندا بینی!).



– بنێشت جوین‌و دوورەپەرێزی لای هەندێ شاعیر غروری بوو.. کەسێك ووتی: هەرگیزاو هەرگیز ئەوانە توانای ئەوەیان نییە دوو ووشەیان پێببێت بۆ موناقەشە! وتم چۆن.. ووتی‌ئەگەر راست دەکات بابێت راستەوخۆ لە T.Vیەکدا چەند پرسیارێکی لێبکەم!.

– لەئەمنە سوورەکەو لەکاتی بینینی وێنە هەڵواسراوەکاندا.. شاعیرێك وێنەی چەند منداڵێکی بینی‌و ووتی: کاتی خۆی شیعرێکم لەسەر ئەم منداڵانە نووسی‌و لەهاوڵاتیدا بڵاوم کردۆتەوە..! (سەیرەکە لەوەدایە تائێستا هاووڵاتی شیعری بڵاونەکردۆتەوە!).

–ناو ئینجانەی گوڵەکانی ئوتێل ئاشتی مەزەندە دەکرا بە : ٣٠٠ فلتەری جگەرەی چەقیو!.

– نووسەرێك: ئەرێ بەراست هەڵسەنگاندنی شیعر دەبێت کێ بیکات، ناقد یان شاعیر.. وەڵامێك: ئەوە لەمامۆستا رەوف عوسمان بپرسن!.

– لەبەر قەرەباڵغی.. دوو شاعیر بەپلیکانەی پالاسدا سەرکەوتن.. لەنهۆمی شەشەمدا یەکێکیان لەتاو هیلاکی ووتی: من وا هەست دەکەم لەنیویۆرکم دەترسم ئێستا تەیارەیەك بێت‌و زرم!.

– نووسەرێك: یەکەم جارمە لەماوەی سەعاتێکدا (٣٢) شایەتمان بهێنم!.. کەسێکی تر بۆ: وەڵامی نووسەر: خۆ ئەو شۆفێرە دەتگوت فرۆکەی لێ دەخوڕێ!

– نووسەرێك: ئۆخەی نەمردم لەگەڵ مام جەلالدا وێنەیەکم گرت.. وەڵامێك: بۆئەوەی ئۆخەیەکی ترت هەبێ ساڵێکی تر لەهەولێر لەگەڵ مەسعود بارزانیشدا وێنەیەك بگرە! بۆئەوەی هەر نەمریت لەمەودوا شین‌و سوورو ئەوانی کەشی بکە بەسەردا!!.

–شاعیرێك: ئەزانی پێنج رۆژە لەفەم نەخواردووە!

–لەدوکان نووسەرێك ووتی: ئا ئێستا چارەکێك هەڵنەدەیت‌و دەست بکەیت بەمەلە لەو ئاوەدا.. وەڵامێك: بەشەرەفم کارێ باش دەکەیت چونکە دوای (٥) چرکە خەڵاتی یەکەم وەردەگریت!.

–شاعیرێك: لەجوانیدا دهۆك یەکەمەو سلێمانی دووەمەو هەولێر سێیەمە.. شاعیرێکی تر: ئەی لەشیعرا؟ وەڵامی دایەوەو ووتی: خوا پێم نەگرێ ئەڵێن هەر سێکیان فت!.

–ئەڵێن بنکەی گەلاوێژ ماڵی ئاوابێ بریاری داوە هەموو نووسین‌و شیعرەکان کەنمرەیان لەسەر دانراوە بیانداتەوە دەست خاوەنەکانیان.. دیسانەوە دەڵێن: خەیاڵت خاوە سی ساڵی تر ئەمە نابینیت!.

–شاعیرێك ووتی: ئەگەر ئەتەوێ خەلات بەدەست بهێنیت ئەوا شیعرەکەت نیواونیوکە لە ووشەی عەرەبی.. یان ووشە بەکاربهێنە کەهیچ کەس نەزانێت ماناکەی چییە!.

–شاعیرێکی تر: بەخوا ئەمساڵ لەفێستیڤاڵی نۆیەمدا شیعرەکەم بەناوی کەسێکی نەناسراوی ئێرانییەوە دەنێرم.. یان هەر بەناوی خۆمەوە بەڵام گۆرانکاری تیادا دەکەم.. واتە گەر ناوی خۆمم نووسی دەنووسم: سەلامی موستەفایی ئاغا ساڵحی!.

–کۆرگێرێك: بەیەکێك لەلێکۆڵینەوەکانی دەووت زۆر جوان بووە کەخەڵاتی یەکەمی وەرگرت.. لەکاتێکدا ئەو لێکۆڵینەوەیە نە خوێندرایەوەو نە لەگۆڤارەکەشدا بڵاوبۆتەوە.. (پەککو).

*بەشی یەکەمی ئەم نووسینە لە گەلاوێژنامەی ژمارە (٦)دا بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆشنتر لە خامۆشی

عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی

کە بابەتێك بۆ پێشبرکێیەك بنێرم بەیەقینەوە ناچمە ناوەوە بەڵکو چاکترە بەگومانەوە هەنگاو بنێم. لەپێش چاومە کەسانی تریش دەنووسن‌و ڕەنگە لەمن شتی جوانتریان بەخەیاڵدا هاتبێت. لایشم ڕوونە هەندێك جار یەکگرتنی زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن‌و تاك کەوتنی تەنها کەسێکیان دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی دەقێك دەشێت لەلای خوێنەرو نووسەرێك زۆر جوان بێت، ئێجگار جوانیش.

دڵگرانم بەوەی نووسەری داهێنەرو بەتوانا دەکەونە پێشبرکێی چیرۆك‌و شیعرو لێکۆڵینەوەوە، پێشینەیەکی دروستیان هەیە بەڵام ڕێکەوت کەسێك پێشیان دەکەوێت ئەزموونێکی وای نییە. ڕەنگە لەژیانییا یەك چیرۆك یا یەك شیعری جوان بنوسێت‌و ئیتر جوانیی وا نەخاتە سەر کاغەز.. ئەمە زۆر جار ڕوودەدات.. کەسی واهەیە دەقێکی جوانی ڕەوانەی پێشبرکێیەك دەکات‌و پلەی یەکەم یا دووەم بەدەست دەهێنێ.. چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەیت ئەو سەرکەوتنە بۆی ببێت بەخاڵی دەرپەڕین‌و بەشێوەیەکی چاك ڕۆژ بەڕۆژو هەنگاو دوای هەنگاو بەرزبێتەوە کەچی بەپێچەوانەوە هەر ئەو دەقەیەو بەس هەنگاوەکانی تری بەرەو خامۆشی دەیبەن.

لەگۆڤاری (الحوار)دا، لەساڵانی شەستدا پێشبرکێیەك بۆ چیرۆك سازدرا، چەند چیرۆکێك بوون بەیەکەم‌و دووەم‌و سێیەم. خاوەنەکانیان هەڵکشان‌و ئەزموونی خۆیان توندو تۆڵ کرد. ئێستا ئەوانە دەنگی داهێنەرانەی ناو چیرۆکی عەرەبین چەندەها نووسەر لەسەر دەستیان پەروەردەبوون. ئەوە ئەزموونێکی پتەوی بۆ دروستکردوون. لای خۆیشمان مامۆستای چیرۆکنوس حسێن عارف، وەختی خۆی خەڵاتی یەکەمی پێشبرکێی گۆڤارێکی بەناوبانگی خۆمانی پێدراوە، ئەوە بووە بەخاڵێکی پرشنگدار لەئەزموونی مامۆستا حسێنداو هەنگاوەکانی دواتری هەڵکشانی جوانتری پێوە دیارە، مەودای ئەزموونی فراوانتر بووە، نەك بگەڕێتەوە بۆ دواوە، واتە نووسینەکانی کامڵتر بوون. هەندێك ئەزموون بەتەواوی پێنەگەیوون بۆیە بەرەو پێشدەچن‌و پاشانیش دێنە دواوە.

لەشوێنێکدا ڕستەی برادەرێکی شاعیرم بەرچاوکەوت تیایدا دەڵێ: من گوێ لەشیعری عەرەبی ناگرم قاوەو جگەرە کێشانم لاباشترە لەگوێگرتن بۆ شیعری عەرەبی.

لەژیانمدا ڕای جیاوازم دەربارەی شیعر بیستووە بەڵام هەرگیز ڕای وام بەرچاو نەکەوتووە، ئەوە جۆرێکە لەسوکایەتی کردن نەك بەشیعری عەرەبی بەڵکو کەمکردنەوەیە لەنرخی شیعری هەموو جیهان بەگشتی.

شیعری عەرەبیش ئەوەندە دەوڵەمەندەو ئەوەندە داهێنەریی تیادایە کەهەموو خوێنەرێك لای خۆیەوە سوودو زەوق لەشیعریان دەبینێت‌و زۆر بەگرنگ وەریان دەگرێت. کەس ناتوانێت نکوڵی لەداهێنانی ڕۆشنبیری هیچ میللەتێك بکات.. شاعیرانی جیهان بەگشتی یەك گروپن لەگەڵ یەك هاوسۆزن. نەخێر ڕۆشنبیری عەرەبی سوودێکی زۆری پێگەیاندووین.

نوێگەری دووەمی شیعری کوردی بەهیچ جۆرێك ناتوانێت بێوەفایی دەرهەق بەشیعری عەرەبی‌و پێشرەوانی بنوێنێت. تۆ بڵێی کەسێك ئاگای لەشیعری نوێی عەرەب هەبێت گوێ لەشیعری عەرەبی نەگرێت. ئاشکرا کردنی ئەم چەشنە دابڕانە هیچ هۆکارێکی مەنتیقی‌و مرۆڤایەتی لەدواوە نییە.

لەفێستیڤاڵی گەلاوێژدا زۆر شت خوێنرایەوە، زۆر چاوپێکەوتنی کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنم بینی. بەڵام سەیرترین ڕستە لەچاوپێکەوتنی برادەرێکدا بوو باسی داهێنانی دەکردو دەیووت: مەرج نییە دەقێك لێرە داهێنانی تیادا بێت، لەشوێنێکی تر هەمان دەق هەر بەهەمان شێوە سەیر بکرێت‌و بەداهێنان دابنرێت. ئەمە چ وەهمێکە، نەخێر بابڵێم چ هەڵەیەکی گەورەیە؟ دەقێکی چاکی مایکۆفسکی یا ئەدۆنیس یا سەلیم بەرەکات لەکەرکوك باش بێت‌و لەبەغداد یا لیبیا خراپ بێت؟ لەهەولێر بەباش وەربگیرێت بەڵام تابگاتە یەمەن خراپ بکەوێتەوە. ئەمە پێوەری پێش نوێگەرییش نییە بۆ هەڵسەنگاندنی داهێنان.. لەڕەخنەی کۆنی یۆنان -کەکۆنە- و ڕەوانبێژی عەرەبیشدا شتی وەها باس نەکراوە. ئەمە یەکێکە لەو هەڵەکردنانەی سەدەها جار لەچاوپێکەوتنەکانی شەوانەی تەلەفیزیۆندا دەیبیستین.

تۆتالیتاریزم لەتێڕوانینی هانا ئارێنت دا

ئا/ دلێر محەمەد

ئاشکرایە ژنە فەیلەسوفی (ئەڵمانی/ ئەمریکی) هانا ئارێنت لەپرۆژە فەلسەفیەکەیدا سەر بەهەمان ئەو تەقلیدو نەریتەی ئیش کردنە کەریشەکەی دەگەڕێتەوە ناو فەلسەفەی کلاسیزمی یۆنان‌و بەدیاریکراویش کاریگەری "ئەرستۆ"ی مەزنە بیرمەندی یۆنانی لەسەرە بەپلەی یەکەم‌و، دواتریش هەست بەکاریگەری "ئالسکی دی تۆکیۆڤیل" فەرەنسیش دەکرێت بەسەر تەواوی بەرهەمەکانیەوە، لێرەوە سەرەتاو بەشێوەیەکی گشتی ئەم دوو بڕیارە سەرنجی "ئارێنت" یان بەرەو کارکردن لەبواری فەلسەفەی سیاسی‌و شیکردنەوەی سیستمە سیاسیەکانی سەردەمەکەیدا برد. لێرەوە ئەم ژنە بیرمەندە لەڕێگای کتێبە بەناوبانگەکەیەوە "بنچینەکانی تۆتالیتاریزم" کەبۆ یەکەمجار لەساڵی "١٩٥١" بڵاوبووەتەوە بەشێوازی سەرنج ڕاکێش‌و هەمەلایەن دەربارەی هەموو چەشنە سیستمێکی تۆتالیتاریزمانەی نوێ دەدوێت، بەمانایەکی‌تر "ئارێنت" لەم کتێبەدا لەسەر تەواوی ئەو سیستمانە قسە دەکات کەبەڕووکەش پشت بەجەماوەر دەبەستن، بەدیاریکراویش جەخت دەکاتە سەر شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی هەردوو ڕژێمە تۆتالیتارییەکەی سەدەی بیستەم، کە مەبەست لەهەردوو سیستمی نازیزمی ئەڵمانی‌و کۆمۆنیزمی یەکێتی سۆڤیەتی جارانە، ئارێنت ئاماژە بەوە دەدات کەچەمکی تۆتالیتاریزم پەیوەندییەکی قووڵی هەیە بەشێوازە ستەمکارەکانی فەرمانڕەوایەتیکردنەوە. واتە هۆکاری پەیدابوونی تۆتالیتاریزم لەڕەهەندێکدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ڕژێمە ستەمکارە سیاسیەکان، پاشان ئارێنت تیشك دەخاتە سەر مەترسیەکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای جەماوەر، چونکە بەتێڕوانینی ئەو سەرهەڵدان‌و دروستبوونی کۆمەڵگای جەماوەر لەسەردەمی هاوچەرخدا ڕێگەخۆشکەرێکی گەورە بوو لەبەردەم لەدایك بوونی تۆتالیتاریزمدا. چونکە لەناو ئەم چەشنە کۆمەڵگایەدا هیچ چەشنە گروپ‌و چین‌و توێژو تاکە کەسێك کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نامێنێت تا بەناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە قسە بکەن‌و هەرچەشنە بەرهەڵستیەك لەبەرامبەر ناعەدالەتیەکانی سیستمە سیاسیە ستەمکارو تۆتالیتاریزمەکاندا پیشان بدەن، بەم تێڕوانینە تۆتالیتاریزم سەرەتا لەڕێگای بەجەماوەرکردنی چینەکانەوە تەواوی کۆمەڵگا کۆنترۆڵ دەکات‌و لەپێناو ئامانج‌و مەبەستەکانیدا ئاراستەی دەکات، دواتریش لەڕێگای ڕاگەیاندنە گشتگیرەکەیەوەو لەپێناو دەستەبەرکردنی وێنەیەکی شایستەدا بۆ خۆی بەردەوام دەیەوێت جیهانی دەرەکی‌و نا تۆتالیتاری وەك وێنەیەکی خراپ‌و شێوێنراو پیشانی کۆمەڵگاکەی بدات. بێگومان دواجار تۆتالیتاریزم هەموو ئەم پرۆسەیە لەڕێگای ئایدۆلۆژیاکەیەوە فەراهەم دەکات، هەربۆیە ئایدۆلۆژیاو بایەخی ئایدۆلۆژیا لەتێڕوانینی سیستمە تۆتالیتارەکاندا، بریتی‌یە لەکورتکردنەوەی تەواوی ململانێکانی جیهان بۆیەك شت، یاخود وەك هانا ئارێنت دەڵێت بەردەوام ئایدۆلۆژیستە تۆتالیتارەکان وا مامەڵە دەکەن کەچەند حەقیقەتێك بوونیان هەیە، کەواقعی مرۆڤەکان جیادەکەنەوەو پاشان ئەم حەقیقەتانە وەك پرەنسیپێکی باڵا، بەرز دەکەنەوەو دواجاریش هەوڵ دەدەن لەگەڵ واقعی گشتیدا بیانگونجێنن. لێرەوە تێدەگەین کەئایدۆلۆژیای سیستمە تۆتالیتارە نوێیەکان هیچ ناکات جگە لەوەی کەدەیەوێت سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگاکەی بڕوا بەپرەنسیپەکانی بهێنن، وەك پرەنسیپی سیستمە تۆتالیتاریەکەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کەبەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بوو سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگاکەی لەپێناو نەهێشتنی چینەکاندا ئاراستە بکات‌و بڕوا بەوە بهێنن کەدواجار خەونی سەپاندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەخەون‌و فەنتازیاوە دەبێتە واقع. هەروەها بڕەنسیپی نازییەکانیش کەدەیانویست ڕەگەزی پیس لەسەر ڕووی زەوی بسڕنەوە، کە نازییەکان لەمەدا مەبەستیان سەرجەم ڕەگەزەکانی تر بوو جگە لەڕەگەزی "ئاری". بەدەربڕینێکی تر خوێنەر دوای تێڕامانێکی ورد بەوشێوەیە لەڕاڤەکردنەکەی "ئارێنت" تێدەگات کەئایدۆلۆژیای تۆتالیتاریزم بەر لەهەموو شتێك دەیەوێت سەرجەمی واقعی جیاوازی کۆمەڵگاکەی کورتبکاتەوە بۆ ئەو پرەنسیپە سەرەکیەی کەخۆی هەڵگریەتی، بەم مانایەش ئەم ژنە بیرمەندە پێمان دەڵێت: یەکێك لەو سیفەتە سەرەکیانەی کەتۆتالیتاریزمیان پێ دەناسرێتەوە بریتیە لەسەپاندنی ئایدۆلۆژیاکەی، لێرەوە ئەو کەسەش کە دەبێتە پەیڕەوکەری ئایدۆلۆژیایەك بەتەنیا، هەم عەقڵ‌و هەم لێکدانەوەکانی خۆشی لەدەست دەدات‌و دەبێتە ملکەچی ئەو ئایدۆلۆژیایە. هەربۆیە بڕوابوون بەتەنیا ئایدۆلۆژیایەکی ئاسمانی یاخود زەمینی بەشێوەیەکی ڕەها، لەبنەڕەتدا واتە سەپاندنی یەك شێوازی بیرکردنەوە بەسەر عەقڵماندا.. هەروەها دەکرێت لەگەڵ "ئارێنت" دا ئاماژە بەوە بدەین کەئایدۆلۆژیا بەبێ تیرۆرو تەریککردنی مرۆڤەکان لەیەکتری توانای ئەوەی نییە تۆتالیتاریزم بەرهەم بهێنێت، واتە گۆشەگیرکردنی مرۆڤەکان‌و تەریککردنیان لەبواری گشتی لەگەڵ تیرۆردا شان بەشانی ئایدۆلۆژیا دەبنەدوو خاسیەتی تری سیستەمە تۆتالیتارەکان، پاشان ئارێنت پێی وایە لێکچوونەکان لەبواری مومارەسەکردنی تیرۆرو تۆقاندن‌و سەرکوتکردن‌و گۆشەگیرکردنی مرۆڤەکان لای ڕژێمە تۆتالیتارەکان، گەلێك زیاترن لەچاو جیاوازی ناوەڕۆکە ئایدۆلۆژییەکانی ئەم چەشنە ڕژێمانەدا.. دواجاریش دەشێ ئاماژە بەوە بدەین کەتێڕوانینی "ئارێنت" بۆ دیاردەی بکەنەوە. دواجاریش لەتێڕوانینی "ئارێنت" دا تۆتالیتاریزم بەسەر دوو فۆرمی سیاسی کۆنترۆڵکەرو گشتگیری وەك نازیزم‌و کۆمۆنیزم‌و ڕژێمە هاوشێوەکانیاندا دەسەپێ، ئەمەش مانای وایە کەسیستمی سەرمایەداری لیبراڵ کە لەئێستادا وەك تاکە سیستم دونیا بەڕێوە دەبات، تۆتالیتاریزم نی‌یە، بەڵام ئەم ژنە بیرمەندە هەرگیز ئەوە لەیاد ناکات کەبڵێت سیستمی سەرمایەداری لیبراڵ، هەڵگری تۆوی تۆتالیتاریزمە، گەر بێتوو زۆربەی خەڵکی هەردوو بواری مەدەنی‌و سیاسی چۆڵ بکەن‌و بێ باکی لەبەرامبەردا بنوێنن. پاشان لەبۆچوونی "ئارێنت" دا بۆیە سیستمی سەرمایەداری لیبراڵ سیستمێکی تۆتالیتار نی‌یە، چونکە لەناو ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا کەئەم سیستمە فەرمانڕەوایەتیان دەکات دام‌و دەزگای دیموکراسی‌و مەدەنی بوونیان هەیە، هەتا ئەم جۆرە دەزگایانەش ژمارەیان زیاتر بێت‌و چالاکی بنوێنن سیستمی سەرمایەداری لیبراڵ ناتوانێت تۆتالیتار بێت. دیارە ڕاڤەکردن‌و شیکردنەوەی بەرئەنجامە فیکرییەکانی ئەم ژنە بیرمەندە لەمەڕ تۆتالیتاریزم، کەخودی خۆی وەك جوولەکەیەك لەجەنگی جیهانی دووەم دا، لەلایەن سیستمە تۆتالیتارەکەی هیتلەرەوە لەوڵات وەدەرنراوە هەنووکە وەك هەوڵدانێکی جیدی‌و گرنگ تەماشا دەکرێت بۆ دامەزراندنی فەلسەفەیەکی سیاسی نوێ دەربارەی ناسین‌و ڕووبەڕووبونەوەی سیستمە تۆتالیتارەکان. چونکە "هانا ئارێنت" لەتێڕوانینە فیکریەکانی‌دا بەتەنیا مەترسیە

ڕژێمی بەعس درێژبوونەوەی پێکهاتەیەکی مێژوویی هەیەو ڕەچەڵەکی لەناو شێوازی دەوڵەتی ناسیونالیزمانەی پاش کۆلۆنیالیزمدا بوونی هەیەو، کاریگەرییەکی زۆری مۆدیلی سیستمە توتالیتارییەکانی وەك سیستمە تۆتالیتاریەکەی "ستالین‌و هیتلەریش" ی لەسەرە، دواجاریش دەکرێ بڵێین بەعسیزم یەکێکە لەو سیستمە تۆتالیتارو بەربەریانەی کەدیووە تاریکەکەی مۆدێرنە، یارمەتی دەری سەرکەوتن‌و مانەوەشی بووە بۆماوەیەکی درێژ خایەن

تیرۆر لای ڕژێمە تۆتالیتارەکان خۆی لەخۆیدا ڕەخنەگرتنە لەو تێڕوانینەی "ماکس ڤێبەر" کەباوەڕی وا بوو ئەو سیستمانەی کەبەکاری تیرۆر هەڵدەستن، بەنەمانی نەیارەکانیان واز لەدیاردەی تیرۆر دەهێنن‌و، بەرەو چاك بوون مل دەنێن، چونکە بەپێچەوانەوە "ئارێنت" پێی وایە تیرۆر لای ڕژێمە تۆتالیتارەکان تەواوبونی بۆ نی‌یەو بەردەوام هەمیشەیی‌یە. لەبەرئەوەی ئایدۆلۆژیا تاك ڕەهەندو گشتگیرەکەی ئەم جۆرە ڕژێمانە بەرگەی دیالۆگی ئەقڵانی ناگرێت، هەربۆیە بەردەوام تیرۆری پێویستە. لێرەوە پەی بەوە دەبەین کە تۆتالیتاریزم وەك تەواوی ڕژێمە دیکتاتۆرو ستەمکارەکانی تر، ناتوانێت زامنی بەردەوامی مانەوەی خۆی لەفەرمانڕەوایەتی کردندا مسۆگەر بکات.

گەر بواری گشتی کۆمەڵگاکەی بەمەبەستی کۆنترۆڵکردن تێك نەشکێنێت. بەتێگەیشتنێکی‌تر دەکرێت بڵێین تۆتالیتاریزم وەك سیستمێکی سیاسی لەمە زیاتر پێ دادەگرێت‌و دوورتر دەڕوات‌و ئینتمای بۆ سستمێکی سیاسی وەسف کراوی نوێ هەیە، کە بەتەنیا پشت بەو خاسیەتانە نابەستێ کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، بەڵکو ئەم سیستمە هەردەم لەهەوڵی ئەوەشدایە کەژیانی تایبەتی‌و مەدەنی مرۆڤەکانی کۆمەڵگاکەشی کۆنترۆڵ بکات‌و خەڵکی سەرگەرمی کارێك بکات، کەبواریان نەبێت بتوانن بیر لەژیانی مەدەنی‌و سیاسی شایستە بەخۆیان تۆقێنەرەکانی ئەم جۆرە سیستمەی بۆ بەیان نەکردووین، بەڵکو ئەوەشی بۆ ڕوونکردوینەتەوە کە بەچ شێوەیەك بەر لەستەمی ئەم جۆرە ڕژێمانە بگرین، کە بۆ ماوەیەك لەئەوروپای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا توانیویەتی قەناعەت بەتاکەکانی کۆمەڵگاکەی بکات‌و نەیارەکانی بەنوێترین شێواز لەناوبەرێت لەڕێگای شەرعیەتدان بەدەسەڵاتە پاوانخوازەکەیەوە، بەهۆی ڕاگەیاندنە زەبەلاحەکەی‌و دروستکردنی کۆمەڵگای جەماوەرو دواتریش بەهۆی گۆشەگیرکردنی مرۆڤەکانەوە لەیەکتری‌و تیرۆری بەردەوامەوە درێژە بەمانەوەی خۆی بدات. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا ڕووناکبیرانی وڵاتانی تریش کەم تازۆر توانیویانە سوود لەتێزە فیکرییەکانی ئەم ژنە بیرمەندە وەرگرن بۆ خوێندنەوەو ناسین‌و پاشان ڕووبەڕووبونەوەی ڕژێمە ستەمکارو دیکتاتۆرو تۆتالیتارەکانی خۆیان.

گەرچی سیستمی بەعس سیستمێکی سیاسی ناوازەیەو، ناکرێت بەتەنیا لەڕێگای تێزێکەوە یاخود لەڕێگای خوێندنەوەی تەنیا تیۆرێکەوە بۆ دەسەڵات لەسیستمی بەعس تێبگەین، چونکە دواجار سیستمی بەعس ڕژێمێکی فرە سەرچاوەیەو، پتر لەکانگایەکەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە بەشێوەیەك لەشێوەکان ڕژێمی بەعس درێژبوونەوەی پێکهاتەیەکی مێژوویی هەیەو ڕەچەڵەکی لەناو شێوازی دەوڵەتی ناسیونالیزمانەی پاش کۆلۆنیالیزمدا بوونی هەیەو، کاریگەرییەکی زۆری مۆدیلی سیستمە توتالیتارییەکانی وەك سیستمە تۆتالیتاریەکەی "ستالین‌و هیتلەریش" ی لەسەرە، دواجاریش دەکرێ بڵێین بەعسیزم یەکێکە لەو سیستمە تۆتالیتارو بەربەریانەی کەدیووە تاریکەکەی مۆدێرنە، یارمەتی دەری سەرکەوتن‌و مانەوەشی بووە بۆماوەیەکی درێژ خایەن، چونکە بەعس بۆ سڕینەوەو نەهێشتنی هێزە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیە جیاوازەکانی عێراق، تادەگا بەکۆنترۆڵکردنی سەرجەم بواری گشتی‌و مەدەنی لەعێراق دا، هەم چەکی مۆدێرن‌و هەم چەمکە مۆدێرنەکانیشی بەکارهێناوە. لێرەوە ئێمە دەتوانین لەزیاد لەڕەهەندێکەوە بەسوود وەرگرتن لەهەموو ئەو تێزانەی کەلەسەرەوە ئاماژەم پێدان سیستمی بەعس بخوێنینەوە، بەم دەربڕینەش یەکێك لەو تێزە فیکرییانەی کەدەکرێ سیستمی بەعسیان، وەك سیستمێکی تۆتالیتار پێ ڕاڤە بکرێت، دەشێ تێزە فیکرییەکەی "هانا ئارێنت" بێت، بەڵام هەرگیز ئەمە بەو مانایە نایەت کەئێمە بەهۆی ئەم تێزە فیکرییەی "ئارێنت"ەوە دەتوانین شیکردنەوەیەك تەواو بۆ ڕژێمی بەعس‌و، سیستمە سیاسیە دەسەڵاتدارەکەی بکەین کەدواجار لەناو هێزی ئەفسانە ئامێزو سەراپاگیری سەرۆکدا کۆدەبێتەوە، کەبەبێ هیچ چەندو چوونێك دەیتوانی هێزی ناوکایە سیاسی، کۆمەڵایەتی، مەعریفی زانستی، ئابووری.. هتد بەشێوەیەکی ڕەها بەخودی خۆیەوە ببەستێتەوە.. چونکە دەسەڵاتی بەعس دواجار شێوازێکە لەدەسەڵات کەشەیدای ئەوەیە هەژموونی خۆی لەناو هەموو کایە گەورەو بچووکەکاندا ببینێتەوە.

گەروەك ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا سیستمە تۆتالیتارەکان بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بووبن کەپرەنسیپە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و هەتا مۆراڵیەکانی خۆشیان بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا بسەپێنن، ئەوا سیستمی بەعس لەمەدووورتر دەڕواو تاکەکانی ناو کۆمەڵگای عێراقی بەپێی پابەندبوون یاخود یاخیبوون لەپەرەنسیپە تایبەتیەکانی خۆی هەڵناسەنگێنێ، چونکە گرفتی گەورەی بەعس ئەوەیە کە لەبنچینەدا هەڵگری هیچ جۆرە پڕەنسیپێکی نەگۆڕو ئاشکرا نییە لێرەوە لەعێراقی بەعسدا تەنانەت خودی بەعسیە باڵادەستەکانیش، نەیاندەزانی لەڕێگای پابەندبوون بەچ پرەنسیپێکەوە، یاخود لەڕێگای چ جۆرە داواکاریەکەوە سەلامەتی ژیانی خۆیان مسۆگەر بکەن، دیارە ئەمە هەرگیز بەو مانایە نی‌یە کەبەعس وەك هەر سیستمێکی هەژموونگەرو کۆنترۆڵکەر، هیچ جۆرە پرەنسیپێك‌و هیچ جۆرە داواکارییەکی نەسەپاندبێ بەسەر هاووڵاتیاندا. بەڵکو بەپێچەوانەوە بەعس پتر لەپرەنسیپێك‌و زیاد لەچەندین داواکاری سەپاندووە، بەڵام بەعس هەمیشە سیستمێك بووە بەئاراستەی پیشاندانی ترسدا، یاخود لەسەرچاندنی ترس‌و دوو دڵی، لەدڵ‌و دەروونی هاوڵاتیان‌و تەنانەت بەعسیە پایە بەرزەکانیشدا درێژەی بەهەژموونی دەسەڵات‌و مانەوەی خۆی داوە، چونکە لای بەعس ملکەچکردن بۆ پرەنسیپەکانی‌و دواجاریش جێبەجێکردنی داواکارییەکانی بارتەقای مسۆگەرکردنی سەلامەتی ژیانی هیچ بەعسیەك و هیچ هاوڵاتیەکی عێراقی نەبووە.. بەم مانایەش ناکرێت بەعس بەتەنیا وەك سیستمێکی تۆتالیتارو سەرپاگیر تەماشا بکرێت‌و بخوێندرێتەوە. واتە ئێمە تا ئەو شوێنەی کەبەعس لەپەیوەندیدایە بەسیستمە تۆتالیتاریزمەکانەوە، دەتوانین لەخوێندنەوەیدا ئەم تێزە بەکاربهێنین‌و سودی لێ وەربگرین.

*سەرچاوە: کتێبی "رأس التوتالیتاریە: حنە ئ‌راندت. ترجمە: أنگوان ئ‌بوزید منوشرات، دار الساقی. گ١ ١٩٩٣".

سیماکانی تەعریب لەسەردەمی خەلافەتی ئومەویدا

(٢ — ٢)

د. علی ئەحمەد- زانکۆی دیمەشق

و/ چاودێر

لەیەکەمین نیگادا، ئەم بابەتە لەبنچینەدا ناچێتە بازنەی ناونیشانی ئەم لاپەڕەیە (هەڵوەشاندنەوەی تەعریب)، بەڵکو بەشێکە لەئەقڵیەتی تەعریبو خزمەتکردنی ئەم ئەقڵیەتە، ئێمە لێرەدا لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بەباشمان زانی وەریبگرین‌و بیخەینە روو:

یەکەم/ بۆ ناسینی زیاتری ئەو ئەقڵیەتەی لەپشت پرۆسەی تەعریبە.

دووەم/ بۆ سەلماندنی ئەو راستیەی کەتەعریب نەبەعس دایهێناوەو نەبڕگەیەکی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرنە، بەڵکو دیاردەیەکی قێزەونی مێژووییە، رەگوریشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی زوو، سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی‌و فراوانکردنی قەڵەمڕەوی ئیسلامی عەرەبی. بەو هیوایەی ئەم بابەتە ببێتە مایەی سەرنج راکێشانی نووسەران‌و بۆ ژمارەکانی داهاتوو لەم چوارچێوەیەدا سەرنج‌و رەخنەکانی خۆیان لەسەر ئەم نووسینەو ناوەرۆکەکەی بخەنەروو.

لەلایەکی ترەوە سیماکانی بیروباوەری ئەمەوی بەرامبەر عەرەبو عەرەبچێتی، بەئاشکرا لەقسەو کردەوەکانیاندا دەردەکەوێ. لەچەندین بۆنەی نیشتمانیدا، لەرێگەی ئەم قسانەشەوە مەزنی دەستگرتنیان بەرێبازی عەرەبی دەردەبڕی، کەلەلای ئەمان پیرۆزترین پیرۆزی بوو، لەسەرووی هەموو لایەنەکانی تر بوو. رەنگە باشترین دەرکەوتنی ئەمەش لەمێژووی دەوڵەتی ئەمەویدا، لەقسەیەکی بەناوبانگی خەلیفەی ئەمەوی (هشام بن عبدالملك) دەربکەوێ، کاتێك هەواڵی تێکشانی لەشکری (عبیدالله بن حجاب)ی بیست بەرامبەر شۆرشی خەوارجەکان کەلە رۆژئاوای مەغریب رویدا، (هشام) ووتی: (سوێندم بەخوا رووبەروویان ببمەوە، رووبەروو بوونەوەیەکی عەرەبیانە، لەشکرێکیان بۆ بنێرم سەرەتاکەی لای ئەوان بێت‌و کۆتاییەکەی لای من) بەڵام ئەو سیاسەتە عەرەبییە جێگیرە، لەلایەکی ترەوە دەرەنجامی سلبی لێکەوتەوە، سەرەکیترین هۆکاریش بوو کەیارمەتیدەر بوو بۆ روخانی دەوڵەتی ئەمەوی لەسەر دەستی عەباسیەکان، کەپاش پروپاگەندەو هێرشێکی راگەیاندنی زۆر دژی ئەمەویەکان هاتنەسەر کار، لەژێر دروشمی لەپێناو گەراندنەوەی ماف بۆ خاوەنە راستەقینەکانی، ئەو مافەی کەلە پۆستی خەلافەتدا خۆی دەبینیەوە، کەعەبباسیەکان لەژێر دروشمی (رازیبوون لەبنەماڵەی پێغەمبەر) کاریان بۆ دەکرد. کاتێکیش سەرنەکەوتن لەکارەکانیان دژی دەوڵەتی ئەمەوی، پشتیان کردە بنەماڵەو کەسوکاری پێغەمبەرو چەندین جار لەئەمەوییەکان توندتر بوون لەبەرامبەر خزمەکانی پێغەمبەر. ئەوەی یارمەتی عەباسیەکانی دا دەسەڵات بگرنە دەست، پشت بەستنیان بوو بەمەوالی‌و ئەو دۆخەی تێیدابوون کەعەرەب نەبوون، ئەمانە لەسەردەمی ئەمەویدا مافەکانیان زەوت کرابوو، عەباسیەکانیش پەیمانی بەدیهێنانیان پێدابوون ئەگەر لەگەڵیاندا شەڕ بکەن دژی ئەمەوییەکان، لەراستیشدا مەوالییەکان وایانکرد، بەتایبەتی لە وولایەتی خۆراسان کە (ابو مسلم خوراسانی) سەرکردایەتی دەکرد، شۆرشی عەباسی لەئەنجامدا دەوڵەتی ئەمەوی ڕوخاند، کەناونرا بوو دەوڵەتێکی عەرەبی دەشتەکیە[1].

ئەمەوییەکان هەروەکو زانراوە، هەمیشە بروایان وابوو کەئایینی ئیسلامی نابێتە خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو گەلانەی هاتونەتە ناو ئیسلامەوە، چونکە ئەم گەلانەو بەتایبەتی فارس تورك بەدڵسۆزی مانەوە بۆ ئینتیما نەتەوەییەکانیان‌و کاریگەری ئیسلامیش لەپەراوێزدا مایەوە. هەربۆیە ئەمەوییەکان عەرەبچێتیان خستەپێش هەر بیروباوەرێکی‌تر، بەڕای ئەمان عەرەب بوون خاڵی هاوبەش بوو کەعەرەب لەسەری کۆکە، ئەو چەترەش بوو کەعەرەب لەسایەیدا کۆدەبێتەوە. ئەمەویەکانیش لەمەدا راستیان ووت‌و راست بوون، چونکە ئەمان دەیانووت نەتەوەکانی تر هەرگیز دەستبەرداریی نەتەوەکەی خۆیان نابن، لەراستیشدا نەتەوەکانی تری جگەلە عەرەب کە هاتبوونە ناو ئیسلام بەردەوام گورزیان لەشان‌و شەوکەتی عەرەب وەشاندووە لەسەدەکانی ناوەراستدا[2]، دوژمنانی عەرەب لەسەردەمی ئەمەوییەکان، تۆمەتی زۆریان خستە پاڵیان، لەو تۆمەتانە ئەوەبوو گوایە ئەمەوییەکان‌و خەلیفەکانیان عەرەبچێتیان دەکرد نەك ئیسلامەتی[3]، بەدڵنیاییەوە ئەم تۆمەتانە دوور بوون لەراستی، چونکە لەراستیدا ئەمەوییەکان ئیسلامەتییان دەکرد، بروایان وابوو کە ئیسلام‌و عەرەب ناکۆك نین، لەبەرئەوەی عەرەب کەرەستەی ئیسلام‌و هێزەکەیەتی، ئیسلامیش هەرگیز بێ عەرەب بڵاونەدەبووەوە، ئەمەش چونکە قورئان کەسەرچاوەی سەرەکی شەریعەتی ئیسلامییە بەعەرەبی نوسراوە. ئیسلامیش بێ عەرەب گەشەی نەدەکرد، ئەمەویەکانیش هیچیان نەکرد جگەلە سەلماندنی ئەم راستییە. سەرەتای ئەم سیاسەتەشی بە (مەعاویەی کوڕی ئەبو سفیان) دەستی پێکرد، ئەوەبوو هەستا بە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (بنی کلب) لەشام‌و، کچێکی لێهێنان، کەلبیەکانیش هەموویان هاتنە ناو ئیسلام. دوای ئەوی هەستیان کرد کەنزیکیان لە خەلیفە وەزعیان باش دەکا، هەرچەندە ئەمانە مەسیحیی بوون بەڵام لەبەرئەوەی عەرەب بوون مەعاویە بەباشی مامەڵەی لەگەڵدا کردن[4]. کاتێکیش (عمر بن عبدالعزین) هاتەسەر کار چەندین چاکسازی ئیداری‌و مالی ئەنجامدا، لەسەر بنەمایەکی شەرعی‌و ئیسلامی، بەڵام ئەمەوییەکان لەدژی ئەم سیاسەتەیان ژەهرخواردویان کردو لەناوچەی (حەلەب) لەسوریا کوشتیان[5]. یەکێك لەهۆکارەکانی ئەمەش بۆ نمونە ئەوەبوو کە (عمر) دەستکەوتەکانی جەنگی بەسەر عەرەب‌و غەیرە عەرەبدا دابەش دەکرد[6]، لەکاتێکدا ئەمەوییەکان ئەم مافەیان تەنها لەعەرەبدا دەبینی. دوای (عمر) ئەمەوییەکان هاتنەوە سەر سیاسەتەکانی خۆیان، واتە پشت بەستنیان بەهەستی عەرەبی‌و ئیهمالکردنی هەستی ئایینی، لەپێش هەموو خەلیفە ئەمەوییەکانیش لەم بارەیەوە (هشام بن عبدالملك)ە کەکاروباری ئایینی بەتەواوی لەبیرخۆی بردەوەو هەموو هەوڵەکانی لەبواری بەهێزکردنی دەوڵەت‌و پتەوکردنی هەستی عەرەبیدا بوو. هەرچۆنێك بێت، ئەمەوییەکان لەگەڵ هەڵە گەورەکانیشیان ئەوا هەر بەخۆشەویستانی عەرەبێتی‌و بروادارانی پێی دەمێننەوە، ئەمانەپیاوێکی مەزن بوون‌و بۆچوونەکانیان بەنەمری دەمێنێتەوە، کەبریتییە لەوەی بەرزی‌و شکۆمەندی تەنها لەرێگەی هاوکاری راستەقینەی عەرەبی دێتە دی، بۆئەوەی بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی زێرینی ئەمەوی کەپڕ بوو لەچالاکی‌و هەڵسوران، پێویستە واز لەناوچەگەرێتی‌و خێڵایەتی‌و خۆپەرستی بێنین‌و لەژێر رەشماڵی عەرەبیدا کۆببینەوە. ئەگەر ئەمە بکەین لەاهاتوودا، ئەوا کەڵکمان وەرگرتووە لەئەزموونی ئەمەوی، کەلەکاتی باسکردنیدا هەستی خەم دامان دەگرێ چونکە یەکەمین دەوڵەتی عەرەبی بە هێز، رەشەبای ناکۆکی‌و دوبەرەکی‌و نەبوونی ووشیاری لەناوی برد. ئەگەر ئەمە نەکەین ئەوا خۆمان رووبەرووی لەناوچوون دەکەینەوە. دەوڵەتی عەرەبی لەسەردەمی ئەمەوی گەورەترین‌و بەهێزترین دەوڵەت بووە لەجیهاندا، ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی فەرمانرەواکانی دەوڵەتێکی عەرەبی پتەویان دروست کردبوو، بەتایبەت دوای ئەوەی پرۆسەی تەعریبیان لەبوارەکانی دارایی‌و ئیدارەدا بەئەنجام گەیاند، کەگرنگترین دوو دەستکەوتن لەم سەردەمە، چونکە ئەم کارە فەرمانرەوای عەرەبی بەهێز کردوو بەتایبەتی پاش بلاوکردنەوەی زمانی عەرەبی‌و رزگار بوون لەفەرمانبەرە ناعەرەبەکان، زمانی عەرەبی لەم سەردەمەدا گەشەی کرد، پێوانەی زانستیش ئەوە بوو کەسێك چەند عەرەبی بزانێت، بوو بەجێگرەوەی زمانەکانی تر. هەر کەسێکیش ئاگادار بێ بەرووداوە سیاسی‌و کلتووریەکان دوای ئەو سەردەمە، بەئاشکرا ئەوە دەبینێ کەئەوی ئەمەوییەکان ئەنجامیانداوە لەئاستی تەعریبدا، زەرورەتێکی ستراتیژی‌و ئەرکێکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی گەورەبووە، پێویست بوو هەمووان لەسەری برۆن‌و دەستی پێوە بگرن.

بەکورتی ئەمەوییەکان تۆو و ئاڵای تەعریبیان لەهەموو بوارەکانی ژیان دا چاند، لەو بڕوا بەهێزەوە کەعەرەب نەمرییان بۆ نانوسرێ ئەگەر پشت بەخۆیان نەبەستن. رابەرەکان‌و پێشەواکانیان لەم ڕووەوە کردەوەی هاوەڵە بەرزەکان بوو، بۆ نمونە (عمری کوری خەتاب)و ئیمام (عەلی کوری ئەبو تاڵب).

نەوەی تازەی تەعریبچی

بەکورتی ئەمەوییەکان تۆو و ئاڵای تەعریبیان لەهەموو بوارەکانی ژیان دا چاند، لەو بڕوا بەهێزەوە کەعەرەب نەمرییان بۆ نانوسرێ ئەگەر پشت بەخۆیان نەبەستن. رابەرەکان‌و پێشەواکانیان لەم ڕووەوە کردەوەی هاوەڵە بەرزەکان بوو، بۆ نمونە (عمری کوری خەتاب)و ئیمام (عەلی کوری ئەبو تاڵب).

سەرچاوەکان:

١- مؤلف مجهول- اخبار مجموعة فتح الاندلس طبعة مدريد١٨٦٧ ص٢٣ ابن عذاري- البيان المغرب ص ٥٩- الرفيق القيرواني- تاريخ افريقية و المغرب- تحقيق المنهجي الكعبي طبعة تونس١٩٦٨ ص ١١٥

٢- فاروق عمر- طبيعة الدعوة العباسية طبعة الاولى بيروت١٩٧٠ص٦ و مابعدها عبدالحي شعبان- الجذور الاجتماعية و السياسية للثورة العباسية في خراسان طبعة هارفارد١٩٦٠. كلودسن هن- تاريخ العرب و الشعوب الاسلامية ج١ص٧١.

٣-كما فعل الترك و الفرس في عصر العباسي و كذلك السلاجقة و المماليك.

٤- نبيه عاقل- دراسات من تاريخ العصر الاموي طبعة الرابعة جامعة دمشق ١٩٩٢ ص ٣٢٦.

٥- السيد عبدالعزيز سالم- المأذن المصرية طبعة القاهرة ١٩٥٩ ص ٥٩.

٦- كان ذلك في سنة ١٠١ هجرية. انظر البلاذري- فتوح البلدان ج٤ ص ٥١٢.

تەعریب و یادەوەری

دیار غەریب

ئاشکرایە کۆمەڵگەی عێراقی لەساتەوەختی دەسەڵاتی بەعسدا لەقەیرانێکدا دەژیا کەهەموو ئاستەکانی پەیوەندی‌و ئاستە حەیاتییەکانی تری ناو کایە جیاجیاکان کۆمەڵگا کورت کرابوونەوە بۆ ..

یەك وێنەو ..یەك ئاستی بیرکردنەوەو یەك جۆر روانین.. ئەویش چۆنیەتی یەکپارچەبوونی کۆمەڵگا بوو.. بۆ بوونە ئاوێنەیەك .. بەرامبەر بەوێنەی دیکتاتۆرو کردنی کۆمەڵگایەکی هەمەلایەن بەکۆمەڵگای سەربازی.. سەرباری ئەمەش تەعریب وەك جۆرە تێروانین‌و بیرکردنەوەیەك..

بەرامبەر بەو هێزو گروپ‌و رەگەزە جیاوازانەی کەبەعس وەك پارچەیەکی جیاواز لە بەشی خۆی دەبینین.. بەڵام کێشەی تەعریب تەنها.. رەنگکردنی پارچە جیاوازەکان نەبوو.. یەکرەنگ کردنی بەعسیزم‌و عەرەب بوون بەڵکو لەو دیو ئەم ئیشکردنەوە..

سرینەوەیەکی نەژادی‌و بنەرەتی‌و مێژوویی دەبینراو.. بەهێمنی ئیشی دەکرد ئەم جۆرە سیاسەتە.. بەتەنها لەگەڵ مانەی دەسەڵات‌و لاوازی دەسەڵاتدا نەبوو..

بەڵکو رۆچووبوە خوارێ بۆ قوڵترین ئاستی بیرکردنەوە کەمەترسیەکانی زۆر لەمەترسیەکانی مانەوەو بوونی دەسەڵات زیاترن.. ئەوەی دوای رووخانی رژێمی بەعس دەبینرێت.. تەنها بریتییە لەگروپێکی گێرەشێوێن‌و..

زۆرجار بە تێکدەرو تیرۆریستناوزەد دەکرێت.. بەڵکو ئەو هێزە قوڵەیە لەزاکیرەی ئەوتاك‌و گروپانەدا کاردەکات کەبەدرێژایی سیاسەتی بەعس.. تەماشاکردنیان بۆ جیاوازی‌و ئادەی جیاواز کوژراوە..

واتە ئەوەی بەعس دوای خۆی جێی دەهێڵێت زاکیرەی مەخلوقێکە کەتەنها وێنەی خۆی دەبینێت.. بوونی دەستەو تاقمی جیاواز لەعێراقداو پێکدادان‌و هەرەشەو تیرۆر بەڵگەی زیندووی ئەم ئاستی بیرکردنەوەیەیە کە بەعس دوای خۆی جێی دەهێڵێت.. بۆیە زۆرجار باس لەوە دەکرێت..

کەوتنی پەیکەرەکانی سەدام، کەوتنی دەسەڵاتی ناوەکی‌و شاراوەی بەعس نییە، راستە وەکو پەیکەرو هێزی سەربازی‌و دەسەڵات، بەعس کۆتایی هات.. بەڵام هێشتا ئەو زاکیرانە کار دەکات کەبەعس دوای خۆی جێی دەهێڵێت ئەمەش..

پێویستی بەکارکردنێکی جدی دەکات بۆ سرینەوەی ئەو یادەوەرییەی ئێستا لەناو کایەکانی دیموکراسیەت‌و بوونی کۆمەڵگای مەدەنی لەعێراقدا کاردەکات..

هەموو قسەکردنێك لەسەر دیموکراسی‌و جیاوازی لەعێراقدا.. پێویستی بەکارکردن هەیە.. بۆئەو روانینە یەك رەهەندی بەعس دوای جێی دەهێڵێت..

تەعریبیش یەکێکە لەو هێزە کاریگەرانەی تا ئەم ساتە وەختەش لەئاستی جیاو لەکایەی جیاجیادا کاردەکات کەدەشێ ئەم جۆرە کارکردنەیان..

جیاواز بێت لەکارکردنی پرۆسەی تەعریبی سەردەمی دەسەڵاتی بەعس. دەشێ ئەم جۆرە کارکردنەی تەعریب تا ئەندازەیەك لاوازتر بووبێت وەك دەسەڵات..

وەك گروپە بچوك بچوك دژی رەگەزو نەژادەکانی تر مابێتەوە.. بەڵام ئەوەی جێگەی باسکردنە بەدیموکراسی کردنی کۆمەڵگایە کە تەنراوە بەوێنەی خۆی‌و دژی جیاوازی‌و کۆمەڵگای مەدەنی‌و سەیرکردنی چواردەوری خۆی وەك دنیایەکی یەك رەنگ‌و بێ جیاوازی.

لەبارەی رۆژنامەگەری و میدیای سەربەخۆوە..!

جبار سابیر

کورد بەهۆی ژێردەستەیی و کۆڵبەکۆڵیەوە نەیتوانیوە لەهیچ بوارێکی کلتووری و فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیش، بەهرەمەند بێت. ئەمەش لەلایەك داگیرکەران نەیانهێشتووەو رێگر بوون لەوەی پێشکەوتن بگاتە کوردو، لەلایەك کورد خۆیشی بەهۆی ئەقڵیەتی خێڵگەری و ناوچە پەرستییەوە نەیتوانیوە بەرە لەو بەرەو پێشچوونانەی دنیا وەرگرێت.. لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوون و قەڵەمبازە خێراو درێژەکانی شارستانی تەکنەلۆژیا لەسەدەی بیستەمدا، کورد گەورەترین زەرەر دەکات و یەکەم بۆردومانی فرۆکەو فرینی فرۆکە لەناوچەکەدا لەکوردستان بووەو دواتریش هەرچی چەکی تازە داهێنراوی دنیایە لەم وولاتەی ئێمە تاقیکراوەتەوە، تا دەگاتە چەکی کیمیاوی.

لێرەشەوە ئیتر کورد لەهەموو پێشکەوتنەکانی دنیا دادەبرێت، کەلەهەموویان گرنگتر (میدیا) راگەیاندنە بەهەر سێ بواری نوسین و بینراوو خوێنراوەوە کەتا ئێستاش گوند هەیە لەم ناوچەیەی ئێمەدا لەدەوروبەری سلێمانی تەلەفیزیۆنی تیادا نییە.! تەمەنی رۆژنامەگەری کوردیش کە (١٠٦) ساڵە، لەماوەی ئەو (١٠٦) ساڵەدا جگەلەم چەند ساڵەی دوای راپەرین وەك راگەیاندن ناژمێردری و ئیتر رادیۆو تەلەفیزیۆنیش تاسەرەتای ساڵی (١٩٩٢) بۆ کورد نامۆ بوون و ئەوی پێشتر هەبووە لەشارەکاندا حکومەت سەردەستەکانی هەر چوار وولات دژی کوردو بۆ شێواندنی کاتورو فەرهەنگی کورد بەکاریان هێناوە.

گەر راپەرینی باشووری کوردستان نەبووایە رەنگە ئێستا حاڵی زمانی کوردی وەك ئەوە نەبووایە کەهەیەو بەهەمان شێوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش زەرەرمەند دەبوون، رۆژنامەگەری کوردیش ئەوەندەی بۆ لەکەدارکردنی زمان و رۆشنبیری کورد بەکارهاتووە ئەوەندە بۆ خزمەتی کلتورو زمانی کوردی نەبووەو تەواوی رۆژنامەکانی کەلەعێراق دەردەچوون لەسایەی بەعسداو بەناو بەزمانی کوردی بوون و راژەی کوردو زمانەکەیان کردووە، هەر هەمووی لەخزمەتی عروبەو قادسیەو سەدام حسیندا بوون و پیاهەڵگوتن بوو بەو دیکتاتۆرەدا، سەرووتاری تەواوی ژمارەکانی کاروان و بەیان و رەنگینیش لەساڵی ١٩٨٠ تاکاتی داخرانی گۆڤارەکان لەقسە نەستەقەکانی سەدام و وەسفی ئەون..

هەربۆیە لەراگەیاندن لەکوردستاندا لەئێستادا بەرەوکرانەوەو سەرپێکەوتنی خۆی دەرواتو، خەریکە ووردە ووردە دەبێتە کەناڵێکی خزمەت بەکوردو دواتر وەك بازرگانیش سوودمەند دەبێت. بەڵام ئەوەی جێی داخە، راگەیاندنی کوردی بەگشتی لەم سیانزە ساڵەی دەسەڵاتی خۆماڵیدا، تا ساڵی ١٩٩٨یش جگەلە رادیۆ لۆکاڵیەکان بەرۆژنامەو تەلەفیزیۆنەکان و رادیۆ مەرکەزیەکانیشەوە ببونە زورناژەنی شەرو ئاگری شەری ناوخۆیان خۆشدەکرد. لەدنیاداو لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا نەتەوەو میللەت و کۆمەڵگەکانی جیهان سوود لەتەواوی بوارو کەناڵەکانی میدیا وەردەگرن و تەنانەت گۆرانی بێژ هەیە یەك کەناڵی ئاسمانی داناوەو خزمەتی هونەرو کلتوری نەتەوەکەی پێدەکات. رۆژنامەی سەربەخۆ هەیە، رادیۆو دەیان دەزگای تری چاپەمەنی هەیە بۆ راژەی نەتەوەکان و تاکەکەسێك ئیتر یان هونەرمەندو نوسەرێکی گەورەیە یان بازرگانێك دروستی دەکات و خەڵکی شارەزا بۆی بەڕێوە دەبەن.

کاریگەری هەموو ئەمانەش لەسەر کورد رەنگ دەداتەوەو بەهۆی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و مۆبیل و کۆمپیوتەرەوە چەند ساڵێکە خەریکە ئەو گایە خەبەر دەبێتەوە کەئێمە لەگوێیدا نوستووین. راگەیاندن لەپاڵ دەسەڵاتەکانی (تەشریع و تەنفیزی و قەزائی) دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم، کەی و چۆن و لەکوێ دەبێتە ئەو دەسەڵاتە کەدواتر دەبێتە رەقیب بەسەر سێ دەسەڵاتەکەی ترەوەو بەهەموویان کۆمەڵێکی مەدەنی و دەوڵەتێکی دیموکراسی و نەتەوەییەك یا گەلێکی تەندروست دروست دەکەن.

راگەیاندن کاتێك دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم کەدەسەڵات، دەسەڵاتێکی دیموکراسی بێت و تەواوی ئۆرگانەکانی دەوڵەت سەربەخۆ کارکەن و دەسەڵاتی تەنفیزی دوور بێت لەهەیمەنەو هەژموونی دەسەلاتی دەوڵەت و دواتر دەسەڵاتی قەزائی بەجۆرێك کاربکات کەبتوانێت سەرۆکی دەوڵەت یاخود وەزیر یان ئەندام پەرلەمان راکێشێتە بەردەم دادگاو لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات. ئەوکات رۆژنامەنوسێکیش دەتوانێ نوسینی ستونێك لەرۆژنامەیەکدا بەڕێوەبەرێکی گشتی بگۆڕێت.

لەکوردستانی خۆمان لەگەڵ رسکانی هوشیاری خەڵك لەم چەند ساڵەی دوای شەری ناوخۆو بەتایبەت دوای قرۆسەی ئازادی عێراق بەرامبەر بەنەوو بەخاك و وولات، هاوشان راگەیاندنیش هەنگاوی ناوەو بەتایبە رۆژنامەگەری کوردی سەربەخۆیی زیاتری وەرگرتووە بۆ رووبەروو بونەوەی هەر گەندەڵی و زیادەڕۆییەکی کار بەدەست و خەڵکی ئاسایی.

پێشتر رۆژنامەی هاوڵاتی مۆدێلێکی نوێی لەنوسین و لەرۆژنامەنووس داهێناو تا بەئێستا دەگات کە رۆژنامەو رۆژنامەنووسی سەربەخۆ بەردەوام لەزۆربووندایەو زۆربەی رۆژنامە حیزبییەکانیش لاپەرەیان هەیە بۆ دەربرین و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی جیاواز لەخۆیان و لەحیزبەکانیان.

بەڵام بەگشتی رۆژنامەگەری و میدیای ئازاد لای ئێمە هێشتا زۆری ماوە لەدایك بێت و بتوانێت رووبەرووی دەسەڵات بێتەوە، ئەویش زیاتر بۆئەوە دەگەرێتەوە کەدەسەڵاتی کوری هەمان گرفتی دەسەڵاتی حکومەتە سەردەستەکانی کوردی هەبووەو لەرێگەی چاوو گوێی خەڵکی خوارترەوە شتەکانی پێدەگات و نەیتوانیوە راستەوخۆ تێکەڵاوی هاوڵاتیان بێت. تا دەسەڵاتیش دانەبەزێتە ناو خەڵکەوە، رەخنەو سەرنجی خەڵك بەهەند وەرنەگرێت، نەرۆژنامەگەری و میدیای کوردی دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم، نەدەسەڵاتیش دەتوانێ بانگەشەی دیموکراسی بکات و نەکۆمەڵی مەدەنیش دروست دەبێت.

کە سەرکردەیەك لوتف نەفەرموێ بۆ خوێندنەوەی ستونێك لەرۆژنامەیەکدا، رۆڵی میدیاو رۆژنامە نابێتە رۆڵێکی چالاك و رۆژنامەو میدیای سەربەخۆش لای ئێمە جێگەی پرسیارو گومانەو هەمیشە نیشانەی پرسیاری لەسەرەو بازرگان و سەرمایەدارانی ئێمەش تا ئێستا خۆیان لەقەرەی بابەتێکی لەو جۆرە نەداوەو راگەیاندنیان بەگرنگ نەزانیوە. لەبەرئەوەی ریکلامی کاڵاکانی خۆی بەپارە لە رۆژنامەو تەلەفیزیۆنە حیزبیەکانەوە دەکات و ئیتر کەسیش خەم لە کۆمەڵ و وولات و نەتەوە ناخوات کەبۆ رۆژنامەی سەربەخۆی نییە.!

کاریگەری پەرەسەندنی تەلەفزیۆن لەسەر چالاکیەکانی هۆلیود

ئامادەکردنی: عومەر سەرگەتی

گومانی تێدا نیە، کەخۆرئاوا یەکەمین هێزی داهێنەرە، لەهەموو ئاستە جیاوازەکانی مەعریفەدا، هەر لەسەردەمی رێنیسانسەوە، بیگرە تا دوا قۆناغێك کەبەپۆست مۆدێرنە ناو دەبرێت، واتە ئەم هێزە مەعریفیە دابڕاو نەبووە لەکایەکانی ژیانی مرۆڤو ئاستە فەلسەفی و سیاسی و ئابووری و کلتوری و هونەر.. یەکان.

هەر لەتەوژمە هونەریەکانی ئەم هێزە فرە رەهەندو پەلهاوێژەدا ئاستێکی گەورەو دنیایەکی سەرنج راکێشی وەك هۆلیود سەرهەڵدەداتو دواجار دەبێتە نیشتمانی هونەری فیلم و سینەما.

لەسەرەتادا ئەم ناوە "هۆلیود" وەك دەزگایەکی دیار دەرکەوت، بۆ هەڵسەنگاندنی فیلمەکانی و ئاستە هونەریە جیاوازەکانی سینەما، لێرەوە هۆلیود تەنها بەوەوە نەوەستا کە تەنها سەرگەرمی ئەو فیلمانە بێت کە لەو وڵاتەدا بەرهەم دەهێنرێت و وەچاوی تەنها لەسەر چواردەوری خۆی بێت، بەڵکو سنیەمای میللی وڵاتانی تری ناچار کرد، کە لەژێر چاودێریکردنی هۆلیودا، وەك تاقە پیشەیەك کارە هونەری و فیلمەکانیانی دەست پێبکەن بەم پێیە دەسەڵاتی عەقڵی هەڵسەنگاندنی هونەری هۆلیود تەنها لەناو چوارچێوەیەك و جوگرافیایەکی دیاریکراودا خۆی قەتیس نەکرد، بەڵکو توانی وەك هێزێکی هونەری پەلهاوێژو سنور بیر کاربکاتە سەر هونەرو کارە سینەماییەکانی تری دەرەوەی خۆی، هەروەها هۆلیود جگە لەوەی بوەتە پیشەیەك، کۆمەڵە کۆمپانیایەکیشی ناچار کرد کەکارە هونەریەکانیان لەئاستی فیلمی سینەمایدا، لەناو ستۆدیۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەست پێبکەن، لەو رووەوە پەرەسەندن و پێشکەوتنی کارەکانی هۆلیود گۆڕا بۆ ئاستێك، کەبتوانێت فیلمە سینەماییەکانی لەهۆڵەکان و تەلەفزیۆنەکاندا پەخش بکرێن، چونکە بەر لەسەردەمی پەرەسەندنی تەلەفزیۆن فیلمەکانی لەو هۆڵانەدا نمایش دەکران کەنزیکەی ٦٠٠ کورسیان لەخۆدەگرت بۆ بینەران، ئەمەش تا ئەندازەیەکی زۆر بێ بەش بوونی ئەو هونەر دۆست و بینەرانە بوو کە نەیاندەتوانی ئامادەی نمایشسەکان بن بەهۆی بەرتەسکی و بێ جێی لەهۆڵەکاندا، بەڵام پەرەسەندن و زۆربوونی تەلەفزیۆنی لەدەیەی ساڵەکانی ١٩٦٠ بەدواوە زۆربەی خەڵك توانیان بەبێ ئامادەبوونیانی لەهۆڵەکانی نمایشدا، لەماڵەکانی خۆیانداو لەرێگەی شاشەی تەلەفزیۆنەکانیانەوە هەموو ئەو فیلمانە ببینن کە لەهۆڵەکاندا نمایش دەکران لەرێگەی چالاکیەکانی هۆلیۆدەوە.

بەڵام لەم حاڵەتەدا پرسیارێکی سەرەکی خۆی قوت دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە، دەزگایەکی وەك هۆلیود لەگەڵ پەیدابوون و پەرەسەندنی ڤیدیۆو تەلەفزیۆندا، چۆن توانی قورسایی و گرنگی خۆی لەدەست نەدات، بەڵکو لەمەش گرنگتر توانی وا بکات لەسەرووی ڤیدیۆو تەلەفزیۆنەوە بینەران گرنگیەکی زیاتری پێبدەن؟.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە خوێندنەوەی فرە رەهەندو قوڵ هەیە لەمەڕ چالاکی و کاری داهێنەرانەی هۆلیودەوە، کەگرنگترین کارکردنێك بوو کەهۆلیۆد پێی هەڵدەستا، بەتایبەتی لەسەر ئەو کێشەو گرفت و هەلومەرجە واقعیانەی کەلەفیلمەکاندا گرنگی پێدەدراو بەکورتی دەکرێت هۆکارەکان لەچوار خاڵدا کۆبکەینەوە:

١-بەئەوج گەیشتنی چالاکیەکانی هۆلیود لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاکو نمایشکردنی یەکێك لەفیلمەکانی کەبەگرنگترین فیلم ناوزەد کراوە زۆرترین لێدوان و مشتومڕی لێکەوتەوە.

٢-سەردەمی سەرهەڵدانی ستۆدیۆ گرنگەکانی هەردوو دەیەی سیەکان و چلەکانی سەدەی رابردوو.

٣-سەردەمانی پەخشی تەلەفزیۆنی و هەمەلایەنەو گرنگی لەپەنجاکانی سەدەی رابردوودا.

٤-لەو سەردەمانەدا کەهۆلیود سەرگەرمی فیلمە جەنجاڵ و گرنگەکانی بوو، بەتایبەتی لەناوەڕاستی دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا.

لێرەوە دەکرێت بڵێیت سەرهەڵدانی هۆلیودوو پیشەی سینەما لەوڵاتە یەگرتووەکانی ئەمریکادا، لەکۆبیەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا گەشەی کردوو تا ساڵەکانی ١٩٣٠ دوا بەدوای ئەوە ئەم دەزگایە گۆڕا بۆ کۆمەڵێك پەیوەندی لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکدا واتا لەم ساڵانەدا سەردەمی دەرکەوتنی فیلمی پڕ لەپرسیارو سەرنج ڕاکێش و دیالۆگ ئامێز بوو، ئەمەش بووە مایەی سەرسامی بینەران، لەسەرەتاداو لەساڵی ١٨٩٠دا سینەما تەنها وەك شێوازێکی تەکنەلۆژی تەماشا دەکرد، لەبەرئەوەی سەردەمی گەشەی تەکنەلۆژی بوو، پاشان لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا داهێنەران و فیلم سازان و نمایشکاران هەولێکی زۆریاندا بۆئەوەی مرۆڤە دوو دڵ و بەدگومانەکان ناچار بکەن کەپێشوازیەکی جدی لەسینەما بکەن، دوای ئەوە سینەما وەك هونەرێك پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکاندا پەیدا کردو بازرگانانی فیلم لەکۆمپانیاکاندا دەیانویست سینەما تەنها بەمەبەستی بازرگانی کردن بەکاربهێنن، ئامانجیشیان دۆزینەوەی جۆرە فرۆشتنێکی تازەی فیلمەکان بوو، لەرێگەی ئەو بەرهەمە تازانەوە کە بۆ دڵخۆشیکردنی خەڵکی بەرهەم هێنرابوون. رابرت ئالن ئەوە نیشاندەدات کەهۆڵی نمایشی "ڤادڤیل" یەکەمین هەلی بۆ ئەم بازرگانیە رەخساند سەرئەنجام هۆلیود وەك سەنتەری بڵاوکردنەوەو پەخشکردن و نمایشی فیلم لەجیهاندا ناسرا، پەرەسەندنی سینەمای هۆلیود لەجیهاندا تاسەرەتاکانی سەدەی رابدروو تەواو دروست و کامڵ بوو بەڵام دەسەڵات و هەیمەنەی لەهەموو جیهاندا بەم ئەندازەیە دەرنەکەوتبوو، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ستۆدیۆی نوێو داهێنانی دەنگدا، کۆنترۆڵی هۆلیود لەبازاڕەکانی جیهاندا بێ وێنە بوو هەروەها پێنج کۆمپانیای گەورەی لەبازاڕەکاندا بۆ خۆی دروستکرد کە پێنج کۆمپانیای نمایشکردنی بازرگانی گەورەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوون، وەك "پاراموند"، "لاوز"، "کۆمپانیای دایك کە بە MGM ناسراوە"، "ڤۆکس فیلم" (کەدواتر گۆڕا بۆ ڤۆکسی سەدەی بیستەم).

"هاوڕێیانی ڤارنەر RKO" (کەدواتر سیمی میلمسازی و دابەشکردن و نمایشکردنی گرتە ئەستۆ) ئەم کۆمپانیایانە بەدرێژایی ساڵانی سیەکان و چلەکان فەرمانڕەوای هۆلیودیان دەکردوو لەجیهاندا وەك یەك بازرگانی یەکگرتووی گەورە کاریان دەکرد، بەڵام لەساڵانی هەشتاکاندا کۆمەڵگاکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەهۆی پەراوێزی و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و سەرهەڵدانی رەقیبێکەوە بەناوی "تەلەفزیۆن"ەوە لەئەنجامدا ئەوەی بەئەرشیفی "پارامۆند" دەناسرا دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان "رێکەوتنی پێنج قۆڵی" ناچار کرد کەسینەماکانی خۆی بفرۆشێت و لەناکاو هۆلیودیش رکێفی دەسەڵاتی خۆی لەبازاڕەکانی فیلمدا لەدەست دا، قەیرانی پێشکەوتن و دژایەتیکردنی ستۆدیۆ گەورەکان دروست لەکاتێکدا روویدا، کەبینەرانی سنیەما لەساتەوەختی لاوازی و ئاوابوونی سەیرکردندا بوو لەساڵی ١٩٤٦دا ترۆپکی ئامادەگی هەفتانەی فیلمی سینەمایی بینەران بوو بەڵام دوای ئەمە هۆڵەکانی نمایش هێد هێدی خاڵی بوونەوە لەبینەر لەم کاتەدا دەربارەی ئەم جۆرە قەیرانە قسەو باس و توێژینەوە گەلێکی زۆر لەئارادابوو لەلایەن رۆشنبیران و خەڵکیەوە، کە لەم بارەیەوە بوونی تەلەفزیۆن وەك یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی ئەم قەیرانە دیاریکرا. ئەم حاڵەتە پەرەسەندنی تەلەفزیۆن بوو کە لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە دەستیکرد بەپەخشکردنی ئەو بەرنامە زیندوانەی کەڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەژیانی خەڵکیەوە هەبوو، ئیدی سینەماکان و فیلمەکان کۆچیانکردە ژوورەکان و ماڵەکان لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە بوونە جێگای سەرنجی پرۆگرامە خۆراییەکانی تەلەفزیۆنی، هەربۆیە چوونە سینەما، لەئاستی پێویستەوە گۆڕدرا بۆ کات بەسەربردن و خۆشی شەوان، لەکاتێکدا کەبەرنامە تەلەفزیۆنیەکان هێندە هەرزان بوون کەملیۆنەها ئەمریکی لەماڵەکانیانداو لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆنەکانیاندا دەمانەوە ئەمەش جێگۆڕکێی بینەر بوو لەهۆڵە جەنجاڵەکانی دەرەوە بۆ ماڵەکان و ژوورە تەنیاکان، بەڵام ئەم جێگۆڕکێیە ئەوە فەرامۆشدەکات کەزۆربەی وڵاتە یەکگرتووەکان شەپۆلەکانی تەلەفزیۆنیان نەدەگەشتەلا تاماوەیەکی زۆر ئەم ئاستەنگەی سینەما بایەخ و گرنگی خۆی لەدەست نەدابوو لەو شوێنانەدا، چونکە تا دەیەی پەنجاکانیش زۆرینەی خەڵك تەلەفزیۆنی نەبوو، درست ئەم هەلومەرجە لەوکاتەدا بوو کە بەتەواوی ملیۆنەها کەس وازیان لەچوونە سینەما هێنا بوو لەشوێنەکانی تردا، بەڵام لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە، عاشقانی فیلم و ئەو سینەمایانەی کەپێشینەیەکی مێژوویان هەبوو خاوەنی ئەرشیفێکی بەپێزبوون لەئەمریکادا، دەستیان کردەوە بەکاری نوێ، هەربۆیە بەدرێژایی پەنجاکان و شەستەکان بەرهەمی فیلمەکانیان لەگەڵ کۆمەڵە مەرجێکدا گونجاند، ئەم کارەش لەسەرەتادا لەدووتوێی ئامرازەکانی سینەماو پاشان بەرهەم هێنانی کاری سینەمایی‌دا کە ئەم بەرهەمانە هەرزان و لەتوانای کڕیندابن، لەناو ئەم تۆڕە ئاڵۆزەی داهێنان و راگەیاندنداو لەبازاڕی نوێدا هۆلیودیش لەگەڵ پەرەسەندنی وێنەگرتنی رەنگاورەنگ "ملون" داو (پەردەی نمایش) دا بەرهەمەکانی خۆی لەبەرنامەکانی تەلەفزیۆنی رەش و سپی دا جیا کردەوە، ئەم هۆکارانە بەزیادکردن و ناساندنی "پاناڤیشن" و "فیلمی سێ رەهەندی" و ئەو فیلمانەی کە بەتەواوی ملەوەن بوون کەبۆ ئەو رۆژگارە زۆر گرنگ بوو، لەوکاتەدا کەنەوەیەك پێشوازیکەرو بینەری تەلەفزیۆن بوون، بەتەواوی لەناوچە پێشینەکاندا هۆلیودی بەجۆرێکی تر گۆڕی، چونکە وا پێشبینی دەکرا کە لەپەنجاکاندا ئەمەریکیەکان لەهەر ماڵێکدا تەلەفزیۆنێکیان هەبوو، بەتەواوی هۆلیود دەسەڵاتی خۆی لەدەست بدات.

بەڵام ئەم پێشبینیە وا نەکەوتەوە، چونکە دەزگای هۆلیود کارکردنی خۆی بەپێی گۆڕانی هەلومەرجەکان، گۆڕانی بەسەر شێوازی کارکردنی خۆیدا هێنا، بەڵام لەم حاڵەتەشدا هەرکەوتبوە دوای بەرژەوەندیەکانی خۆی بەڵام لەوکاتەدا کەهۆلیود لەفیلمە جەنجاڵەکان سودی وەردەگرت بۆ جیاکردنەوەی خۆی لەگەڵ تەلەفزیۆندا، لەبەرامبەر پیشەی فیلمیش سەرگەرمی ئاشتبونەوە بوو لەگەڵ تەلەفزیۆندا، ئەم کارەش وەك پرۆسەیەکی بەردەوام، لەگەڵ دەرهێنانی فیلمدا بۆ تەلەفزیۆن دەستی پێکردووە، پاشان پەرەی سەند بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی سریاڵی تەلەفزیۆنی و رووداوی سینەمایی و بەرهەمی ئەدەبی و دیمەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام دواجار ئەم کورتە جەنگە مێژوویەی سنیەماو تەلەفزیۆن و ئاشتبونەوەیان دەمانخاتە بەردەم ئەم جۆرە پرسیارانەوە، ئایا رۆحی هونەری و ئاستە ستاتیکیەکانی بوون ئەم جەنگەی لاواز کرد؟ یان بەرهەم و گۆڕانکاریە بێ وێنەکانی تەکنەلۆژیاو داهێنانی ئامێرە سەرسوڕهێنەرەکانی بوون؟

* * *

زنجیرە ئەڵقەی بەرهەمهێنانی خۆکوژان

ن: تۆماس فریدمان

The NewYork Times

٢٠٠٤/١٢/٩

و: فەیزوڵلا برایم خان

بەڵام ئەوەی بیرمان لێنەدەکردەوە کەلەوێ هەیە خەڵکە کۆکوژەکان بوون، بەڵام هەبوون. لەناو فەرهەنگەکەی مندا PMD ئاماژەیە بۆ (Peophe of Mass Distruction) واتە چەکە کۆکوژەکان. بەڵێ ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکانە لەناو عێراقدا هەبوون. فەشەلی موخابەراتی ئەمریکایی بریتییە لەتێگەیشتنیان لەوەی لەناوی کۆمەڵگەی عێراقیدا چی رویداوە بەدرێژایی دەهەیەك لەسەپاندنی سزاکانی UN بەسەر ئەو وولاتەدا کەبەر لەهێرشەکەماندا لەئارادا بوو، ئەوەشیان کلیلی هەموو ئەو گرفتانە کەلەماوەی دوای عێراقی سەدام رووبەروومان بوەوە.

سزاکانی UN کۆمەڵگەی عێراقی ووردو خاش کرد کەخۆی دارماو بوو بەهۆی شەری هەشت ساڵەی ئێران- عێراق و جەنگ دژ بەکوێت و هەروەها دەرهاویشتەکانی ٣٠ساڵەی حوکمی دڕندانەی سەدام. بەهۆی سەدامیزم و سزاکان خەڵکی عێراقیان داچۆراند لەنەتەوەکاندا کەلە ئەنجامدا زۆر خەڵکی خاوەن بەهرەو توانا ئەو وولاتەیان بەجێهێشت.

بەر لەبەرپابوونی جەنگ، تیمەکەی بوش بەهەموو ئەو کەسانەیان راگەیاند کەئامادەی گوێگرتن بوون کەوا عێراق خاوەنی زیاترین نوخبەی عیلمانیە لەناو وولاتە عەرەبیەکان. ئەمەیان راست بوو. تاکە گرفت و کێشە، لەماوەی ساڵەکانی نەوەدەکان ئەو نوخبەیە بەرەو عومان و دیمەشق و بەیروت و ئەبوزەبی و بەحرێن و قاهیرە کۆچیان کرد کەلەو شوێنانەدا هەروەکو پرۆفیسۆرو مامۆستای مۆسیقاو ئەندازیار کاریان دەکرد.

لەناوەوەی عێراقیش ئەو کەسانەی کەلە دەرەوەی ئیمتیازەکانی بازنەی بەعس بوون، شەتەك و هیلاك بوون. ژمارەیەکی زۆر لەلاوەکانی عێراق هیچ دەرفەتێکیان نەبوو بۆ پەیوەندی کردن بەجیهانی دەرەوەو هیچ کارێکیشیان دەست نەدەکەوت لە وولاتەکەیان بۆیە پەنایان بردە بەر ئایین. سەدام ئەو هەلەی قۆزتەوەو هانی ئەو رەوتەی‌دا بەپرۆگرامی کردنەوەو بیناکردنی مزگەوتەکان لەرێگەی پەردەی ئیسلامدا سەدام وویستی بیکاتە پایەیەك بۆ شەرعیەتی خۆی. لەدەرەنجامدا کاریگەری وەهابیەت لەعەرەبستانی سعودیەوە کاریکردە سەر ناوچە سوننیەکان و ئێرانی ئاینیشی کاری کردە سەر ناوچە شیعەنشینەکان.

ئایا دەزانیت کەهەموو ئەو دەمامکدارانەی لەسەر قەناتی جەزیرە نیشان دەدرێن و چەك بەدەستن و لەپشت سەری هەندێ لەبیانیەکانەوە وەستاون کێن؟ ئەوانە بەرهەمی دوا دەهەی سەدامیزم و سزا نێو دەوڵەتیەکانن. ئەو گەنجانە تەمەنیان دە ساڵان بوو کەسزاکانی UN دەستیپێکرد. ئەوانە ئەو قارچکانەن کە سەدام و سزاکان لەتاریکیدا رووانديان. تیمەکەی بوش هیچ ئاگایان لەوە نەبوو کەئەوان لەوێدا روێنراون.

ئەمرۆ ئەو لاوە عێراقیە سوننە بێکارو رەگ داکوتراوانە گەورەترین گرفتمانن. هەندێکیان زۆر بەروونی و ئاشکرایی بوونەتە بۆمبی خۆکوژ. ئێمە ناتوانین بڵێین ئایا رێژەیان چەندە چونکە بەپێچەوانەی فەلەستینیەکان ئەو خۆکوژە عێراقیانە ناوەکانی خۆیان ئاشکرا ناکەن یاخود وەکو ئەوان فیلمی ڤیدیۆی بەر لەئەنجامدانی کاری خۆکوژی بۆخۆیان ناکەن.

وامەزەندە دەکەم کەهێزەکانی ئەمریکا بەزیاتر لە ٢٠٠ موشەکی ئادەمیزادی هێرشیان کراوەتەسەر بەڵام تائێستاش ئێمە لەوە دڵنیانین ئایا چۆن ئەو خەڵکانە دروست دەکرێن و دەخرێنەگەر. لەو باوەرەدام ئەوەی ئێمە بەرەو رووی بووینەتەوە بریتییە لەو زنجیرە ئەڵقەی خۆکوژی ژێرزەمینی کەپەیوەندیەکی کپ و بێدەنگە لەنێوان بازاری کرین و فرۆشتنی ئاژەڵی قورینەی تاق و دیوارو وەهابیزم.

ئەوانەی ئەو خەڵکانە دروست دەکەن و رێکیان دەخەن ووشەکانی ناو دەم ئینتەرنێت بەکاردەهێنن بۆ ئەو خۆکوژانە بخەنەگەر لەناوەوەی عێراق و جیهانی ئیسلامیدا. هەروەکو زنجیرەیەك ئەوانە دەخرێنەگەرو تەیار دەکرێن دژی ئەمریکاو ئامانجە عێراقیەکان بەشێوەیەکی تاکتیکی.

ئەمەیان بەرێکەت نییە، ئەو بۆمبانە تەوقیت کراون بۆ بەرزترین ئاستی کاریگەری. ئەوە بەو مانایە دێت کەئەو یاخیبووانە دڵنیان لەوەی بۆمب و خۆکوژی تازەیان پێدەگات. ئەمەیان لەبازنەی کرین و فرۆشتنی یاریەکانی پەیکەری ئاژەڵ، کاتێك تۆ بابەتێك لەو شتانە لەبازاری ئارکەنساس دەکریت لەچین یەکێکی تر دەستبەجێ دروست دەکرێت. لەعێراقدا کاتێك خۆکوژێك لەبەغدا دەخرێتە گەر ئەوا یەکسەر یەکێکی تر لەموسڵ یان ریاز دروست دەکرێت.

من ئەو کاتە هەست بەسەلامەتی زیاتر دەکەم کاتێك کەئەو جۆرە کەسانەمان لەناو موخابەراتی ئەمریکادا هەبێت کەبتوانن ئەوە روون بکەنەوە ئایا چۆن نەخشەو خشتەی بەرێوەبردنی ئەو رێکخراوە ئەمنیە کاردەکات.

دوو هەواڵی کەرکوك..

لە: ئارام عەلی ـ ەوە

خولێکی مەشق و ڕاهێنان لەکەرکوك

بەرواری ١٨ تا ٢٠٠٤/١١/٢٢ یەکێتی تۆپی دەستی کەرکوك، بەهاوکاری لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان، نوێنەرایەتی کەرکوك. هەستا بەسازدانی خولێکی (مەشق و ڕاهێنان) بۆ یاری تۆپی دەست، کەتیایدا (مەتین سلێمان) سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی کەرکوك، سەرپەرشتی دەکرد. مامۆستای خولەکە (ئەحمەد مەهدی) ناوبژیوانی نێو دەوڵەتی، خاوەن بروانامەی ماجستێر لەم بوارەدا، وانەکانی تیادا دەووتەوەو باسی لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە یارییە کردوو نوێترین گۆرانکاری و یاساکانی بۆ فێرخوازانی خولەکە ڕوونکردەوە.

* * *

سەنتەری کەرکوك" خولێکی تۆپی پێ و شەترەنج ساز دەکات

بڕیارە بەم زووانە سەنتەری کەرکوکی (ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان)، خولێکی تۆپیپێی (پێنج یاریزانی) لەسەر ئاستی هەندێ لەگەڕەکە (کوردییەکانی) شاری کەرکوك بۆ لاوانی ناوچەکە، سازبدات. هەروەها بۆ خزمەتکردنی زیاتری لاوان و بواری وەرزش لەشاری کەرکوك سەنتەری ناوبراو هەڵدەستێت بەکردنەوەی خولێکی یاری (شەترەنج) لەسەر ئاستی کچان و کوڕان و بەمەبەستی پەرەپێدان و زیندوو کردنەوەی ئەم جۆرە یارییە.

جامی فوتبۆڵی یانەکانی کوردستان

دوای ئەو هەنگاوە هاوبەشەی هەردوو ڕێکخراوە وەرزشیەکەی کوردستان (لیژنەی ئۆڵۆمپی)و (ئەنجوومەنی باڵای وەرزش) بۆ ئەنجامی فوتبۆڵی یانەکانی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش چەند کۆبونوەیەك لەلایەن هەردوو دەزگا وەرزشیەکە کرا، لەکۆبوونەوەی ڕۆژی شەممە ٢٠٠٤/١٢/٤ لەباخچەی بروسکی شاری هەولێر بڕیار درا کە:

١-خولەکە ڕۆژی ٥ شەممە ٢٠٠٤/١٢/١٦ دەست پێدەکات.

٢- ٣٢ یانە بەشداری دەکات، ، لەم ٣٢ یانەیە، ١٧ یانەی لەسنووری چالاکی ئەنجوومەنی باڵای وەرزش و ١٥یانەیان لەسنووری چالاکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان بێت.

٣- ئەبێ سەرجەم یاریکەری یانە بەشداربووەکان کورد بن.

٤- لەناو (١٥) یاریگای شارەکانی (سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، دهۆك، خانەقین، کەلار، کۆیە، زاخۆ، سومێڵ و پێرس) سەرجەم یارییەکان دەکرێ.

٥- یارییەکان لەسەر شێوازی یەکجار دۆڕاندن و هاتن و چوون و کۆی دەرەنجامی هەردوو یارییەکە دەکرێ.

٦- ئەگەر بەخاڵ و بەگۆڵ یەکسان بوون، پەنا ئەبرێ بۆ گۆڵی زیاتر لە یاریگای تیپی بەرامبەردا، ئەگەر لەوەشدا هەر بەرامبەر بوون، ئەوا بەپەنارتی یەکلایی ئەکرێتەوە.

٧- تیپەکان کراون بە چوار گروپەوە.

ئەمەش کات و شوێنی قۆناغەکانی یەکەمی یارییەکانە:

گروپی یەکەم:

ڕۆژی ٥ شەممە ٢٠٠٤/١٢/١٦ کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ:

کەرکوك * سۆلاڤ لەیاریگای سۆلاڤ

سەورە * ئاشتی لەیاریگای سەورە

کەمال سەلیم * داسنیا لەیاریگای ئەزمر

هەر لەم گروپانەڕۆژی هەینی ٢٠٠٤/١٢/١٧ کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ:

شۆڕیجە * کۆیە لەیاریگای کەرکوك

گروپی دووەم:

ڕۆژی ٥ شەممە ٢٠٠٤/١٢/١٦ کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ:

سلێمانی * شەقڵاوە لەیاریگای سلێمانی

ئارارات * حەمرین لەیاریگای ئارارات.

پێشکەوتن * ئاسۆ لەیاریگای هەولێر

پێشمەرگە (هەولێر)* سیروانی نوێ لەیاریگای هەولێر

ڕۆژی هەینیش ٢٠٠٤/١٢/١٧ کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ یارییەکانی هەردوو گرووپی سێ و چوار بەم شێوەیە دەکرێن:

گروپی سێیەم:

هەولێر * ئەزمەر لەیاریگای ئەزمر.

بەختیاری* پێشمەرگە(سلێمانی) لەیاریگای سلێمانی.

شێروانە * ئازادی لەیاریگای کەلار.

خاك * زاخۆ لەیاریگای سەورە.

گروپی چوارەم:

دهۆك * جیهان لەیاریگای دهۆك

برایەتی* مەتین لەیاریگای هەولێر

هەندرێن* هەڵۆ لەیاریگای بروسك

خانەقین * بروسك لەیاریگای خانەقین

ئەمەو کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی شەممە ٢٠٠٤/١٢/١١ لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان پێشوازی لەشاندێکی لیژنەی باڵای وەرزشی کردو لەدانیشتنێکدا لەمەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان بەڕێز (مەلا بەختیار) سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان وێڕای بەخێرهاتن لەووتەیەکی کورتدا پێخۆشحاڵی خۆی دەبری بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزەو ووتی هەردوولامان هەوڵبدەین وەرزش لەکێشە سیاسییەکان دووربخەینەوە، ئەم هەنگاوەش بکەین بەسەرەتای بنیاتنانی وەرزشێکی هاوبەش، پێشنیار ئەکەم کەلیژنەیەکی باڵای وەرزشی هاوبەش بەناوێکی هاوبەش پێك بێنن، کەهەردوولا لەهەموو کارە وەرزشیەکانماندا ڕاوێژیان پێبکەین، لەساڵی ئاییندەشدا ووردەووردە یەکێتییە وەرزشیەکانمان یەك بخەین، چونکە وەك دەرکەوتووە لەبەغدا داومان بۆ ئەنێننەوە، لەمەولا ئەتوانین لەبەغداد دا یەك هەڵوێست و یەك قسەو یەك کردەوە بین بۆ گەیشتن بەئامانجە وەرزشیەکانمان و هیوادارم ئەم خولەش بەباشی سەربکەوێ.

لەبەرامبەریشدا بەڕێز جەودەت نەجار سەرۆکی شاندی لیژنەی باڵای وەرزشی لەووتەیەکی کورتدا جەختی لەسەر قسەکانی سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کردەوەو ووتی با سنوورێك بۆئەو پڕوپاگەندە پیسانە دابنێین کەبۆ هەردوولامان ئەکرێ و کاری هاوبەش بکەین و دامەزراوێکی وەرزشی هاوبەش دروست بکەین، بەجۆرێك کەستراتیژیەتی خۆمان لەبەغداد بەهێز بکەین و وەرزشێکی کوردستانی سەرانسەری بکەین و سوپاسی سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کرد بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە، پاشان چەند لیژنەیەك دانرا بۆ بەڕێوەبردنی خولەکە لەوانە:

لیژنەی سەرپەرشتیارێتی، لیژنەی داوەران، لیژنەی ڕاگەیاندن، لیژنەی پێشبڕکێکان، لیژنەی دارایی، لیژنەی هونەریی، لیژنەی کۆنترۆڵکردن.

جگەلەمەش سێ بڕیاری سەرەکییان دەرکرد کەلەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١-گۆڵێك لەیاریگای تیپی بەرامبەردا بە دوو گۆڵ دەچێ لەحاڵەتی یەکسانیدا.

٢-لەکاتی چوون یەك بوونی ڕەنگی درێسدا، ئەبێ تیپی میوان درێسەکانیان بگۆڕن.

٣-ژمارەی نوسراوی سەرپشتی یاریکەر ناگۆردرێ.

مایکرۆسکۆبی لاپەڕەی وەرزش

* بەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزش و دیدەوانی سەر بەبەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی کەیەکێکە لەدەزگا وەرزشیەکانی شاری سلێمانی، هەتا ئێستا جگەلە هەفتانەی (ڕێوان)و (ئامانج)ی مامۆستایان، هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارو هەفتانەیەکی بۆ نایەت، کەهەقی وایە هیچ نەبێت هەندێ لەو ڕۆژنامانەی بۆ بچووایە، بۆئەوەی کادیرە وەرزشیەکانی ئەم بەڕێوەبەرێتییە هیچ نەبێت ئاگایان لەدەنگو باسی وەرزش بێت.

* بڕیاری هێنانی یاریکەری عەرەب لەهەموو جۆرە یاریەکاندا، هەرگیز بڕیارو خواست و ویستی ڕاهێنەرو وەرزشکارانی کوردستان نییە، بەڵکو خواست و حەزو ئارەزووی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی وەرزشی کوردستانە بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی بەپەلە بۆ یانەکانیان..

* نازانم هەتا کەی بەرپرس و بڕیار بەدەستانی وەرزش بیرێکی ڕاستەقینەوزانستیانە لەیارییە تاکەکان ناکەنەوە؟

* ئەوانەی خەم و خولیاو عەشقی وەرزشیان هەیە، هەر ئەوانە ئەتوانن بەڕاستی خزمەتی وەرزش بکەن، جا چ یاریکەر، چ ڕاهێنەر، چ بەڕێوەبەر، چ داوەر.. هتد، دوایی بن.

خانەقین" میوانداری قارەمانێتی گۆرەپان و مەیدانی چەند تیپێکی کوردستانی کرد

لەژێر دروشمی (با هەموومان پشتیوانی ژنان و کچانی وەرزشکار بین)، پاش نیوەڕۆی دوو شەممە یەکێتی ژنانی کوردستان لەیادی چواردەهەمین ساڵرۆژی دامەزراندنیدا، قارەمانێتیەکی گۆرەپان و مەیدانی بۆ یانەکانی (ڕزگاری خانەقین، سیروانی نوێ، پێشمەرگە، سەورەی کەرکوك، هەڵبژاردەی کەرکوك) ڕێکخست، لەم قارەمانێتیەدا بەڕێز موحسین عەلی ئەکبەر لێپرسراوی مەڵبەندی ١٢ی ڕێکخستنی خانەقینی (ی.ن.ك)و ژمارەیەك لەبەرپرسانی حیزبی و حکومی و وەرزشی و ڕێکخراوەکانی ژنان ئامادەبوون.

سەرەتا قارەمانێتیەکە بەرێ ڕۆیشتنی کەژاوەی کۆمەڵێك لەکچانی شاری خانەقین بەجل وبەرگی کوردییەوە بەبەردەم ئامادەبواندا کەئاڵای ڕەنگاورەنگیان بەرزکردبوەوە، ئەمەش لەگەڵ سروودی (ئەی ڕەقیب) کەتیپی مۆسیقای وەزارەتی پێشمەرگە پێشکەشیانکرد، دوای ئەوە بەڕێز پەیمان عیزەدین ووتاری (ی.ژ.ك)ی بەم بۆنەیەوە خوێندەوەو ئاماژەی بەوەدا کە (ی.ژ.ك) نیازی هەیە بەهاریکاری هەموان یانەیەکی وەرزشی تایبەت بەژنان و کچان دروست بکات، دوای ئەمە پێشبرکێ وەرزشیەکان دەستی پێکرد کەئەمە ئەنجامەکانیەتی:

ئەنجامی کچان:

هەڵبژاردەی کەرکوك یەکەم بوو ٦٩ خاڵی کۆکردەوە.

یانەی وەرزشی پێشمەرگە دووەم بوو ٦٦ خاڵی کۆکردەوە.

یانەی وەرزشی سیروانی نوێ سێیەم بوو ٥٤ خاڵی کۆکردەوە.

ئەنجامی کوڕان:

یانەی وەرزشی سیروانی نوێ یەکەم بوو ٧٨ خاڵی کۆکردەوە.

هەڵبژاردەی کەرکوك دووەم بوو ٦٨ خاڵی کۆکردەوە.

یانەی وەرزشی پێشمەرگە سێیەم بوو ٦٢ خاڵی کۆکردەوە.

- قارەمانی گۆرەپان و مەیدانی کچان:

* شادان عبدالرحمن لەهەڵبژاردەی کەرکوك.
* ناڵە سوپەر لەیانەی سیروانی نوێ.

هەریەکەیان ١٩ خاڵیان کۆکردەوە.

- قارەمانی گۆرەپان و مەیدانی کوڕان:

* موحەمەد بەهجەت لەهەڵبژاردەی کەرکوك.
* ریاز محمود لەیانەی سەورەی کەرکوك.
* شاڵاو فەیسەڵ لەیانەی سیروانی نوێ.
* سەرکان بەکر لەیانەی پێشمەرگە.

هەریەکەیان ١٤ خاڵیان کۆکردەوە.

شایەنی باسە لەنێو چالاکیەکاندا تیپی جومناستیکی هەڵبژاردەی کەرکوك نمایشێکی جوانیان پێشکەش بەئامادەبوان کرد.

لەکۆتاییشدا، بەڕێزان لێپرسراوی مەڵبەندو میوانەکان خەڵاتیان بەسەرکەوتوان پێشکەش کرد.

بارەگای نۆژەنکراوەی یانەی وەرزشی پێشمەرگە کرایەوە..

کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆی شەممە ٢٠٠٤/١٢/١١ لەمەراسیمێکی شایستەداو بەئامادەبوونی بەڕێزان کەمال میران و سەعدی دزەیی و چەندین ئەندامی کۆمیتەی تەنفیزی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و نوێنەری یانەکان کەبەڕێز شێخ جەعفەر شێخ مستەفا سەرۆکی یانەی وەرزشی پێشمەرگەو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن و دەستەی گشتی یانەکە لەپێشوازییاندا بوون، بەڕێز کەمال میران بارەگای نۆژەنکراوەی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی کردەوە کەبەشێوازێکی زۆر قەشەنگ و سەرنج ڕاکێش دروست کراوەتەوەو بووە مایەی سەرنج ڕاکێشانی ئامادەبووان.

ئێران لەهەنگاونانێکی تازەدا بۆ یاری گۆڵف

باشترین یاری ماتۆڕسکیل لە قەتەر

لەحەڤدەیەمین جامی کەنداودا عەممان لە عێراقی بردەوە

کورتیلە باس

چاودێر

شیعەکان .. چۆن زۆرینەی سوننەیان لەگەڵدایە؟

دوای کێشەو بێشەیەکی زۆر، سەرەنجام، بەپێی قسەی ئەندامێکی ئەو لیژنەیەی لیستی شیعەکانو دۆستەکانی لە(لیستی هاوپەیمانی یەکگرتوو)دا، یەکخستووە (٢٠) لایەن هاوپەیمانێتیان کردووە. گرنگترینیان، مەجلسی ئەعلاو باڵێکی دەعوەو کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی (چەلەبی)و حیزبی دیموکراتی نیشتمانی.. هەروا چەند گروپێکی دیکە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەلێدوانەکەدا هاتووە، گوایە: زۆرینەی کوردە سوننیەکان لەگەڵ ئەم لیستەی شعەکاندان.

یەکخستنی ئەو لیستە، دوای دوو مانگ کۆبونەوەو کێشە، ئەوە ناگەیەنێ ماڵی شیعە بەتەواوەتی یەکخراوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە، پرسیارێك دێتەئاراوە کە ئاخۆ ئەو کوردە زۆرینە سوننیانە چ لایەکنو لەکوێن، ئاوا ناویان هەیەو ناوەرۆکیان نیىە؟

ئاشکرایە کەزۆرینەی سوننە لەکوردستانو لەبەغداو موسڵو رومادیو هەنێ شاری دیکەی ناوەڕاستی عێراقدان. حیزبی ئیسلامی عێراق، ناودارترین حیزبی سوننەیە لەناوەڕاستو بەغدای عێراقدا. یەکێتییو پارتیش لەکوردستاندا باڵادەستن. هەیئەتی زانایانی ئیسلامیش کە لەبنەچەدا دژی هەڵبژاردنەو چەتری سیاسی رەوتە تیرۆریستەکانە، ئەمانیش سوننین. ئیتر، زۆرینەی سوننەکان چ لایەکن وا دەگوترێ لەناو هاوپەیمانێتی شیعەکاندا رێك کەوتوون.

ئەو بۆچونە رەنگە تەنها لەسەر هەندێك سەرەك هۆزی سوننە رۆنرابێ کە لەگەڵیاندان. دیاریشە، سەرەك هۆزی ناو هۆزەکانیش لەناو هۆزەکانیشیاندا، یەکگرتوو نین. چ جای ئەوەی هەموو هۆزەکانیان بەقسەیان بکەن.

کەوابێ:

ئەو لێدوانە سەبارەت بەهاوپەیمانێتی زۆرینەی سوننەکان لەگەڵ شیعەکاندا، راست نىیە. بەڵکو بۆئەوەیە لەناو رای گشتىدا وای پشانبدەن کە شیعەکان هاوسەنگیان لەناو پێکهاتەی عێراقدا راگرتووە. هەروا، بۆ لەپەراوێزخستنی سوننیەکانی دیکەیە لەم هەڵبژاردنەدا. چونکە، ئەگەر بەراستی زۆرینەی سوننەکانیان لەگەڵدابوایە، هەڵبەتە دەشیان گوت چەند کورسییان داونەتىو لەناو لیستەکەشدا، لەچ ریزبەندیەکدا دایان ناوون.

ماوەتەوە ئەوەش بڵێین: لەم لیستەشدا، ناوی کوردیان هێناوە، بەڵام ناوی کوردستانیان دیسان باس نەکردووە. کە باسی کوردیش دەکەن، وەکو مەزهەب دەڵێن: کوردی سوننە, ناڵێن گەلی کوردستان، یان بەشێك لەگەلی کوردستان.

جێگری سەرۆك عێراق. . و دەستێوەردانی ئیقلیمی

لەهەفتەی رابوردوودا، جێگری سەرۆکی عێراق (برایم جەعفەری) سەردانی سوریای کردو چاوی بەگەورەبەرپرسانیان، لەپێشەوەدا سەرۆك کۆماری سوریا بەشار ئەسەد کەوت. لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا، گوتی: هیوادارم سوریا بەشداری چەسپاندنی ئاساییشی عێراق بکا، لەرێگەی کۆنترۆڵکردنی سنورەوە بۆ رێلێگرتنی دزەکردن.

ئەو قسانە، بەزمانی دیپلۆماسی، ناڕاستەوخۆ تاوانبارکردنی سوریایە بەوەی هەتائێستا سنووری خۆی کۆنترۆڵ نەکردووە. کە جەعفەری دەڵێ: هیوادارین سوریا، بەشداری بکا لەکۆنترۆڵکردنی سنوور، رێك ئەوە دەگەیەنێ کە هەتا ئەوکاتە ئەو کارەی وەکو پێویستە نەکردووە. هەتا ئێرە، بەوشێوە دیپلۆماسییەی جەعفەری دواوە، قسەیەکمان نىیە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە لەدرێژەی قسەکردنیا لەسەر سوریا، جەعفەری دەڵێ: پەرۆشیو ئامادەییەکی گرنگم لەکاربەدەستە سوریەکان بینی بۆ خێرو پاراستنی سەروەریو یەکێتیەکەی عێراق.. تاد.

ئەم قسانە، هەتاڕادەیەك ناکۆکە لەگەڵ بەشی پێشوی قسەکانی جەعفەری. بۆ؟ لەبەرئەوەی پێشتر لۆمەی سوریا دەکا کە سنورەکەی کۆنتڕۆڵ نەکردووە، پاشتر بەسوریادا هەڵدەدا کە پەرۆشیو ئامادەییەکی گرنگی لێدیون.

دەوڵەتێك.. سنووری خۆی ئاواڵە بکا لەبەردەم تیرۆریستانو بەئارەزووی نەخشەکانیان لەسەر سنوور تەراتێن بکەن، هەروا، هەرچی موخابەراتو ئیستخباراتو گەورە بەزیوەکانی بەعسی عێراقە، بوبنە میوانی بەعسی سوریاو لەناو سوریەوە خۆیان رێك بخەنەوە، بەڵگەشیان لەسەر ئەمە پىدرابێ، دەوڵەتو حکومەتی ئاوا، با هەر بڵێ پەرۆشو ئامادەم، یەکێتیىو سەروەریو ئاساییشی عێراق بپارێزم!! قسەی کۆبونەوە رەسمیەکان شتێکەو کردەوەی سەر سنورەکان شتێکی دیکەیە.

سەیرەکە لەوەدایە، لەهەمان ئەو رۆژەدا کە جەعفەری لەسوریادا دوو سەرە قسەیکردووە، لەلایەکەوە ناڕاستەوخۆ سوریا تاوانبار دەکاو لەلایەکی دیکەشەوە بەرگرییان لێدەکا، لەهەمان رۆژدا (٢٠٠٤/١٢/٧) بەد.بەرهەم ساڵح لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا دەڵێ: بەڵگەی بەڵگەنەویستمان هەیە کە دەوڵەتانی دراوسێ پشتیوانی تیرۆر دەکەن.

لەژمارەی پێشووی (چاودێر)دا و لەکورتیلە باسدا، ناکۆکی نێوان لێدوانی وەزیری ناوخۆی عێراقو د. بەرهەم ساڵح لەسەر تیرۆریستان باسکرا. ئەم هەفتەیەش لەنێوان جێگری سەرەك وەزیرانو جێگری سەرۆك عێراق. ئاخۆ کامیان راستن؟ هەڵبەتە کاتێك کێشەیەك بگاتە سەرئەوەی بەڵگەی بەڵگەنەویست بهێنرێتەئاراوە (وەکو د. بەرهەم) دەڵێ، ئیدی گومان نامێنێ کە ئەم دراوسێیانەی عێراق (بەتایبەتی دوانیان!!) چىدەکەن بۆ تێکدانی عێراق!!!

ئەمریکا .. سوریا بەپشتیوانی کردنی تبرۆریستانی عێراق تاوانبار دەکا

رۆژی چوارشەممە (١٢/٨) رۆژنامەی واشنتۆن پۆست لەزاری بەرپرسانی موخابەراتی ئەمریکاوە بڵاویان کردۆتەوە کەوا: تیرۆریستەکانی عێراق، یارمەتییەکی گەورەو زۆرتریش لەوەی دەزانرا، لەسوریا وەردەگرن. هەروا بەرپرسە ئەمریکیەکە گوتویەتی: مشتێك لەبەعسیە گەورەکانی عێراق لەسوریادان، پارەش لەسەرچاوەی تایبەتی لەسعودیەو ئۆروپا کۆدەکەنەوەو دەینێرن بۆ تیرۆریستەکانی عێراق.

ئەم قسانەی بەرپرسی موخابەراتی ئەمریکا، هاوشان ئەو لێدوانەی سەرەك کۆماری عێراق لە (١٢/٧) کەسوریا تاوانبار دەکات بەپشتیوانی کردنی تیرۆر لەهەمان رۆژنامەدا، هەمان باوەری عێراقو ئەمریکاش لەسەر سوریا کەپشتیوانی تیرۆر دەکەن، لەلایەن پاشای ئوردنەوە (مەلیك عەبدوڵڵا) دوپات کراوەتەوە. ئەمە چی ماوە؟

یەکەم: جێگری سەرەك وەزیرانی عێراق بەڵگەی بەڵگە نەویستی لەسەر دەستێوەردانی ئیقلیمی هەیە (هەڵبەتە سوریا لەوانەیە).

دووەم: سەرەك کۆماری عێراق هەمان تاوان دووپات دەکاتەوە.

سێهەم: مەوخابەراتی ئەمریکی پەیتا پەیتا ئەو راستییانە بڵاودەکاتەوە..

چوارەمیش: چاشای ئوردنیش کە چاك شارەزای کەینو بەینی سیاسەتی ناوچەکەو سیاسەتی ئەمریکاو عێراقیشە، جەخت لەسەر ئەو زانیاریانە سەبارەت بەسوریا، دەکا.

دەکەوا بێ.. سوریا خراوەتە ناو قەفەسی تاوان. هەر ئەوە ماوە حکومەتی عێراق ئەم تاوانو بەڵگانەی بەردەستی ئاشکرا بکا. یان شکات بکا. ئەم تیرۆریستانە لەکونی سوریاوە خۆیان بکەن بە عێراقدا، بێگومان کێشەکەی نزیك کردۆتەوە لەتەقینەوە.

پاشماوەی گفتوگۆو دیالۆگ

لیستی هاوبەشیان هەبێ، هێزە دیموکراتو سوسیالستو چەپەکانیتر لیستی تریان هەبێ، بێ لایەن لیستی تری هەبێ بەڕاستی ئەو لیستە هاوبەشە، وەکو تەزکیەی سیاسی دێتە بەرچاو بوارەکانی دیموکراسی کەمتر ماونەتەوە بۆ هێزەکانی دەرەوەی ئەو لیستە؟

قادر عەزیز: بەڵێ منیش یاسی لیستەکەم هەروا کردووە، باشترین شت ئەوەبوو، پێم وا نیە ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بەعێراقەوە هەیە، لیستی هاوبەش پەیوەندی بەنێوان یەکێتیو پارتیەوە هەیە، واتە مەترسی ئەوەیە کە یەکێتیو پارتی نەتوانن بەتەبایی بەشێوەیەکی دیموکراسی پرۆسەکە سەربخەن، یان بەئاکامەکانی رازی بن، بەڕاشکاوی لیستی هاوبەش لەوەوە هاتووە کەیەکێتیو پارتی هیچ لایەکیان ئامادە نیە دۆڕان قبوڵ بکات، بەڵام ئەو قسەیەی کەجەنابت فەرمووت ئەوە لەهەمووی راستر بوو، ئەوە نەکرا، با باشتر بوو منافەسەیەکی تیابوایە، ئەو مەترسیەی کەهەبوو بەلیستی هاوبەشی یەکێتیو پارتی نەدەما، دەکرا حزبەکانیتر منافەسە بکەن کەبەداخەوە نەیان کرد.

چاودێر: ئەگەر ئێوە حزبێکی دەسەڵاتدار بوونایە، وەکو یەکێتیو پارتی لەهەلومەرجێکی ئاوایا کەمەسئولیەتێکی نەتەوەیی نیشتمانی گەورە هەیە، هەر لایەك لەڕوانگەی خۆیەوە سەیری مەسەلەکان دەکا، جگە لەهاوسەنگیەکی دەسەڵاتو سیاسیو شتێکیتریش لەهەڵبژاردندا، ئێوە دەسەڵاتدار بونایە شتی ترتان دەکرد؟

قادر عەزیز: بەڕاستی گلەییمان لەوە نیە، ئەگەر لەمن بپرسی پێم وایە واقعی ئەمڕۆی کوردستان هەر ئەوەیە کە یەکێتیو پارتی بەیەك لیست دابەزن، چونکە دوو لیستی مەترسی هەیە، خۆمان دەزانین، بەڵام بۆئەوەی پرۆسەکە جۆرێك لەململانێو دیموکراسی تیادا پێ دەکرا لایەنەکانیتریش بەلیستی جیا دابەزن، من کارم بەوە نیە بێگومان یەکێتیو پارتی بەپێی قەوارەی خۆیان رازی نابن لێیان کەم بکرێتەوە، بەڵام چۆنیەتی لیستە هاوبەشەکە یان چۆنیەتی رێکخستنی لیستە هاوبەشەکە ئاوا نەبوایە باش بوو.

چاودێر: توانای هەڵبژاردن کێ ئەیدات بەئێوە، ئێوە تەلەفزیۆنێکی ناوچەیتان هەیە کەبەشی ئەم شەڕە گەورەیە ناکات، شەڕێکی دیموکراسی فراوانە، توانای مادی ئێوە دیارە حزبەکانی وەکو ئێوەو لیستە سەربەخۆکان تواناتان کەمە، هەرچی تواناتان هەیە بەشی شەڕێکی گەورەی ئاوا ناکات، چونکە شەڕێکی سیاسی جەماوەری گەورەیە، واتە ئێوە داواتان کردووە پەرلەمانی کوردستان، حکومەتەکانی کوردستان لەو توانا مادیەی کوردستان بەشتان بوون. خۆ حزبەکان نیە، هی ئابوری کوردستانە، داواتان کردووە شتێکتان بدەنێ، بوارتان بدەن لەتەلەفزیۆنەکان قسە بکەن؟

قادر عەزیز: قوربان سامانی ماڵی کوردستان هی دوو حزبەکەیە، هی کوردستان نیە بۆ ئاگاداریت، چونکە وایان لێ کردووە ئەوە یەکێکیان، دووەم تائێستا هیچ کەسێك کۆمەکی بەئێمە نەکردووە، بەتایبەتی لەڕووی مادییەوە، بەشێك بەتوانای زاتی خۆمان دەکەین، زۆریش پشت نابەستینە سەر ئیعلام بەڕاستی، راستە ئیعلام زەروریە، بەڵام لەکوردستان بۆ خۆمان ئەگەر ئیش لەسەر خەڵکەکە بکەین، بەتایبەتی وەکو زەحمەتکێشان چ قەواعدو خەڵکی خۆی کەپێمان وایە دەنگێکی باش هەیە لەکوردستان، ئەو بێلایەنانەش نفوسو خەڵکێکی باش دەتوانن کۆبکەنەوە ئەوە لایەنە مسۆگەرەکەیەتی، لایەنێکی من پێم وایە ئەو توانایەی ناوێ وەکو یەکێتیو پارتی بچین سەرەتای هەڵبژاردن پارە ببەخشینەوەو نازانم چی، پێویستمان بەوە نیە، پێویستمان بەوەیە ئەوەی کەشانسی لیستەکەمان باشتر دەکات لەو هەڵبژاردنە، ئەوەیە گۆڕانکاری لەبیروڕای خەڵکی کوردستان بووە، بەڕاستی بوونی دەنگی جیا، لیستی جیا، رەنگی جیای پێ باشە لەکوردستان، جا چەند خەڵکی کوردستان بەڕاستی ناڕازیە بەوەی کەکراوە، ئەوانە لەوانەیە شانسێك بدات بەلیستەکەمان. ئەگینا ناچین پارە ببەخشینەوە.

چاودێر: ئاخر پرسیارم ئەوەیە، رەئت چییە بەرامبەر بەوەی کەیەکێتیو پارتی رێك کەوتون ئەگەر یەکێ لەپۆستە سیادیەکانی عێراق دەست کورد کەوێ، بدرێ بەمام جەلال و، سەرۆکی هەرێم بدرێ بەمەسعود بارزانی؟

قادر عەزیز: بێگومان ئەوە شتێکی باشە، دەبوایە پێش ئێستا بکرێ، دەبوایە لەگەڕانەوەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا بکرێ، من پێم وانیە ئێستا گیروگازەکە ئێستا لەوەدایە یەکێتیو پارتی رێکەوتوون، پێشتریش یەکێتیو پارتی رێکەوتبوون، زۆریش هەوڵدرا کە یەکێ لەپۆستە سیادیەکان بدرێ بەکورد نەدرا، بەڵام یەکێتیو پارتی قبوڵیان کرد، ئێستا شتی تازە لەمەسەلەکە چییە، پارتی و یەکێتی بێگومان رێدەکەون لەسەر ئەوە، هەمووشمان رێك دەکەوین لەسەر ئەوە، بەڵام ئایا ئەگەر نەدرا مەوقیفیان چی دەبێ لەسەر ئەو مەسەلەیە؟

چاودێر: سەرۆکی هەرێم پەرلەمان هەڵی ئەبژێرێ نەك جەماوەری کوردستان بڕیارەکە وایە ئەوەندەی بیستومانە، ئەگەر یەکێ لەپۆستە سیادیەکانی عێراق نەدرێ، سەرۆکی هەرێمیش لێرە یەکێتیو پارتی لەسەری رێناکەون، کەواتە زەرورەتی سیاسی سەرۆکی هەرێمی دروست نەکردووە، بەڵکو دیسان تەوزیعی دوو مەسئولیەتە لەبەینی دوو رابەر، واتە ئەگەر ئەوە نەبوو سەرۆکی هەرێمەکەش نابێو هیچیش نابێ.

قادر عەزیز: وەکو ئێستای لێ دێ، ئێستا هیچیان نیە.

چاودێر: باشە واباشتر نەبوو بۆ ئەم دوو بەڕێزە، یەکێکیان سەرۆکی پەرلەمانو ئەوی تریان سەرۆکی حکومەتی کوردستان بونایەو هەردوو حکومەتەکە یەك بگرێتەوە یەك پەرلەمانی یاسایی چاودێری بەهێز ببوایە، باشتر نەبوو لەوەی کەیەکێکیان بچێ بۆ بەغداو ئەویتر لێرە بێ، هەمووشی لەسەر تەوافق بێ، ئەمە ببێ ئەو ئەبێو ئەم نەبێ ئێوایش نابێ، خۆ ئەمیان هەردوکیان مسۆگەرە و هی نەتەوەکەو گەلەکەی خۆشمانە؟

قادر عەزیز: بێگومان وا باشتربوو، کۆنیش هەر ئەوە باشتر بوو، ئێستاش هەر ئەوە باشترە، جێگەی گەورەییو شانازیش بوو بۆ خۆیان، چونکە بەڕاستی گلەییەکی زۆر لەسەر سەرکردەکانی ئێمە هەیە، ئامادەن لەبەغدا پۆستێکی زۆر بچوکتر قبوڵ بکەن بەڵام لەکوردستان بۆ پۆستی گەورەش قبوڵ نەکەن. منیش ئەوەم پێ باشترە.

چاودێر: سوپاس

قادر عەزیز: سوپاس بۆ ئێوە

پاشماوەی گرنگتر لەئەنجامی هەڵبژاردن

کەس گومانی لەوە نیە کە کۆمەڵگەی ئێمە بۆ خۆی هێشتا تازە دەستو پەنجە لەگەڵ دیموکراسیو نەریتو بەهاکانیدا نەرم دەکات، تەمەنی (١٤-١٥) ساڵ فەرمانڕەوایی، ئەگەر بەگۆشەنیگایەکی مێژوویی لەڕوانگەی فیکری سیاسییەوە بڕوانین، ماوەیەکی یەکجار کەمە، بۆ هەر گەلو نەتەوەیەك، چ جای نەتەوەیەکی بێ قەوارەو ژێر دەستەی وەکو کوردو ئەو هەموو دوژمنەی دەوروبەری گرتووە. هەروەك بەحوکمی ئەم مێژووە کەمو نوێیەش لەئەزموونی حوکمڕانی و دیسان دوو ئیدارەییو فەرمانڕەوایش، بەڵام لەچاو خۆیدا، دەکرێ ئەوە بڵێین هەنگاوی باشی ناوە، هەمووی چەند ساڵێکی کەمە، رێکخراوە دیموکراسیو مەدەنییەکان سەرقاڵی جموجۆڵو چالاکیو گەڕانن. هەروەها ئەو زەمینەیەش گرنگە بۆ خۆی ئێمە دەمانەوێ باس لەگۆڕیی عەقڵی سیاسی هێزەکانی بکەین تیایدا کەکۆمەڵگەیەکە هێشتا عەقڵی خێڵو پێگەی کۆمەلایەتیو هۆزگەرایی، کاریگەریی لەسەر پێکاتی فۆرمی حزبەکان هەیەو تاڕادەیەك لەهەندێ باردا کاریگەری خۆی هەیە، دەشێ هۆشیاریی دیموکراسی بۆ خۆی فاکتەرێکی یەکجار پڕ بایەخ بێت لەئاڵوگۆڕە سیاسیەکاندا، رەنگە تائێستا هەموو لایەك تەنها دیموکراسی لەوەدا کورت کردبێتەوە کەدەسەڵات یاخود هێزی دەسەڵاتدار رێگەی لێ دەگرێت چی دەکات یاخود نایکات، بێئەوەی کەهەموو لایەك هەست بکات بەزەرورەتی بڵاوکردنەوەی نەریتی دیموکراسیو هۆشیاریی دیموکراسی، ئەگەرر هەر حزبێك لەسەرەتاوە خۆی رانەهێنا بێت لەگەڵ عەقڵی دیموکراسیو نەریتو بەهاکانیداو حزبێکی دیموکراتخواز نەبووبێت. وەکو ئەوەی کەدیوکراسیەت بەردی بناغەی پێکهێنانی رژێمی سیاسیو کارگێڕیو دەسەڵاتداریتی بێت، بۆئەوەی دەرفەتێك هەبێت بۆ هێزو دەنگو رەنگە جیاوازەکانی دیکەو مومارەسەکردنی ئایدۆلۆجیاکانیان، ئەوا مەحاڵە باس لەپرۆسەیەکی گرنگی وەکو هەڵبژاردن بکەینو بمانەوێت عەقڵی هێزە سیاسیەکان لەگەڵ خۆیدا بگۆڕێت، واتە ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، ئاخۆ ئەم هەڵبژاردنە سەرەتاو دەسپێکێك دەبێت بۆ زیاتر دیموکراسیبونی هێزەکان یاخود هێزە سیاسیەکان.

تا چەند دەتوانن ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەئەنجام بگەیەنن؟. بەڵام بە بڕوای ئێمە عەقڵی هێزە سیاسیەکان دەتوانێ گرەنتی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن وێنا بکات، چونکە هەڵبژاردن عەسایەکی سیحری نیە، بتوانرێ لەڕێگەیەوە هێزە سیاسیکان بات بەهێزێکی پێشکەوتووخوازیی دیموکراتی، بەڵکو خۆئامادەکردن بۆ گۆڕان لەحاڵەتێکی دیموکراسیەوە، بەرەو حاڵەتێکی دیموکراسیىتر بەمانایەکیتر لەعەقڵێکی دیموکراسیەوە بۆ عەقڵێکی کراوەتری دیموکراسی دەتوانین بڵێین هێزە سیاسیەکانمان گۆڕاون، ئەمەش ئەو ئاواتەیە زۆربەمان دەیخوازین، وەکو ئەوەی کەمەحاڵە ئەم پرۆسە گرنگەی هەڵبژاردن لەکوردستاندا، پرۆسەیەك بێت کەجێگەی خەونو ئومێدی هەموو لایەکمان بێت، تاوەکو هێزە سیاسیەکانمان دەسبەرداری عەقڵیەتی کۆمەڵایەتی نەبنو هەڵگری ئەو عەقڵەیتە بن کەسەرجەم قۆناغو برگەو شێوازەکانی هەڵبژاردن دیمورکاسیانە پەیڕەو دەکەنو دواجار پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ئەنجامەکانی بەبردنەوەو دۆڕاندنو ئامانجەکانیشیان لەم نێوەندە لەسەر بنەمای پێوەرە دیموکراسیەکان قبوڵ دەکەن.

پاشماوەی د. بەرهەم گومانی دەستێوەردان ناهێڵێ

کێشەی عێراق لەوەدایە دەستی تێوەردەدرێ. کێشەی دەوڵەتانی ئیقلیمیش لەوەدایە مەترسی گەورەیان هەیە، دەستیان تێوەربدرێ. لەترسی دەستێوەردانی ناوخۆیان، دەستوەردەدەنە ناوخۆی عێراق. ئەمانە، عێراقیان کردۆتە مەیدانی بەرگریلێکردنی خۆیان. ئەویش بەمەقاشی تیرۆریستان، ئاگری شەڕ لەرژێمەکانیان دووردەخەنەوە.

لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانە، مەسەلەی هەڵبژاردن، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. لەم هەڵبژاردنەدا، هەر هێزێك زۆرینە بباتەوە، کە لەو حکومەتانە نزیك دەبن، کە دەست تێوەردەدەنە ناو عێراقو پشتیوانی تیرۆر دەکەن، ئیتر پرۆسەی سیاسی عێراق زۆر خراپ دەئاڵۆزێ. جۆرەها دەرگای مەترسیدار، دەکەوێتە سەر گازی پشت. ئەمیش لەبەرئەوەی:

لەرۆژهەڵاتدا، سەرەنجامی هەڵبژاردنو دەرچوونی هێزی دژەدیموکراتی، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ستراتیژی ئەمریکا دەبێ. لەناو عێراقیشدا، پێش هەمو هێزەکانی دیکە، کوردو کوردستان زیانی پێدەکەوێ. چونکە گەلی کوردستان دوای (١٣) ساڵ ئازادیو دیموکراسیو ئەقڵیەتی حوکمڕانی عەلمانی، زۆر زۆر سەختە بتوانێ لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی دینیو مەزهەبیدا، هەڵبکاو دەستکەوتەکانی بپارێزێ. لەم پێودانگەوە، د. بەرهەم ساڵح، کاتێك قسە لەسەر تیرۆرو بەڵگەی بەڵگەنەویست لەسەر دەوڵەتانی دراوسێ دەکا، لەپشتیوانیکردنی تیرۆریستاندا، هەڵبەتە، بۆچونەکانی بۆ بنەبڕکردنی تیرۆرو داخستنی سنووری هاتوچۆی تیرۆریستان، لەبەرژەوەندی گەلی کوردستانیش دەکەوێتەوە. چونکە، دەوڵەتانی دراوسێی عێراق کاتێك هاوکاری تیرۆریستان دەکەن، سوور دەزانن تێکچوونی عێراق بەو ئاڕاستەیەدا کە شەڕی ئەهلی بقەومێ، یان ئیسلامگەر لەهەڵبژارندا سەربکەوێ، یاخود دیموکراتخوازەکان لاوازبکرێن، بەهەموو ئەو دیوانەدا، یان هەر ئەگەرێك لەو ئەگەرە مەترسیدارانە بێنەدی، گەلی کوردستان لەپێشەوەی عەرەبو شیعەو سوننەو تورکمانیش، زیانی گەورەی پێدەگا. هەر لەبەرئەمەشە دەبینن، جەبهەی تورکمانی نزیکی تەعریبو تیرۆریستانە. بۆیە، زوتر سنورکێشیان بۆ هاوکاریکردنی تیرۆریستان لەسنووری عێراقدا، بەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی بەڵگەی بەڵگەنەویستیان لەسەرە پشتیوانی تیرۆر دەکەن، لەقازانجی خەڵکی عێراق بەگشتیو گەلی کوردستان، بەتایبەتىیە.

بەرپرسیارێتی لەنێوان راگەیاندن، پارلەمان، و بڕیاری کوردیدا

بابان پێنجوێنی

ئەم وتارە رۆژنامەنووسیە دەیەوی راگوزەرانە رۆشنایيەك بخاتە سەر راگەیاندنو پارلەمانو بڕیاری کوردی، و لەم بارەیەوە ئاماژە بەچەند نموونەیەکی سادە دەکا..

لەبەرئەوەی راگەیاندنی کوردی بەگشتی لەبارێکی تەندروست دا نیە لەڕووی بەرپرسیارێتیو ئەخلاقی رۆژنامەنوسیەوە، ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوە کەمیدیای کوردی وەك پێویست ئەرکەکانی رایی نەکاو رەچاوی هاوبەرپرسیارێتی نەکا لەگەڵ دەسەڵاتو ناوەندەکانی تری حوکمڕانیکردنی کۆمەڵگادا..

میدیای کوردی بەگشتی یان بەتەنیا وروژێنەرو دژە دەسەڵات بووە، یاخود زوڕناژەنی دەسەڵاتو ئێمەیشی لەو نێوەندەدا میدیایەکمان دەوێ، کەلەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵات دا رەچاوی هاوبەرپرسیارێتی بکاو بەشداربێ لەچارەسەرکردنی کێشەکانی شەقام دا.

ئێمە گلەیی ئەوە لەپارلەمانی کوردستان دەکەین کەوەك پێویست بەئەرکەکانی هەڵنەستاوەو کارا نەبووە لەچارەسەرکردنی کێشەکانو دواجار چاودێرو هێزی فشار نەبووە بەسەر دەسەڵاتی راپەڕاندنەوە.

پارلەمانی ئێمە کەڕای گشتی کوردی هەڵیبژارد دواجار ئەوە حزب بوو کەبڕیاری دا کێ وەك پارلەمانتار بمێنێتەوەو سنورەکانی قسەکردنیان دیاری بکرێ.

کوا شەڕە مەدەنیو دیموکراسیەکانی ناو پەرلەمان؟ پارلەمانتارێك بۆی گێڕامەوە، و وتی: "ئەوەندە بێزارم لەخەمساردی لەچارەسەرکردنی کێشەکانو واقیعی ئەمڕۆ، بڕوات بێ پارلەمانتارییەکەیش لەبەر بژێوی ژیان دەیکەم دەنا وازم دەهێنا!".

پارلەمانتاری لەوڵاتی ئێمە بووەتە بژێوی ژیان دەنا پارلەمانی ئێمە بۆچی بێدەنگە لەو هەزاران کێشەیەو دارشتنی یاساو بەرنامە بۆ چارەسەرکردنیان؟

چەندین جار وتمان یاسای چاپەمەنی ساڵی ١٩٩٣ ی پەرلەمانی کوردستان سنورەکانی قەتیس کردووەو دەبێ بگۆڕدرێ، پارلەمان هەر گوێیشی لێ نەگرت، و دەیان داوایتر کەپەراوێز خران..

ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کەئەزموونی دیموکراسی کوردستان، ئەزمونێکی سەرپاگیرو باشە بۆ عێراق، کە لەڕاستیدا وا نییە، نمونەیش ئەمەی خوارەوەیە:

هێشتا وەك پێویست ئازادی رۆژنامەنووسی لەکوردستاندا بوونی نییەو راستی ئەم بۆچوونەیشم یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانە کەلێشاوێك حەرامکراوی تیایە، یان لەهەڵبژاردنی پارلمانی ساڵی ١٩٩٢دا رێژەی چوونە ناو پارلەمان (٧٪) بوو کە ئەمە وایکرد زۆر حزبو لایەن نەگەنە پارلەمان، یاخود لەهەڵبژاردنی پارلەمانتار بە "لیستی کراوە" بوو واتا دوای دەنگدان بۆ لیستی لایەنەکان، ئەوە حزبەکان بوون کە بەئارەزووی خۆیان پارلەمانتاریان "تەعین" دەکردو دواتر هەرچ پارلەمانتارێك ئەگەر بەجۆرێك قسەی بکردایە کەبەدڵی حزبەکەی نەبێ، هەرچەند زۆر بەدەگمەن پارلەمانتاری ئێمە بێ دڵی حزبەکەی کردوە، ئەوا حزبەکەی ئەو مافەی هەبووەو هەیە کەلای بەرێزت واتا ئەزموونی کوردستان ئەمڕۆ نەبووەتە ئەزموونێك بۆ سەرتاپای عێراق، و ئێستا لە "بەغدا" بۆ نموونە ئازادیی رۆژمانووسیی، باشتر نەبێ لێرەدا خراپترین، و هەروا لەپارلەمانی داهاتووی عێراق دا هیچ رێژەیەك بۆ چوونە ناو پارلەمانەوە دانەنراوەو لیستی کاندیدکراوەکانی پارلەمانیش "لیسی داخراو" دەبێ، واتا پارلەمانتارە کاندیدکراوەکانی حزبەکان لەپارلەمانی داهاتووی عێراق دا ناتوانن پارلەمانتارەکانیان بگۆڕن، لەحاڵەتێکدا کەئەگەر پارلەمانتارەکانیان بەجۆرێك قسەیان کرد ناکۆك بێ لەگەڵ بەرنامەی حزبەکەیان. هەربۆیە دواجار لەڕێی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەم سیستمە دیموکراسیە بەسەر هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانیشدا سەپێنرا.

ئومێد وایە پارلەمانی داهاتووی کوردستان، پارلەمانتارەکانی ئازایانەتر قسە بکەنو بەرژەوەندیی شەقامی کوردی بخەنە سەرو بەرژەوەندی حزبو بەرژەوەندی تاکە کەسیەوە، و چیتر پارلەمانتاری بۆ بژێوی ژیان نەبێ، کە هەڵبەت ئەم مەنتقە بەسەر هەموو پارلەمانتارێکی کوردستان دا پیادە نابێ.

دەربارەی دەسەڵاتی راپەڕاندنیش، پێم وایە ئەو دەسەڵاتە ئەگەر کارێکی کرد، یان بڕیارێکی دەرکرد کەلەبەرەژەوەندی هاوڵاتیان دا نەبوو، وەك بڕیاری چەند رۆژی پارێزگای سلێمانی بەگرانکردنی نرخی نانو سەمون لە (٥٠) دینارەوە بۆ (٧٥) و (١٠٠) دینار، ئەوا ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانانو هەروا میدیای کوردییە لێی بێدنگ نەبێو بەهەمووم بەشداربین لەکەمکردنەوەی بارگرانی هاووڵاتیانو پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بەئاسانترینو هەرزانترین کرێ.

لەنێوان میدیای کوردیو پارلەمانی کوردیو بڕیاری کوردیدا کەلێنێکی گەورەو دابڕانێکی زۆر هەیە، و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەیش زامنی دیموکراسیو پاراستنی مافەکانی مرۆڤو دابینکردنی خۆشگوزەرانی دەکەن بۆ هاوڵاتیان.

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس
مەلا بەختیار

ستافی کارا
سامی هادی، جەمال حوسێن

نەخشەسازی: جەلیل حسێن ـ ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان، تەها حەمە نوری، ئیبراهیم حسێن

THE OBSERVER

Aweekly Political, Educational & Social Press - Kurdistan - Iraq
No. : (10) -13-12-2004

ناونیشان
سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٢٧١٢٠ -٣١٤٠٤١٦
E-mail
info_chawder@yahoo.com
info_obsever@yahoo.com

نرخی (٢٥٠) دینارە

ئاپووری شەشەم
شەریک شعور

کێی زەلام؟

- کێی زەلام؟
+ مەمکە بە ئەرە ئەر.. حاجی عوسمانم. لەگەڵ حاجیزنا دەمەقاڵێیەکمان بووە. ئەمشەو لێرە ئەنووم.
+++
- کێی زەلام؟
+ خۆتم ل هەڵە مەکە خۆ تۆ مەسئولو شت نیت.. بۆ نامناسیتەوە؟! کە فیراری لە لادێ گەمم خزمەت گردیت؟!!!
+++
- کێی زەلام؟
+ ئەگەر ناسیتینەوە خۆمانین و ئەگەر نەشتناسینەوە هاتووین ماڵەکەت بۆ بخەینە سەر پلێت.
+++
- کێی زەلام؟
+ ئەنگ دەستی شکاوم هەی.. کورە بۆ خاتری خوا رەسمەکەی خۆتم.. هەیە رەسمی خۆی نەناسێتەوە؟!
+++
- کێی زەلام؟
+ بەحسابی تەلەفزیۆنی جزیرە بێت هێزی مقاوەمەی ئیحتیلالم و لای ئێوەش پێم ئەڵێن زەلامی کۆمەلکوژ
+++
- کێی زەلام؟
+ زەلام نیم قوربان.. مەکینەی ماستاوم.. ماستاوی سەفەری
+++
- کێی زەلام؟
+ بێ ئەدەبی نەبێ لە حزورتانا بابایەکی خۆشخەیالم.. بە دوای هینا ئەگەڕێم.. بەدوای ڤانوتا
+++
- کێی زەلام؟
+مەسەلەی کەرکوکم حەیاتم.. هاتووم ترش و خوێم کەن تا دوای ئینتیخاباتەکە
+++
- کێی زەلام؟
+ هەرکەسێک بم موشکیلە نیە.. موشکیلە ئەوەیە لە وای بەیانییەوە ئەگەڕێم و هێشتا ئینسانێکم بەرچاو نەکەوتوە
- جیت بەرچاو نەکەوتوە؟
+ ئینسانی ئینسان و دانیشن بەخێر

ریزویزرسبۆن، پێشبرکێ لەگەڵ نیکۆڵ کیدمان دەکات.. بەدوای خەڵاتی بینەراندا وێڵە..

لەشاری سینەمایی هۆلیۆد ئەستێرەکانی سینەما تیایدا بەخێرایی مووشەک کێبەرکێ لەگەڵ یەکدا دەکەن.. ئەکتەری بەتوانا (ریزویزرسبۆن) توانی سەرکەوێت بۆ ئاسمانی ئەستێرە ناودارەکانی سینەما، بەئامادەبوون و لەبەرچاوی (نیکۆڵ کیدمان)و (تشارلزی سینەمای ئەمریکی) هەڵبژێردرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی بینەران. (ریزویزرسبۆن) لەئێستادا سەرقاڵی بەشداری کردنە لە دوو فیلمی تازەدا ..

ئا: سێڤاف

تێکشکان

خوێندنەوەی حەمە هاشم

هیچ بەربەستێک نیە لەبەردەم سنووری رووخسارەکانی ئەو پەیکەرانەی کە گوتاری ئەو گوزارشتە جوانەیان لەخۆ کۆکردۆتەوە.. گوزارشتێک کە سەرجەم چەمکەکانی ژیان و مردن و بەردەوامێتی داگیر دەکات..
ئەم حاڵەتە لەکارە هونەرییە بەرجەستەکراوەکانی هونەرمەند (بورهان سابیر) دێتە بەر دیدەنیمان و سەرنجەکانمان بەلای خۆیاندا پەلکێش دەکەن. دۆزینەوەی ئەو بەهایەو رەوانبینی شێوەکە بەو حاڵەتە، هێزێکی بەرفراوان و نیگایەکی هەمەلایەنەی دەوێ، کە لەپشتیەوە هێڵێک هەبێت لە مەعریفەی ئیستاتیکی و سەرنجێکی وردی گەرەکە بۆ ئەندازەکردنی شێوەکانی لەگەڵ قەبارەو فەزاو هەناسەکانی جوڵەدا.
ئەم بەرهەمە هونەریە بەرجەستەکراوە، یەکێکە لەو فیگەرە تێکشکاوانەی کە (بورهان سابیر)ی هونەرمەندی پێناسراوە، بەرهەمەکە قەبارەیەکی شێواو لەخۆیدا دەخاتە روو، لەتەکنیکیشدا تایبەتمەندی

خۆی هەیە، ئەم پەیکەرە دوورە لەو ماددە تەکنیکیە باوانەی کە لەکاری پەیکەرسازیدا بەکار دەهێنرێت، ئەزادی ئەو تەکنیکە ئاوێتەکردنی چەندەها ماددەی جۆراوجۆرە لەگەڵ هاراوەی بەردە رەنگاو رەنگەکانی کوردستان کە ئەمە بۆ خۆی داهێنانێکی مەزنە لەبواری دۆزینەوەی ماتریاڵی جیاواز جگە لەوەی کە لەرواڵەت و فۆرمی بەرهەمەکانیشەوە جوانیەکی بایەخدارو بێسنوور نیشان دەدات، رەنگ لەکارەکەدا دیسانەوە جێگای بایەخێکی دیکەیە، ئەم رەنگە سەوزە تۆخو پەڵە پەڵەیە لەجەوهەری کارەکەدا بەقووڵایی خۆی تۆخ دەبێتەوەو خزمەتێکی فراوانیشی بەفۆرمەکەی بەخشیوە..
(سابیر) دەیەوێت لەرێگای ئەم دەمو چاوە شێواوانەوە گوزارشتێکمان نیشان بدات، لەرۆحی پڕ لەحەژمەت و پەژموردەی مرۆڤی کورد، مرۆڤێک کە لە ئاتۆمێدییەکی گەورەدا دەژێت.

ئەو ئافرەتانەی لەدووی ئازادی دەگەڕێن



(تیناس دغیدی) ئەو ئافرەتە سەرکێشو هونەرمەندە سینەماکارەی وڵاتی میسرە کەلە وڵاتی خۆیو وڵاتانی تری عەرەبیدا جێگەی باس و نارەزایی دەربڕینە. ئەویش بەهۆی ئەو بیروبۆچوونە ئازادەکانی سەبارەت بەکێشەی ژنان کەلەفیلمەکانیدا بەرجەستەیان دەکات. دغیدی پێش چوار ساڵ بەر لەئێستا (خەڵاتی هەرەمی ئالتونی) بەدەست هێنا بۆ فیلمەکەی (بیرەوەرییەکانی هەرزەکاری) پێش چەند رۆژێکیش بەر لەئێستا فیلمە تازەکەی دغیدی (ئەو ئافرەتانەی لەدووی ئازادی دەگەڕێن) لەچوارچێوەی فیلمەکانی فێستیڤاڵی (قاهیرەی نێودەوڵەتی سینەمایی)دا پیشان درا. ئەم فیلمە وەک هەموو کارەکانی تری ئەم ژنە دەرهێنەرە سەرکێشی و ئازایەتییەکی گەورەی لەپشتەوە بوو لەدەربڕینی کێشەکانی ژنان و هەروا بەدوای پیشاندانەکەش بووە جێی دڵەراوکێو نارەزایی بەشێک لە هونەرمەندە موحافیزکارەکان.
فیلمی ئەمجارەی دغیدی دەرچوونێکی ئاشکرابوو لە شێوەکارکردنێکی مەئلوف و باسگەلێکی وەک سەرکوتکردن و چەوساندنەوەو چەپاندنی ئازادییەکانی ژنی کردبووە بابەتی ئەم فیلمە تازەیەی.
فیلمە تازەکەی دغیدی هونەرمەندی سیناریست (رفیق الصبان) سیناریۆکەی لە رۆمانی (دارستانێک لەدرک)ی رۆماننوسی سوری (هدی الزین)ەوە بۆ ئامادەکردبووە.
لەفێستیڤاڵی ئەمساڵدا بەتەنها فیلمەکەی دغیدی و فیلمێکی تری دەرهێنەری میسری (خالد یوسف) کەفیلمی (تۆ ئەمەنی)بوو نوێنەرایەتی فیلمەکانی وڵاتی میسریان کرد.

تایەر لەئینتەرنێتەوە

"سپی تر" سپیتر دەرهێنراوە

گۆڤاری "سپی تر" گۆڤارێکی ئەدەبی. رۆشنبیری. هونەرییە، سەرنوسەرەکەی ئامانج عەزیز کەندی و خاوەن ئیمتیازەکەشی(نارەندی ژیوەر)ە. بەهەزار کولەمەرگی سێ ژمارەیان لێدەرکردبووە. ئەوا (٤و ٥) پێشیان گەیاندۆتە چاپ.
سپی تر، خەمخۆرەکانی زۆرتر نوسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستانن. بایەخ بەبابەتی ئەدەبیو روناکبیری دەدەن. ئەم ژمارەیەی سپی تر، لەفۆرمو ناوەرۆکدا، سپی تر لەژمارەکانی پێشوو خەمی خوراوە. فۆرمێکی جوانو رەنگی بەرگی گۆڤارەکە، مەنگر ئاسوودەبەخشە. مۆنتاژی سەرنجراکێشە. بابەتەکانیشی چەشناوچەشنە. زمانو قەڵەمی روناکبیری زاڵە بەسەریا.(٣٠) لاپەرەی تەرخانی "راڤە"کردنە (٧ – ٣٧)، (٣٢) لاپەرەی دوای ئەوە بۆ رتارە،(٦٨ – ٣٧)(٢١) لاپەرەی دیکەی بۆ وتووێژ (٨١ ٦٩) (٢٤) لاپەرە بۆ چیرۆک–١٠٥ (٨١) (١٤) لاپەرە بۆ شیعر، (١٠٥– ١١٩) باقی لاپەرەکانیشی کە(٢٨) لاپەرەیە (١١٩– ١٤٧) تەرخانکراوە بۆ بابەتی فەلسەفیو هونەری جۆراوجۆر. ئەم دابەشکردنەی لاپەرەکانی رۆژنامەکە، خۆیلەخۆیدا دەیسەلمێنێ کە خەمی نوسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش، لەخەمی زاڵکردنی شیعرو ئەدەبەوە، هەڵفڕیووە بۆ خەمی فکرو فەلسەفەو لێکدانەوە. ئەمەش نیشانەیەکی دڵخۆشکەرەیە، دیارە بەبێ فەرامۆشکردنی ئەدەب.. بەئەندازەی پێویستی خۆی.
دەستخۆشی لەنوسەرانی سپی تر دەکەینو ئومێدەوارین، گۆڤارەکە، هەتادەکاتە تار زێنگەی سروشتی خۆیو لەباشوورەوە دەگوازرێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، بتوانێ سەرچاوەیەک بێ لەسەرچاوە جوانەکانی بەرهەمی داهێنراوی دیموکراتخوازی سەردەم. ئەو پەیامەی بۆ دوارۆژیش هەیەتی، دوور لەتێزە بڕیپڕزەکان، بتوانێ بیگەیەنێتە جێ. هەتا میوانی ئازیزی باشووری کوردستانیشە، بتوانێ ئەو ئامانجانەش بەدیبێنن، بەدڵی خۆیان، هەروەکو دەڵێن: بەشێک لەکاری سپیتر ئیشکردنە بۆ خەملاندنو برەنەسەرەوەی ئاستی ستانداری گۆڤاری کوردی لەرووی هونەریو جوانناسیو فۆرمەوە. بەهیوا.. وەڵێن.. هەتا لەباشووریشن، با کەڵک لەلایەنی زمانو رێزمانو داڕشتنی رستەو تایبەتمەندییەکانی پاراوی زمانی کوردی باشتر وەربگرن. ئەمیش هەر بەهیوا.



بابەنوێل بۆ منداڵان سوود بەخشە

باسێکی ئامادەکراوی پزیشکە دەروونیەکان کەبڵاوکراوەی (بسیکیاتریک) ژمارەی تایبەتی خۆی لەمانگی دیسەمبەر بڵاویکردەوە تیایدا هاتووە کەباسکردنی (بابەنوێل) یان (سانتا کلوز) بۆ منداڵان کارێکی سوودبەخشەو لەهۆشیاندا چەمکی (چاکە)و (خراپە) دەناسن.. خاتوو (لیندا برین) کەپزیشکێکی نەخۆشخانەی (درهای) منداڵانە لەشاری لیڤەرپول دەڵێت. باسکردنی کەسایەتی (بابەنوێل) بۆ منداڵان ئاکامێکی پەروەردەی باش بەرهەم دەهێنێت بۆ خێزانەکان چونکە ئەوە گەشەی ئاکاری لای منداڵان ئەدەدات بەوەی کەپێیان وایە (بابەنوێل) دەزانێت کام منداڵە باشەو کامی تر خراپە. هەر لەمیانەی ئەوباسەدا (د. مارک سالتێ) پسپۆر لەنەخۆشیەکانی دەروونی لەنەخۆشخانەی هۆمرتۆن لەشاری لەندەن دەڵێت: بەداخەوە گرنگی ئەفسانەو ئەلیسمەکانی بەگشتی و ئەفسانەی (بابەنوێل) بەتایبەتی پشت گوێ خراوە لەنێو کۆمەڵگەکاندا و لە جێگایان عەقڵانیەت لەریزی پێشەوە جێگەی گرنگی پێدانە.

پاراڤا

هیوایەک بۆ توشبووانی شێرپەنجەی خوێن

چەند رۆژێک بەر لەئێستا کۆمەڵێک زاناو توێژەرەوە رایانگەیاند کەدەرمانێکی تازە داهێنراوە بۆ چارەسەری توشبووان بەنەخۆشی (شێرپەنجەی خوێن) (لوکیمیا) ئەرانەی کەدەرزی (جلیفیک) نەیتوانیوە چارەسەریان بکات.. ئەو دەرزییە تازەیەی کەکۆمپانیای (بریستول مایرز سکویب A.D) بەرهەمی دەهێنێت، توانیویەتی ئەو نەخۆشیە لەلای (٦٨%)ی نەخۆشەکان کەبەکاریان هێناوە، برەوێنێتەوە. ئەمەش بەواتای ئەوەیە کەنەخۆشی شێرپەنجەی خوێن تیایاندا بەرەو نەمان دەچێت.. پزیشکەکان لەکۆبونەوەی (کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ توێژینەوەی خوێن) لەسان دیگۆ رایانگەیاند کەئەمە بەتەنها هەنگاوی یەکەم بووە بۆ دڵنیابوون لەبێ زیانی بەکارهێنانی ئەو جۆرە دەرمانە. لەگەڵ ئەوەشدا ئاکامەکانی زۆر دڵخۆشکەر بوون. (ئالان کینیبرج) جێگری یەکەمی سەرۆکی (کۆمەڵەی توێژینەوەی خوێن) کەهاوکاری کرد لە چاودێریکردنی توێژینەوەکە دەڵێت: بەراستی ئەمە داهێنانێکی جوانە، گیانی کۆمەڵێکی زۆر لەمرۆڤەکان رزگار دەکات. چەند مانگێک بوو هەواڵی ئەو داهێنانە گەورەیە دەبیسترا، چونکە پسپۆرەکانی ئەو بوارە لەقۆناغەکانیدا داهێناندا بەردەوام سەرسامی خۆیان بۆ ئاکامەکان پیشان دەدا.
ئێستاش هیادارن ئەم دەرمانە تازەیە رێخۆشکەر بێت بۆ چارەسەری تەواوەتی هەموو جۆرەکانی نەخۆشی شێرپەنجە. ئێستا تاقیکردنەوەکان لەسەر تووشبووان بە (لوکیمیای درکە مۆخ) ئەنجام دەدرێت. ئەمەش ئەو جۆرەیە کەساڵانە (٤٤٠٠) کەس لە وڵاتە یەکگرتووەکانو (١٠٠٠٠) کەس لەجیهاندا تووشی دەبن. ئەو داهێنراوە تازەیە ناسراوە بە (B.M.S ٣٥٤٨٢٥)و تائێستا لەکۆی (٣٦) نەخۆش (٣١) کەسیان ئاکامی باشیان هەبووەو جەستەکان لەبەرهەمهێنانی خانەکانی شێرپەنجەی خوێن وەستاون و ئەم رێژەیەش دەکاتە چارەسەرکردنی ٨٦%ی تووشبووان.

ڕێدوان

یەکەمین وانەی د. کەمال مەزهەر لەیەکەمین کۆلێژی زمان - خانەقین

لە هەنگاوێکی گرنگی زانکۆی سلێمانیدا، ئەمساڵ بۆ یەکەمین جار لەمێژووی خانەقیندا، کۆلێژی زمان کرایەوە. کردنەوەی کۆلێژەکە لەلایەن خوێندکارو خەڵکی خانەقینەوە، پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. بۆ مانگێک دەبێ کۆلێژەکە بەرەسمی دەوام دەکا.
کردنەوەی ئەم کۆلێژە، لەلایەن پرۆفیسۆرو دکتۆرە خەمخۆرەکانی کورد، پشتیوانیەکی باش کراوە. سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی هەرزوو کارمەندو فەرمانبەرو پرۆگرامی وانە وتنەوەو بەستنەوەی بەسیاسەتی زانکۆوە، پەسەند کرد. هەروا، لەلایەن پرۆفیسۆر د. کەمال مەزهەرو پرۆفیسۆر عەبدولرەحمان حاجی مارفو پرۆفیسۆر نەسرین فەخرییەوە، گفتی کوردانەیان دراوەتێ بێ دریغی خزمەتی کۆلێژەکە بکەن. رۆژی ١٢/٤پرۆفیسۆر د. کەمال مەزهەر، گفتی خۆی بەجێ هێناو گەیشتە کۆلێژەکە. بەگەرمیو چەپڵەرێزان پێشوازی لێکرا. لە هەردوو بەشی کۆلێژەکەدا وانەی لەسە رۆژنامەگەری وتەوە. بڕیاریشی داوە هەموو چوار شەممەیەک وانە بڵێتەوە. شایەنی باسە، لەمیانی قسەکانیدا، وتویەتی: لەهاوینیدا کە یەکەمین جار کۆڕیم لەخانەقیندا گێڕا، جۆشخواردنی کوردایەتی خەڵکەکەیم بۆ دەرکەوت و بەڕاستی کوردایەتی پاک دەکەن.